# ڕۆژنامە ٧

www.rozhname.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.521 Wed 29/ 7/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 521 چوارشەممە 29/ 7/ 2009





پارتیو یەکێتی بە هەڕەشەی دەرکردن...

د. نیکۆلاوس براونس ل٨-٩



نا بۆ حکومەتو پەرلەمانی تەزویر

ڕێبین هەردی ل١٣


# هێرشی دەسەڵاتدارانی هەرێم بۆ سەر ئۆپۆزسیۆن لەجیهاندا دەنگدەداتەوە

ڕۆژنامە

هێرشەکان بۆ سەر بنکەی لیستی گۆڕانو خزمەتگوزاریو چاکسازی لەگەڵ کێشەی ساختەکاریی بوونەتە مانشێتی زۆرێک لە ڕۆژنامەو ئاژانسە هەواڵییە جیهانییەکان، ئەمە جگە لە باسکردنی داهاتووی سیاسەتی کوردی بەرامبەر بە بەغداو گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق بەهۆی پەیدابوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزەوە.

میدیاکانی جیهان ئاماژە بە گۆڕان دەدەن لە سیاسەتو پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمە جگە لەوەی هەندێکیان بەوردیی بەدوای دوا هەواڵدا دەگەڕێن، کە وەک کاردانەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بڵاوبکرێتەوە.

یەکێک لەو ئاژانسە هەواڵییانەی کە ڕۆژانە زیاد لە ڕاپۆرتێک دەربارەی بارودۆخی کوردستان بەتایبەت هەڵبژاردنەکان دەکات. (ئەی.ئێف.پی)یە، دوێنێ لە چەند ڕاپۆرتێکدا باسی ساختەکارییو هێرشەکانی دەسەڵاتی کرد بۆ سەر چەند لیستێکی جیاواز.

ڕۆژنامەی (فیلادەلفیا ئینکویرەر) باس لە ئەگەری گۆڕانی سیاسەتی کورد بەرامبەر حکومەتی ناوەندی عێراق دەکات بەهۆی سەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمدا. ڕۆژنامەکە دەنووسێت: سەرکەوتنی جێی سەرسوڕمانی ئۆپۆزسیۆن، بێئومێدبوون کە بەهۆی بوونی گەندەڵی دروستبوو، دوورنییە سیاسەتی حکومەتی هەرێم بەرامبەر کێشەکانی کەرکوکو ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە بگۆڕێت.


زانیاری زیاتر لە ل٧دایە




بەردەم بارەگای م.س-ی یەکگرتووی ئیسلامی لە کاتی گرژییو ئاڵۆزییەکاندا

فۆتۆ: سایتی یەکگرتوو

## بۆچی سەرۆکی حکومەت داوای لێبوردنی لە لیستی گۆڕان نەکرد؟

شارا عەبدولڕەحمان

دوای هێرشی لایەنگرانی لیستی کوردستانی بۆ سەر بارەگاکانی لیستی گۆڕانو مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامییو مەکتەبی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی لە هەولێر، لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی حکومەت داوای لێبووردنی لە کۆمەڵو یەکگرتوو کرد، بەڵام سەردانی لیستی گۆڕانی نەکردو داوای لێبووردنی لێنەکردن.

دوای ئەوەی لە هەولێرو دهۆک لەلایەن لایەنگرانی لیستی کوردستانییەوە هێرشکرایە سەر بارەگاکانی لیستی گۆڕانو تەلەفزیۆنی KNNو ماڵی پاڵێوراوێکی لیستی گۆڕان لە زاخۆ، مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو نووسینگەی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم سەردانی هەریەک لە ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی کردو بە ڕەسمی داوای لێبووردنی لەو کارە ناشارستانییەی لایەنگرانی لیستەکەیان کردو بە کارێکی ئاژاوەگێڕ وەسفیکرد، بەڵام سەرۆکی حکومەت لیستی گۆڕانی جیاکردەوەو سەردانو داوای لێبووردنەکەی ئەو لیستەی نەگرتەوە، ئەمە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی کە بارەگاکانی لیستی گۆڕان زیانێکی زیاتری لە بارەگاکانی یەکگرتوو و کۆمەڵ بەرکەوتبوو، هاوکات کاندیدێکی لیستەکەش بەهۆی هەڵکوتانە سەر ماڵەکەی، شاری دهۆکی بەجێهێشتوو ڕوویکردە سلێمانی.

محەمەد خۆشناو، سکرتێری ڕۆژنامەوانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەردانیکردنی بارەگاکانی لیستی گۆڕانی لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە بە پێویست نەزانیو وتی: «پێمان باشبوو کە سەرۆکی حکومەت لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا داوای لێبووردنی لە هەر سێ لایەنەکە بکردایە، بەڵام لە سەردانەکەیدا بۆلای یەکگرتوو و کۆمەڵ داوای لێبووردنی لە سەرجەم ئەو لایەنانە کردووە کە بەر هێرشەکانی لایەنگرانی لیستی کوردستانی کەوتوون بە لیستی گۆڕانیشەوە».

بەپێچەوانەی سکرتێری ڕۆژنامەوانی سەرۆکی حکومەتەوە، سەفینی مەلاقەرە ئەندامی کەمپەینی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان لە هەولێر، بە باشی دەزانێت کە نێچیرڤان بارزانی قسەی لەسەر هێرشەکانی سەر لیستی گۆڕان هەبوایەو سەردانی ئەوانیشی بکردایە، هەروەک وتی: «ئەرکی پاراستنی لیستەکانو بارەگاکانیان لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمدایەو پێویستە لەکاتی بوونی هەر هێرشێکدا بۆ سەریان، بەبێ جیاوازیکردن لەنێوانیاندا قسەی خۆی بکات»، بەڵام بەبڕوای سەفین، «لەوانەیە سەرۆکی حکومەت لە یەکێتی هاوپەیمانی بترسێت کە سەردانی بارەگاکانی لیستی گۆڕانی نەکردو بە ڕەسمی داوای لێبوردنی لێنەکردین، هەروەک چۆن لە یەکگرتوو و کۆمەڵی کرد، ئەمە لەکاتێکدا پێویستبوو لیستی گۆڕانیشی جیانەکردایەتەوە».

## دەرکردنی کارمەندانی حکومیی لەدوای هەڵبژاردنەکانیش بەردەوامە

ئارام نەجیم، ڕۆژنامە

لەدوای تەواوبوونی دەنگدانی هێزەکانی ئاسایشو پۆلیسو پێشمەرگە، ژمارەیەک لە هێزەکانی بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی شارەزوور بەبیانووی دەنگدانیان بۆ لیستی گۆڕان، دەردەکرێن، هاوکات وەزارەتی پێشمەرگە دەستیکردووە بە بانگکردن بۆ لێپرسینەوەو ئیجرائاتکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە گومانیان لێدەکرێت دەنگیان بە لیستی گۆڕان دابێت.

لەمبارەیەوە تاریق ئەبوبەکر، مفەوەزی ئاسایش بە ڕۆژنامەی وت: «ئێمە زیاتر لە شەش مفەوەزو پۆلیس دەبین لەدوای هەڵبژاردنە تایبەتییەکان لەلایەن بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی شارەزوورەوە پێمانڕاگەیەنرا کە بچینە ماڵەوەو هۆکاری دەرکردنەکەشمان بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە زۆرینەی هێزەکانی ناوخۆ لە سنوورەکە دەنگیان بۆ لیستی گۆڕان داوەو ئەم شەش کەسەش بە بەرپرسی ئەو شکستە دەزانن کە لە دەنگدانەکەدا بەدەست هێزەکانی ئاسایشو پۆلیس خواردوویانە».

تاریق ئەبوبەکر وتیشی: «لەپاش دەرکردنم زۆرینەی ئەو ئاسایشانەی لە بنکەی ئاسایشی سیروانن بانگکراونو سوێندو تەڵاقیان پێ خواردن بزانن دەنگیان بە کێ داوە».

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەک لە وەزارەتی پێشمەرگە ڕوونیکردەوە، لێپرسینەوەکە لەلایەن بەڕێوەبەری ئاسایشی وەزارەتەوە ئەنجامدەدرێتو تائێستا چەندین کەسیان بانگ کردووەو لەو میانەیەشدا لەماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا (ر.ع)یان لە پۆستەکەی گواستووەتەوەو سەربازێکیشیان بەناوی (د.ع) گواستووەتەوە بۆ دۆڵەبەفرە.

بەپێی وتەی سەرچاوەکە هەواڵگریی نهێنی بەناو سەربازەکانی پاسەوانی سنووردا بڵاوکراوەتەوەو هەواڵ لەو کەسانە دەدەن کە دەنگیان بۆ لیستی کوردستانی نەداوە.

دەرکردنو پلە لێسەندنەوەو گواستنەوەی پیاوانی حکومەت لەو کاتەوە بەردەوامیی هەیە کە لیستی گۆڕان ڕایگەیاند بەشداری لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا دەکات.


پارتی خۆی لە گرژییو ئاڵۆزییەکانی هەولێر دەدزێتەوە ل٢

وەزارەتی پێشمەرگە ئاگاداری سلێمانیو چەمچەماڵ نییە ل٣

عەرەبو تورکمانەکانی کەرکوک دژی دانانی پەیکەری... ل٤

دەتەوێت یەکەم کاری پەرلەمانی نوێ چی بێت؟ ل٥

لیستی کوردستانی کورسی مەسیحییەکانیش بۆ خۆی زەوت دەکات ل٦

لیستی کوردستانی خەڵکی هەولێر تووڕەدەکات ل١١

# ـــــە ڕاستییەکان
# ـــــەکانی هەولێرو دهۆک دەدزێتەوە



فۆتۆ: AP

سەر دەسەڵاتدارانی کوردستان بۆ خاوکردنەوەی ئەو گرژییە، کە پارتی دیموکراتی کوردستان دروستیکردووە، هەروەها گوشار بخرێتە سەر کۆمسیۆن بۆ بەتاڵکردنەوەی دەنگە تەزویرەکان».

سەرەڕای بارەگاکانی لیستی گۆڕان چەند بارەگایەکی یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیش کەوتوونەتەبەر پەلامارو فشاریان خراوەتەسەر لەلایەن هەمان ئەو هێزانەی کە لە هەولێرو دهۆک هێرشیانکردە سەر بارەگاکانی لیستی گۆڕان، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە دوو پرێس کۆنفرانسی جیادا لەگەڵ هەریەکە لە سەلاحەدین بەهادین، ئەمینداری یەکگرتوو، عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، تاووتوێی گرژییەکانیان لەگەڵ ژمارەیەک کەناڵی ڕاگەیاندندا کرد.

سەرۆکی حکومەتی هەرێم وتی: «جێگەی داخە کە بەتەقەی خۆشی ١٢-١٣ کەس بریندابێت، ٣ کەسیش بکوژرێت، ئێمە وەک پارتی دیموکراتی کوردستان بەرپرس نین لەو کارەی کە ڕوویداوە ئێمە لێپرسینەوەی قەزایی دەکەینو مەکتەبی سیاسیش لێپرسینەوەی خۆی دەکات، بەڕاستی نیگەرانی ئەوەین خەڵک هەمووی تفەنگی لەماڵدا هەیەو لەوبۆنەیەدا بەکاریدەهێنن».

لەلایەن خۆیەوە سەلاحدین بەهادین، ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی وتی: «هیوادارین حکومەت ئیجرائاتی خۆی لەگەڵ ئەو کەسە گێرەشێوێنو نامەسئولانەدا بکات کە ئەو ڕووداوانەیان خوڵقاند، بۆئەوەی جارێکی دیکە ئەمە دووبارە نەبێتەوە».

هەرچەندە لایەنە ئەمنییەکان لەکاتی ڕووداوەکاندا چوونە شوێنی ڕووداوەکان، بەڵام کەسیان دەستگیرنەکردو تائێستاش بەو تۆمەتە کەس دەستگیرنەکراوە، ٢٧ی ئەم مانگە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نامەیەکیدا بۆ کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم نووسیویەتی «بیستوومە کۆمەڵێک کەسانی گێرەشێوێن هەستاون بەکاری نایاسایی، هێرشیانکردووەتە سەر چەند بارەگایەک، هەرکەسێک بووبن پێویستە سزابدرێنو ڕادەستی دادگا بکرێن، دەزگا ئەمنییەکان هاوڵاتییانو بارەگاکان بپارێزن».

# وەزارەتی پێشمەرگە ئاگاداری سلێمانیو چەمچەماڵ نییە

ستارە عارف

دوو لیوای هێزی پێشمەرگە ڕەوانەی چەمچەماڵ دەکرێتو تەبێژی فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێمیش دەڵێت «هیچ فەرمانێکی ڕەسمیی لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگە یان فەرماندەیی گشتیی هێزەکانی هەرێمەوە بۆ بڵاوکردنەوەی هێزی پێشمەرگە لەناو شارەکاندا نە لەکاتی هەڵبژاردنەکانو نە لەدوای هەڵبژاردنەکانیشدا نییە».

سەرچاوەیەک لەشاری چەمچەماڵەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، شەوی ٢٧-٢٠٠٩/٧/٢٨ بە فەرمانی دەسەڵاتداران لەچەند ماڵێکەوە چەند کەسێکی ناسراو تەقەی خۆشیان بەسەر بنکەکانی گۆڕانو ماڵەکاندا کردووەو سەر لە ئێوارەش هێزێک کەپێکهاتبوو لەفەوجێکی لیوای شێرکۆی فاتیح شوانیو جەماڵە سوور لەناو دەربەندەکەوەو لیوایەکیان لەقەرەهەنجیرەوە کە سەر بەسوپای عێراق بوون هێنابووە ناو چەمچەماڵەوەو هێزەکانی خۆشیان هەمووی خستبووە حاڵەتی ئامادەباشییەوە.

لەبەرامبەریشدا عەبدولڕەحمان سدیق هەڵسوڕاوی لیستی گۆڕان لە سنووری قەزای چەمچەماڵ لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە ئەو هەواڵەی پشتڕاستکردەوەو وتی: «خەڵک گومانی ئەوەیان دەکرد ئەو شەوە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕابگەیەنرێتو بیکەن بەتەقەو هەمان کرداری ئاژاوەگێڕی شاری هەولێرو دهۆک دووبارە بکەنەوە، بۆیە ئێمەش وەک لیستی گۆڕان برادەرانی خۆمان ئاگادارکردووەتەوەو داوامان لەسەرووی خۆمانو دەسەڵات کردووەو پێمانوتوون کە ئەو هێزە بکشێننەوە، هەر بە شەو دوای دەستتێوەردانی قایمقامو فشارمان لەسەریان زۆرینەی هێزەکانیان بردە دەرەوەو پێموایە هێنانی هێز بۆ پشێوییو تێکدانی باری دەروونی هاوڵاتییانە».

لەبەرامبەریشدا وەزارەتی پێشمەرگە ئاماژە بەوە دەکات، کە هێزی پێشمەرگە لەناو بارەگاو شوێنەکانی خۆیاندا لەحاڵەتی ئینزاردانو هیچ فەرمانێکی ڕەسمیی بۆ هاتنە ناو شارەکان لەهەر حاڵەتێکدا نییە.

جەبار یاوەر وتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پاراستنی هەرێم پێیوایە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەرکی پاراستنی شارەکانی لەئەستۆ نییە، بەڵکو ئەرکی پاراستنی دەرەوەی شارەکانی لەئەستۆیەو وتیشی: «ڕەنگە هێز هەبێت لەدەرەوەی شارەکان لەحاڵەتی ئینزاردا بنو چاوەڕێ دەکەن هەتا ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان ڕادەگەیەنرێت، بۆ بەرگرتن لەڕوودانی هەر حاڵەتێک و هێزی پێشمەرگە لەناو بارەگاو شوێنەکانی خۆیاندا لەهۆشداریدانو هیچ فەرمانێکی ڕەسمیی بۆ هاتنە ناو شارەکان لە هەر حاڵەتێکدا نییە».

لەلایەکی دیکەشەوە وەزارەتی ناوخۆ بێئاگایی لە ناردنی هێزێکی لەو شێوەیە بۆ چەمچەماڵ دەردەبڕێت.

فایەق تۆفیق، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ (هەولێر) بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئاگاداری چەمچەماڵ نیمو ئەوەشی لەچەمچەماڵو سلێمانی هەیە سەر بەهێزی پێشمەرگەو زێرەڤانینو ئێمە هێزی پۆلیسمان بڵاونەکردووەتەوە».

وتەبێژی ڕەسمیی فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێمیش، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هیچ فەرمانێکی ڕەسمیی لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە یان فەرماندەیی گشتی هێزەکانی هەرێمەوە نییە بۆ بڵاوکردنەوەی هێزی پێشمەرگە، بەتایبەتی لەناو شارەکاندا نە لەکاتی هەڵبژاردنەکانو نە لەدەرەوەی هەڵبژاردنەکانیشدا، «چونکە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەرکی پاراستنی شارەکانی لەئەستۆ نییە، بەڵکو ئەرکی پاراستنی دەرەوەی شارەکانی لەئەستۆیەو هیچ هێزێک لە هەولێرەوە دزەی نەکردووە بۆ هیچ سنوورێکی دیکەو هیچ هێزێک ئاڵوگۆڕی بەجێگای خۆی نەکردووەو پێویست بەهێنانی هێزی وا گەورە ناکات، چونکە نەکێشەیەکی گەورە هەیەو ڕەوشیش ئارامەو هەڵبژاردنیش کۆتایی هاتووە، بۆیە جوڵاندنی هێز بۆ شوێنی دیکە پێویست ناکاتو تا ئێستا لەو ڕووداوەی چەمچەماڵ ئاگادار نەکراومەتەوە».

جەلال شێخ کەریم، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ (سلێمانی)، ڕایگەیاند: هیچ هێزێکی زێرەڤانیو پێشمەرگە نەهاتووەتە ناو چەمچەماڵو سلێمانییەوە، بەڵکو ئەوانە هێزی ئاسایشی ناوخۆنو پۆلیسی بەرگریو فریاکەوتنی سنوورەکەن لەناو چەمچەماڵو سلێمانیدا دامانناون، لەبەرئەوەی کۆمسیۆنی باڵا بەنیازبوون ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕابگەیەنن، بۆیە هێزمان لەسەر هەموو شەقامە سەرەکییەکان بڵاوکردەوە، بەڵام پەشیمانبوونەوەو ئەنجامەکان دواخراو ئێمەش هێزەکەمان کەمکردەوەو تا ١٢ی شەو هەموویمان لادا».

جەلال شێخ کەریم ئەوەشی ڕەتکردەوە، کە هیچ لیوایەک لەقەرەهەنجیرەوە هێنرابێتە چەمچەماڵ.

# دیموکراسییەتی سووتاندنی بارەگا

فرمان عەبدولڕحمان



ئەگەرچی بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان هیچ لایەنێک بۆی نییە دەرەنجامی خەملێنراوی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بڵاو بکاتەوە، بەڵام وەکو ئەوەی هەمیشە بەرپرسە باڵاکانی ئەم هەرێمە کە خۆیان لە سەرووی هەموو یاساو عورفێکەوە دەبینن، شەوی ٢٧/٢٦ی ئەم مانگە سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم لە میدیا حیزبییەکانی دەسەڵاتەوە چەند دەرەنجامێکی بە قازانجی لیستەکەی خۆیان بڵاوکردەوە، کە بووە هۆی وروژاندنی حەماسی بەربەریانەی ملیشیاکانی لیستی دەسەڵات، کە سەرباری نانەوەی پشێویو ئاژاوە بە ناوی تەقەی خۆشییەوە لە هەمانکاتدا بە شێوەیەکی سیستماتیکو بەرنامە بۆ داڕێژراو بە هەمان عەقڵییەتی سەردەمی شەڕی ناوخۆو کوشتنە خوێناوییەکانی کەپکی حەمەد ئاغاو کانی قرژاڵەوە میلیشیاکانی حیزبی دەسەڵات لە شاری هەولێرو دهۆک هەڵیانکوتایە سەر بارەگاکانی لیستی گۆڕانو کۆمەڵو یەکگرتوو. ئەم هێرشە بەربەریانەی کە هێزەکانی حیزبی دەسەڵات فێری بوونو لە هەموو پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا زیاتر ڕووی حیزبو دەسەڵاتەکەیان ناشرینتر دەکەن جێگەی پرسیارو لەسەر وەستانی هەموو مرۆڤێکی دڵسۆزو خاوەن ویژدانی ئەم هەرێمەیە.

ئەو هێرشانە پێش ئەوەی هەرچیەکمان پێبڵێن لە سادەترین مانایدا ئەوەمان پێدەڵێن، کە چ دەمووچاوێکی ترسناکو بەربەری لەناو هەناوی حیزبی دەسەڵاتدا دانیشتووە کە ئامادەیە بە بەرچاوی هەموو دنیاوە سەرکوتی نەیارە سیاسییەکانی خۆی بکاتو گەمەیەکی تراژیدیش بە ئیرادەی میللەتو پرۆسەکانی دەنگدانەوە بکات، بێ ئەوەی بیر لە دەرەنجامە ترسناکەکانی ئەو کارە نامرۆڤانەیە بکاتەوە.

لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا سەرباری ئەو کاری تەزویرەی، کە لیستەکەی پارتیو یەکێتی لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی (٢٥)ی تەممووزدا ئەنجامیاندا، کەچی وەکو پیشەی هەمیشەییان دەستیانکرد بە هێرشێکی ناڕەوا بۆ سەر بارەگاکانی لیستی گۆڕانو خزمەتگوزاریو چاکسازی، من پرسیار لە سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتو سەرۆکی لیستی کوردستانیو کاربەدەستە ئەمنییەکانیان دەکەم، ئێوە کە تاکە شانازی ڕابردووتان بریتییە لە دەستەبەر کردنی کەشێکی هێمنو ئارام کە هەرێمی جیاکردوەتەوە لە سەرجەم ناوچەکانی دیکەی عێراق ئەوە خێرە بە بەرچاوی هێزە ئەمنییەکانتانەوە بارەگای لیستە بەشداربووەکانی نێو هەڵبژاردن تاڵان دەکرێت یان دەخوازن تاڵان بکرێت؟ چ تەفسیرێکتان بۆ ئەم کارە وەحشیگەرییە هەیە؟ ئایا ئامادەن ئەنجامدەرانی ئەو کارە نائینسانیو دوور لە هەموو بەهایەکی مەدەنیانە بدەنە دادگاو داوای لێبوردن لە جەماوەری کوردستان بکەن کە پیاوە تینوەکانتان بە خوێن، خەریکە جەژنی هەڵبژاردنمان لێدەکەن بە شین؟

من دەمزانی حیزبی دەسەڵاتدار لە هەولێرو دهۆک هێشتا بە لۆژیکی بەربەریزم مامەڵە لەگەڵ نەیارەکانیدا دەکات، بەڵام شتێکی چاوەڕواننەکراوە کە لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠٠٩)دا هێشتا عەقڵییەتێک لە ناو پارتیدا حکوم بکات کە باوەڕی بە پاکتاوکردنی جەستەیی نەیارە سیاسییەکانی هەبێت تەرجەمەشی بکات بۆ ئەرزی واقیع.

ئەوەش ئاشکرابوو کە ناڕۆشنبیرە لێبۆکەکانی دەسەڵات لە ڕێگەی ئینشاو گوتارەکانیانەوە لە مێژبوو تیرۆری فیکری نەیارە سیاسیەکانی دەسەڵاتیان کردبوو بەڵام قورسە ببینی لەم سەردەمەدا ئەو گوتارە بگوازرێتەوە بۆ تیرۆری جەستەو بارەگاکان، هەروەک ئەو کارەساتەی شەوی ٢٧/٢٦ی ئەم مانگە بینیمان.

لە ساڵی (٢٠٠٥)داو لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا بارەگاکانی یەکگرتوو سووتێنران پارتی ئەو کارە وەحشییەی خستە ئەستۆی جەماوەری دڵسۆزو نیشتمانپەروەری خەڵکی بادینان، بەڵام ناشێت ئەم هێرشە وەحشیانەش جارێکی دیکە بخاتە ئەستۆی خەڵکی جوامێری شاری هەولێرو دیسانەوە پێمان بڵێت «ئەمەشیان کارێکی عەفەوی خەڵک بووە، کە کۆنترۆڵی سۆزی خۆی لە دەستداوەو حیزبی دەسەڵات لێی بەرپرسیار نین». نەخێر ئەو جۆرە پاساوانە بە هیچ شێوەیەک قبوڵ نییەو جەماوەری شاری هەولێر زۆر لەوە گەورەترن کە تۆمەتێکی لەو شێوەیان بخرێتە ئەستۆ لە لایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە، بەڵکو ئەو جۆرە ڕەفتارانە هەمان ڕەفتاری ئەو میلیشیایانەیە کە مرۆڤیان بە بلۆک لە شەڕی ناوخۆدا کوشتو لە ژێر دەمامکێکی ماکیاژکراودا هەتا ئێرەیان هێناوەو ئەوێ شەو دەمامکەکانیان لابردوو ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان دەرخست، کە دەسەڵات تا ئەو شوێنە باوەڕی بە گەمەی هەڵبژاردنو دیموکراسییەتە کە هەژموونی حیزب لە دەسەڵاتدا بهێڵێتەوە، ئێستا کە شاری سلێمانی لە ڕیفراندۆمە جەماوەریەکەی خۆیدا نەخێریان لە دەسەڵاتی هەژموونگەرای یەکێتیو پارتی کرد هەروەک دەرەنجامە سەرەتاییەکان ئەوەمان پێدەڵێن، ئەوان پەنایان بۆ تەزویرێکی ڕێکخراو برد تا هەولێرو دهۆکیش لە دەست نەدەن، بەڵام وادیارە تەزویر تینوێتی خوێنی ئەوانی نەشکاندو هێرشی وەحشیگەرییان ئەنجامدا بۆ سەر هاوڵاتیانی مەدەنیو چەند بارەگایەکی سادە، کە جگە لە چەند پۆستەرێک هیچی دیکەی تێدا نەبوو تاڵانی بکەن.

ئێوە بە ڕاستی سەلماندتان تا چ ئاستێک باوەڕتان بە دیموکراسییەتە، بە ئاشکرا پێتانوتین، کە ئامادەن ئیرادەی میللەت زۆر بە ئاسانی بخەنە ژێر گیزەی ترسنۆکانەی لوولەی تفەنگە ژەنگاوییەکانتانەوە، ئەوەبوو دیموکراسیەکەتان کە سەرباری تەزویر هێرشیش بکەنە سەر نەیارەکانتان، ئەوە کوا ڕۆشنبیرە ناڕۆشنبیرو نوسەرە نەخوێندەوارەکانتان ئەدی ئەمجارە پاساوتان چیە بۆ ئەم پەلامارە دڕندانەیە؟!

# خولی دووەمی پەرلەمان پەیڕەوی ناوخۆی پێشێلکردووە

**شارا عەبدولڕەحمان**

پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمان پەیڕەوی ناوخۆیان پێشێلکردووەو سەرۆکایەتی پەرلەمانیش سەرەڕای ئەوەی دان بەبوونی ئەو حاڵەتەدا دەنێت، بەڵام هیچ لێپێچینەوەیەکی لەگەڵ ئەو ئەندام پەرلەمانانەدا نەکردووە کە زیاتر لە سێ دانیشتنی پەرلەمان ئامادەنەبوون.

بەپێی خاڵی سێیەم لەبڕگەی (ب)ی مادەی (٣٠)، لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هەر ئەندام پەرلەمانێک بۆ سێ دانیشتنی یەک لەدوای یەک بەبێ بیانوویەکی ڕەوا ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان نەبێت، ئەوا ئەندامێتی لەدەستدەدات، بەڵام بەپێی ڕاگەیاندنی دووەمی پرۆژەی چاودێریکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی کوردستان کە کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد (ASK) ئەنجامیدەدات، تێبینیکراوە ژمارەیەک لەئەندامانی پەرلەمان بەبێ هیچ هۆکارێکی گرنگ زیاتر لە (٣) دانیشتنی یەک لەدوای یەک ئامادەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان نەبوون و سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بەدواداچوونی بۆ ئەو بابەتە نەکردووە.

ڕێبین ڕەسوڵ، بەرپرسی ڕێکخراوی ئاسک لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەکاتی بەدواداچوونمان تێبینیمانکرد کە ئەندام پەرلەمانەکان لە ئامادەبوونیان لەدانیشتنەکاندا، لەپەیڕەوی ناوخۆ لایانداوە.

ئاماژەشی بەوەکرد، کە لە بەدواداچوونیاندا عەدنان موفتی، سەرۆکی پەرلەمان پێیراگەیاندوون ڕاستە ئەندام پەرلەمانەکان لە پەیڕەوی ناوخۆ لایانداوە، بەڵام زۆربەیان پۆستی دیکەیان هەیەو پەرلەمان ناتوانێت ناچاریان بکات بە ئامادەبوونیان لەدانیشتنەکاندا، ئەمە جگەلەوەی سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی بە کۆنیی پەیڕەوەکەی پەرلەمان کردووەو وتویەتی: «پێویستە خولی داهاتووی پەرلەمان پەیڕەوی ناوخۆ هەموار بکاتەوەو بەشێوەیەک دایبڕێژێتەوە کە لەگەڵ واقیعی ئێستادا بگونجێت».

هەر بەپێی ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی ئاسک، سەبارەت بە نەگرتنەبەری ڕێوشوێن و لێنەپێچینەوە لەو حاڵەتە، عەدنان موفتی بەرپرسیارێتی یەکەمی خستووەتە ئەستۆی ئەندامانی پەرلەمان، چونکە ئەوان نوێنەری گەلن و بەرپرسیارێتی گرنگیان لەسەرشانەو باڵاترین دەسەڵاتن لەکوردستاندا، کە دەبێت خۆیان هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن، نەک چاوەڕێی ئاگادارکردنەوەبن.

## ڕاکردن ل...

# پارتی خۆی لە گرژیی و ئاڵۆزیی...

**فەلاح نەجم**

گرژیی و ئاڵۆزییەکانی هەولێر و دهۆک ژمارەیەک کوژراو و بریندارى لێکەوتەوە، لەلایەن خۆیانەوە سەرکردایەتی سیاسی کورد کاردانەوەی جیاوازیان نواند، نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی لیستی گۆڕان لە پەیامێکیدا بۆ ١٢ لایەنی عێراقی و نێودەوڵەتی، ڕەخنە لە دەزگای پاراستن و چەکدارەکانی پارتی دەگرێت کە هێرشیانکردووەتەسەر ژمارەیەک بارەگای لیستی گۆڕان.

بەهۆی ئەو دۆڕانە گەورەیەی پارتی و یەکێتی لە سنووری پارێزگای سلێمانی بەسەریاندا هات، زیاترلە ٣٠ کورسی پەرلەمانیان لەدەستدا، پاش ئاشکرابوونی ئەنجامە سەرەتاییەکان لە هەولێر و دهۆک و بەهۆی دەرچوونیانەوە کەوتنە تەقەکردن، لەو دوو شارە ژمارەیەک بارەگای لیستی گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ تەقەیان بەسەرداکراو ژمارەیەک کوژران و بریندار بوون، سەرکردایەتی سیاسی کورد هەڵوێستی خۆیانیان دەربارەی ئەو پشێوییە خستەڕوو.

نەوشیروان مستەفا سەرۆکی لیستی گۆڕان کە لیستەکەی زۆرترین دەنگی پارێزگای سلێمانی بەدەستهێنا، لە پەیامێکیدا کە ئاراستەی ١٢ لایەنی ناوخۆیی و عێراقی کردووە بەتایبەت نەتەوەیەکگرتووەکان، باڵیۆزخانەی وڵاتان لە عێراق و سەرۆکی پەرلەمان و حکومەتی عێراق کردووە لە بەشێکیدا هاتووە «ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٦ کاتژمێر نۆی شەو بە بیانووی ئاهەنگگێڕان، دەزگاکانی پارتی لە حیزبی و پاراستن و هێزی چەکدار، پەلاماری بنکەکانی لیستی گۆڕانیاندا لە هەولێر و دهۆک و هەندێکیان داگیرکردو هەندێکی دیکەشیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە، لە دهۆکیش لەوە زیاتر کراوە چونکە چوونەتە سەرماڵی گۆڕانخوازەکان و ئیهانەیانکردوون، لەوانە ماڵی کاندیدێکی لیستی گۆڕان و ئەویش بەناچاریی کاتژمێر چواری بەیانی بەخۆی و ماڵ و منداڵیەوە بۆ پاراستنی ژیانی ڕوویکردووەتە سلێمانی، چواردەوری ئۆفیسی کەناڵی (کەی ئێن ئێن)یان داوەو تەقەیان بەسەریاندا کردووە».

هەرچەندە ژمارەیەک سەرچاوە لە پارتییەوە ڕایانگەیاند، ئەو تەقەکردنە هەڵچوونی جەماوەری لیستی کوردستانییەو پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نییە، بەڵام هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان ئەمە ڕەتدەکەنەوە چونکە ئەو تەقەکردنەی شەوی ئاشکرابوونی ئەنجامە نارەسمییە بەراییەکانی هەڵبژاردن ڕوویدا بەرنامە بۆ داڕێژراو بووەو دانیشتووانی هەولێر لە سەرووبەندی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، هیچ حەماس و خرۆشانێکیان بۆ هەڵبژاردن نەبوو، ئێستا واقیعی نییە بەو ناکاوە خەڵک خرۆشابێت، تەقەکانیش بەسەر کۆمەڵێک دەزگاو بارەگای حیزبە ڕکابەرەکانی پارتی و یەکێتیدا کراوە، کە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت ئەو تەقەکردنە بەرنامە بۆ داڕێژراو بووە.

سەرۆکی لیستی گۆڕان لەپەیامەکەیدا نووسیویەتی «داوا لەو لایەنانە دەکەم کە گوشار بخەنە



# «پێویستە توندوتیژیی لە ژیانی خەڵک پاشەکشێ پێبکەین»

**دلێر عەبدولخالق**

لایەنە سیاسییە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم ئاماژە بەوە دەکەن، ئەو حاڵەتانەی لە سنووری پارێزگای هەولێر و دهۆک ڕوویانداوە هەستدەربڕینە لە بۆنەیەکی دیموکراسی بەشێوازێکی نادیموکراسی.

لایەنگرانی دەسەڵات لە سنووری ئیدارەی پارتی، بە تەقەکردن و بەردبارانکردن و هوتافکێشان هەڵیانکوتاوەتە سەر بارەگاکانی لیستی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامیی، گوزارشتیان لەو سەرکەوتنە پڕ کێشمە کێشمەکردووە کە مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم و لیستی کوردستانی لەسەر ئاستی هەرێم بەدەستیانهێناوە، بەو هۆیەشەوە زۆربەی بارەگاکانی لیستی گۆڕان لە پارێزگای دهۆک داخراون.

ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کە بارەگای حیزبەکەی لە هەولێر بەر شاڵاو کەوتووە، ئاماژە بەوە دەکات سەرەڕای هەموو ئەو تێبینیانەی لەسەر هەڵبژاردنەکە هەمانبوو، بەڵام لانیکەم توندوتیژیی لەکاتی پرۆسەکە دروست نەبوو، کە ئەمەش جێگەی دڵخۆشی بوو، بەڵام بەداخەوە دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەکە «دەستدرێژیی و هەوڵی ناجۆر هەبوو بۆ سەر هەندێک بارەگاو هەڕەشەکردن لەچەند ماڵێک، کە بەداخەوە ئەو سیما جوانەی پرۆسەکەی شێواند»، هەروەک وتیشی: «دەبوو دەسەڵات و هەموو لایەنەکان بەرگرییان لەو هەلومەرجەی دوای قۆناغی هەڵبژاردنەکان بکردایە، ئەو کەسانەی تەقەدەکەن و هێمنیی شارەکان تێکدەدەن، لە بۆنەیەکی دیموکراسی و بەشێوازێکی نادیموکراسی هەستەکانیان دەردەبڕن، پێویستە هەوڵبدەین توندوتیژیی لەژیانی خەڵک پاشەکشێ پێبکەین، واتە تەنیا چەک لەدژی لایەنەکان دوورنەخرێتەوە، بەڵکو لەژیانی خەڵکیش دوور بخرێتەوەو چەک نەبێتە ڕەمز و هێمایەک بۆ دەربڕینی خۆشی و هەست و ئاراستەیەکی سیاسی لەبۆنەکاندا».

لە پارێزگای دهۆکیش پەلاماری بارەگای لیستی گۆڕان و ماڵی پاڵێوراوێکی لیستەکە درا، بە هوتافکێشان و بەردبارانکردن، پاش هەوڵی ئاسایشی ناوچەکە گێرەشێوێنەکان دوور خراونەتەوەو بەوهۆیەشەوە بارەگاکانی دهۆک و زاخۆی لیستی گۆڕان داخراون.

هشیار عابد، لێپرسراوی هەڵمەتی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان لەپارێزگای دهۆک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە دهۆک تەقەکردنێکی زۆر هەبوو، کە دواتر ئاسایش و هێمنیی ناوچەکە بەتەواوی تێکچوو، لە سەعات (١)ی شەویش کۆمەڵێک بە هوتافکێشان و دەنگەدەنگ هاتنە سەر بنکەی گۆڕان، کە چەند کەسێک و پاڵێوراوێکی لێ بووە، دوای ئەوەی لە دەرگایان داوە بۆئەوەی بێنە دەرەوە، بەڵام ئەوان دەرگایان نەکردووەتەوە تا ئەوەی بەردبارانی بارەگاکەیان کردووەو دەرگاو پەنجەرەکانیان شکاندووە.

لێپرسراوی هەڵمەتی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان لەدهۆک وتیشی: «پەیوەندیمان بەئاسایشەوە کرد، بەڵام تەلەفۆنەکەیان بەسەردا داخستینەوە تا دوای هەوڵێکی زۆر ئاسایشمان ئاگادارکردەوەو دواتر هاتن و خەڵکەکەیان لە بارەگاکەمان دوورخستەوە، بەڵام ئەمە دوای ئەوەی بەردبارانکراین، لەهەمانکاتیشدا ژمارەیەکی دیکە هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی پاڵێوراوێکمان لە ئۆردوگای تەنیایی لەنزیک دهۆک، کە تەنیا منداڵەکانی لەماڵەوە بوون و لەوێش بەردبارانی خانووەکەیان کردووەو پەنجەرەو دەرگاکانیان شکاندووە».

> «پەیوەندیمان بەئاسایشەوە کرد، بەڵام تەلەفۆنەکەیان بەسەرداداخستینەوە تادوای هەوڵێکی زۆر ئاسایشمان ئاگادارکردەوەو دواتر هاتن و خەڵکەکەیان لە بارەگەکەمان دوورخستەوە»

بەبڕوای هشیار عابد «ئەو حاڵەتانە کە لە سنووری پارتی ڕوویانداوە عەفەوی نییەو ئاراستەکراوە، چونکە هەموو لەیەک کاتدا ڕوویداوەو لە زۆربەی ناوچەکان لە سەعات (١-٥) بووەو ترس و دڵەڕاوکێی زۆر لەناو خەڵکدا بڵاوبووەتەوە»، ئاماژەی بۆئەوەشکرد هەر بەوهۆیەوە بارەگاکانی دهۆک و زاخۆیان داخستووە.

مامۆستایەکی زانکۆی سەلاحەدینیش ئاماژە بەوەدەکات، تەقەکردن دیاردەیەکی زۆر ناشارستانییەو سەرهەڵدانەوەی ئەو کلتوورەیە کە ماوەیەکی زۆر بوو لە گۆڕەپانی سیاسی هەرێم نەمابوو جێگەی دڵخۆشی نییە.

د.سەرهەنگ حەمید، مامۆستای زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سەلاحەدین، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو دیاردەیە پەیوەندی بەقاعیدەی جەماوەریی لایەنەکانەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەو لایەنانە جەماوەری خۆیان لەو حاڵەتانە دووربخەنەوە، چونکە لەڕاستیدا دیاردەیەکی ناشارستانییەو جگە لە تێکدانی هێمنی و دروستکردنی ترس لەدڵی خەڵکدا هیچ ئاماژەیەکی ئیجابی نییە».

بە بڕوای د.سەرهەنگ حەمید پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی هێمن بەڕێوەچووەو کوردستان بەرەو گۆڕانکاریی هەنگاودەنێت، بەتایبەتیش دەرکەوتنی هێزی گەورەی ئۆپۆزسیۆن لەهەرێمدا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە هێزەکان ئەنجامەکان قبوڵدەکەن و ئەو هێزەش کاریگەریی لەسەر ئەدای حکومەت و چاودێری دەسەڵاتەکان دەبێت و لەدوا ئەنجامدا هەموو لایەنەکان براوەن و پێویستی بەتەقەی خۆشی و هەوایی نییە.

دوای ئاشکراکردنی ئەنجامە نارەسمییەکان، لەلایەن فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم و ئاماژەکردن بە سەرکەوتنی مەسعود بارزانی و لیستی کوردستانی، لەزۆربەی ناوچەکانی پارێزگای هەولێر و دهۆک هەوادارانی ئەو لیستە دەستیانکردووە بە تەقەکردن و چەندین کەسیش هەڵیانکوتاوەتە سەر بارەگاکانی لیستی گۆڕان و لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری، لەئەنجامی ئەو پەلاماردانەدا لە سنووری پارێزگای هەولێر (٥) هاوڵاتی کوژراون و چەندانی دیکەش بریندار بوون.

# پەلاماردانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بەڵگەی ئەوەیە کەدەسەڵات ئۆپۆزسیۆن قبوڵ ناکات

پشتیوان سەعدوڵڵا

هەڵکوتانەسەرنووسینگەکانی ڕۆژنامەو کەناڵی تەلەفزیۆنی KNN لە هەولێر لەلایەن لایەنگران‌و گروپە چەکدارەکانی سەر بە پارتە دەسەڵاتدارەکانەوە، ئەوە دەسەلمێنێت کە دەسەڵاتدارانی کوردستان بەردەوامن لە ئیهانەکردن‌و سوکایەتیکردن بە ڕۆژنامەنووسان‌و ڕۆژنامەنووسانیش پێیانوایە، «دەسەڵات دەنگی نارازی‌و ئۆپۆزسیۆن قبوڵ ناکات».

نیوەشەوی (٢٦/٢٧-٧-٢٠٠٩) ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامی ڕێکخراوەکانی سەر بە پارتی‌و لایەنگرەکانیان‌و گروپ‌و دەستە چەکدارەکان هەڵیانکوتایە سەر نووسینگەکانی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەو knn لە شاری هەولێرو قەزای سۆران‌و تەقەیانکردووە بەسەر بیناکانداو بەردبارانیانکردوون‌و جوێنی ناشرینیانداوە، هەروەها پەلاماری بارەگای کەناڵی سپێدە دراوە.

پەلاماردانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن‌و سوکایەتیکردن بە ڕۆژنامەنووسان، بەردەوامبوونی پێشێلکاریی‌و ئیهانەکردنە بەرامبەر بە مافەکانی ڕۆژنامەنووسان لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانەوەو بەوهۆیەشەوە ڕۆژنامەو knn داوا لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان دەکەن بێدەنگ نەبێت.

(٢٠٠٩/٧/٢٧) نووسینگەی هەولێری knn و ڕۆژنامە ڕوونکردنەوەیەکیان ئاراستەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کرد، کە تێیدا هاتووە «داوا لە بەڕێزتان دەکەین بە ئەرکی خۆتان هەڵسن‌و هەڵوێستێکی ڕوونتان لە بەرامبەر ئەو پێشێلکاریانە هەبێت، ئەم کارەی خەڵکی گێرەشوێن‌و کەمتەرخەمییەکانی هێزەکانی ئاسایش‌و پۆلیس لە بەرامبەر دەستگیر نەکردنی گێرەشێوێنان بە هەڕەشەیەکی جدیی‌و گەورە دەزانین بۆ کاری ڕۆژنامەنووسیمان لە شاری هەولێر».

لە ماوەی (١٨) ساڵی ڕابردووی حوکمڕانی پارتی‌و یەکێتییدا تائێستا پێشێلکاریی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان کراوەو ژیانی ڕۆژنامەنووسان پارێزراو نەبووەو چەند ڕۆژنامەنووسێکیش لەسەر دەرخستنی ڕاستییەکان شەهیدکراون.

ئاسۆ عەبدوللەتیف، نووسەر، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: مێژووی سوکایەتیکردن بە ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان مێژوویەکی دوورودرێژی هەیەو بەدرێژایی (١٨) ساڵی ڕابردووی حوکمڕانی یەکێتی‌و پارتی چەندین پێشێلکاری‌و سوکایەتی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان‌و دەزگاکانی ڕاگەیاندن کراوەو وتی: «ئەم ڕووداوانەی چەند ڕۆژی ڕابردووی هەولێرو بادینانیش بەڵگەی ئەوەن کە دەسەڵات نایەوێت دەنگی نارازی‌و ئۆپۆزسیۆن قبوڵبکات‌و دەیەوێت هەر خۆی حوکمڕان بێت».

هەرچەندە ساڵی (٢٠٠٨) یاسای کاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستان دەرچوو و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بوونی هەیە، بەڵام بەرپرسان بێ گوێدانە یاسا مافی ڕۆژنامەنووسانیان پێشێلکردووەو سەندیکایش داکۆکیکەرێکی جدیی نەبووە لە مافەکانی ڕۆژنامەنووسان.

ئاسۆ دەڵێت: ئەوە چەندین جارە سوکایەتی بە ڕۆژنامەنووسان دەکرێت، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بێلایەنی خۆی نەپاراستووە، بۆیە پێویستە سەندیکا هەڵوێستی هەبێت. لەبەرامبەر پەلامارەکەی چەند ڕۆژی ڕابردووی پارێزگای هەولێر، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاندو ڕووداوەکەی ئیدانەکرد.

زیرەک کەمال، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنووسان‌و ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو چەند کەسە نابەرپرسیارەی لە چەند شەوی ڕابردوودا لە شاری هەولێر هەڵسان بە پەلاماردانی بنکەکانی knnو ڕۆژنامەو چەند دەزگایەکی دیکە، پاڵپشتی هیچ هێزێک نین‌و کەس ناتوانێت خۆی بکات بە خاوەنیان، ئەم ڕووداوە لە شارێکی وەکو هەولێر کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسییەتەو دەستدرێژییە بۆ سەر ئازادییەکان‌و زیاتر ناشرینکردنی بارودۆخی هەرێمە، ئێمە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بە توندیی ئەو کارە مەحکوم دەکەین‌و داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان‌و حکومەتی هەرێم دەکەین بەدواداچوون بکەن بۆ ئەو ڕووداوە.

بەبۆچوونی زیرەک کەمال مانەوەی هێزە چەکدارەکان لەژێر دەسەڵاتی حیزبە باڵادەستەکاندا هۆکارە بۆ بەردەوامبوونی ئیهانەو هەڕەشەکردن لە ڕۆژنامەنووسان.

هەروەک وتی: «بەوپێیەی پاراستنی ئاسایشی هەر شارێک لە ئەستۆی هێزە ئەمنییە حکومییەکاندایە، دەبێت حکومەت ئەمنییەت بپارێزێت، بەڵام یەکێک لە کارەساتە گەورەکانی وڵاتی ئێمە ئەوەیە کە هێزە ئەمنییەکان هی دوو حیزبن‌و پاشکۆیەتی حیزبییان هەیەو لەوە تێناگەن کەپەلاماردانی دەزگایەکی ڕاگەیاندن ئیهانەکردنی ئەزموونەکەیە، بۆیە بەوشێوەیە مامەڵەدەکەن».


فۆتۆ: ڕاستگۆ عەلی

# دەتەوێت یەکەم کاری پەرلەمانی نوێی کوردستان چی بێت؟

ئا: شکار موعتەسەم، سۆکار عەبدوڵڵا


دڵشاد محەممەد کەریم

دڵشاد محەممەد کەریم، مامۆستا؛ یەکەم کاری پەرلەمانی نوێ دژایەتی‌و بنبڕکردنی گەندەڵیی‌و بەرگریکردن لە هاوڵاتییان‌و وەرگرتنەوەی مافی هاوڵاتیان لە حکومەتی پێشووتر، شەفافیەت هەبێت‌و هەوڵبدات حکومەتەکەمان حکومەتێکی موئەسەساتی بێت، ڕۆڵی حیزب بە هیچ جۆرێک نەهێڵێت لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا خەڵکی تەکنۆکرات‌و کادیری ئەکادیمی دابنێت بۆ پۆستەکان.


بورهان ڕەفیق

بورهان ڕەفیق، ڕاگری پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی؛ پێم باشە یەکەم کاری پەرلەمانی داهاتوو پێداچوونەوە بێت بە کارەکانی پەرلەمانی پێشووداو پەیڕەوکردنی یاساکان‌و یەکخستنی یاساکان بێت.


شەماڵ ڕەمەزان

شەماڵ ڕەمەزان، خوێندکار؛ پێم باشە پەرلەمانی داهاتووی کوردستان پەرلەمانێکی کارتۆنی نەبێت، پەرلەمانێک نەبێت لەژێر دەسەڵاتی حیزبدا بێت، هیوادارم پەرلەمانێک بێت بە ویژدانەوە کاربکات، یەکەم کاری بەسەر گەندەڵیەکاندا بچێتەوە چیتر نەهێڵێت مافی میللەت پێشێلبکرێت، ژێردەستەی حیزب نەبێت، هیوادارم پەرلەمانێکی ئەکتیف بێت‌و داواکارییەکانی جەماوەر جێبەجێ بکات.


ئەحمەد حەسەن

ئەحمەد حەسەن، فەرمانبەر؛ پێم باشە هەموو ئەو لیست‌و قەوارە سیاسییانەی کە بەشدارن لە پەرلەمانی داهاتووی کوردستان، یەکەم هەنگاویان جێبەجێکردنی هەموو ئەو بەڵێنانە بێت کە داویانە بە گەلەکەیان.


گەیلان محەممەد عەلی

گەیلان محەممەد عەلی، مامۆستا؛ پێویستە یەکەم کاریان تەرکیز کردنە سەر داواکارییەکانی گەل بێت، وەکو خۆی بیگەیەنن، بە هیچ جۆرێک تەرکیز نەخەنە سەر داواکارییە تایبەتییەکانی خۆیان، وەک لە پەرلەمانەکانی پێشوودا بینیمان پەرلەمانتاران پێداگرییان لەسەر مووچەی خۆیان‌و ئیمتیازات‌و حەسانەی دبلۆماسییان کرد، پێویستە بە ئاگابن کە ئەوان نوێنەرانی گەلن.


دەروون عەبدولکەریم

دەروون عەبدولکەریم، خوێندکاری کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی؛ یەکەم کاری پەرلەمانی داهاتووی کوردستان پێداچوونەوە بێت بە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی گوزارشتبکات لە داواکارییەکانی جەماوەری کوردستان، لەگەڵ دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم‌و جێبەجێکردندا بگونجێت‌و بتوانێت داواکارییەکانی خەڵک جێبەجێ بکات.

ئەم گۆشەیە بەردەوام ڕۆژانە ڕای هاوڵاتیان بڵاودەکاتەوە، دەتوانن لەڕێی ئیمەیڵ ئەدرەسی( hewal.rozhnama@gmail.com ) بەشداربیکەن
تێبینی: بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانتان ئەم خاڵانە ڕەچاو بکە: ١. وێنەیەکی کەسی خۆت. ٢. نوسینەکەت لە (٥٠-٦٠) وشە بێت.٣. وەڵامی ئەو پرسیاری ئێمەبێت کە دەیخەینەڕوو.
**پرسیاری داهاتوو: یەکەم یاسا کە پەرلەمانی داهاتوو پەسەندی بکات لە بارەی چییەوە بێت باشە؟**

# عەرەبو تورکمانەکانی کەرکوک دژی دانانی پەیکەری قوربانیانی خۆپیشاندانەکەی (٢٨)ی تەمموزن

ئارام جەماڵ/ کەرکوک

دوای ساڵێک تێپەڕبوون بەسەر خۆپیشاندانەکەی (٢٨)ی تەمموزی ساڵی ڕابردووی کەرکوک هیچ هەنگاوێک بە ئاراستەی کێشەی ئەو شارە ئاکامی نەبووەو ئێستا لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی کەرکوک لە هەوڵی دروستکردنی پەیکەرێکدان بۆ قوربانیانی تەقینەوەی ناو خۆپیشاندانەکەو تورکمانو عەرەبەکانیش بە توندیی لە دژی ئەو بیرۆکەیە دەوەستنەوە.

لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی ڕابردوودا بەمەبەستی دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، کوتلەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کەوتنە گفتوگۆ، دوای مشتومڕێکی زۆر تا ناوەڕاستی مانگی تەمموز، بەهۆی جیاوازی بۆچوونەکان لەسەر هەڵبژاردنی کەرکوک کوتلەکان نەگەیشتنە ئەنجام، لەو ماوەیەدا گروپێک بەناوی (گروپی قەیران) کە ئەندامە تورکمانو عەرەبە کەرکوکییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران پێکیانهێنا، لە (٢٢)ی تەمموزی ئەو ساڵەدا بەکۆکردنەوەی ئیمزای زیاتر لە (١٠٠) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانو دواتر بەئامادەکردنی پرۆژەیەک کە لەو ڕۆژەدا دەنگی زۆرینەی هێناو بوو بە مادەی (٢٤) بۆ کەرکوک، سەپێنراو ئەمەش نارەزاییو توڕەبوونی لیستی هاوپەیمانیو خەڵکی کوردستانی لێکەوتەوەو سەرئەنجام لە کەرکوکو سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان خۆپیشاندانی نارەزایی جەماوەریی بەرفراوان بۆ رەتکردنەوەی ئەو مادەیە بەڕێوەچوو، دواجاریش سەرۆک کۆماری عێراق، جەلال تاڵەبانی، بە بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ مادەکەی رەتکردەوەو دواتریش لەمانگی ئەیلولی هەمان ساڵدا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق مادەی (٢٣)ی دەرکردو کەرکوکی لە هەڵبژاردنی چواردە پارێزگاکەی تری عێراق جیاکردەوە، پاشان وێڕای دروستکردنی لیژنەیەک بۆ ئەو مادەیە کە دەبوو لە (٢٠٠٩/٣/٣١) ئەو کارانەی بۆیان دیاریکرابوو بەئەنجامیان بگەیاندایەو زەمینەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی کەرکوکیان برەخسانایە، بەڵام ئەوانیش بێ ئەنجام بوونو ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش کێشەکانی ئەم شارە بێ چارەسەرتر دەمێننەوە، بەڵام خۆپیشاندانە جەماوەرییەکەی کەرکوک جیاوازبوو، لەناو ئاپۆڕای خۆپیشاندەراندا کەسێکی خۆکوژ خۆی تەقاندەوەو لەوکاتەدا دەستدرێژی گوللە لەخۆپیشاندەران کرا، بەو هۆیەوە زیاتر لە (٢٠٠) خۆپیشاندەر کوژرانو بریندارbوون، ئێستاش لەدوای ئەو ڕووداوانە پێکهاتە سیاسییەکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بەڵام هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی لەم ساڵەدا هیچ پێشکەوتنێک بەدی نەهاتووە لە کێشەی کەرکوکدا.

عەلی ساڵەیی، ئەندامی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «مادەی (٢٤) کە ئەو کارەساتەی لێکەوتەوەو دواتریش مادەی (٢٣) بۆ سەربڕینی مادەی (١٤٠) بوون، کە نەدەبوو کورد بە مادەی (١٤٠)یش ڕازیبوایە، بەڵام بەگشتیی ئەو خۆپیشاندانە ڕەتکردنەوەی ئەو مادە نادەستوورییە بوو کە بەناوی مادەی (٢٤) بەسەر کورددا سەپێنرا».

وتیشی: «بۆ ڕێزگرتنو زیندوویێتی یادی قوربانییەکان، لیستی برایەتی بڕیاریدا لە شوێنی ڕووداوەکە پەیکەرێک بۆ قوربانییەکان دروستبکات، بەڵام تورکمانو عەرەبەکان بە توندیی لە دژی ئەوەن، ئێستا بۆ وەرگرتنی دوابڕیار، بڕیارە لیستی برایەتی لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان کۆببنەوە، بەڵام ئەگەر بزانین کێشەی نەتەوەکان قوڵدەکاتەوە ئەوا ڕەنگە ئەو بڕیارە ڕابگیرێت».


دیمەنێک لە خۆپیشاندانی ٢٨ی تەمموزی ٢٠٠٨ لە کەرکوک فۆتۆ: ئارام جەماڵ

لەبەرامبەردا نەجات حسێن، ئەندامی لیستی برایەتی، پێیوایە مادەی (٢٤) کاردانەوەی سیاسەتی هەڵەی کوردبوو، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەهۆی پاوانکردنی دەسەڵاتی شارەکەو ئەنجامدانی تەجاوزاتی زۆرو پشتگوێخستنی نەتەوەکانی دیکە مادەی (٢٤) هاتە ئاراوەو دواتر بووە مادەی (٢٣)، کە ئێمە لەگەڵ هەردوو مادەکەدا بووین، چونکە پێمانوابوو ماف بۆ نەتەوەکان دەگەڕێنێتەوە، بەتایبەتی تورکمان».

لەبارەی ڕێگری لیستەکەیان بۆ دروستکردنی پەیکەری قوربانیانی خۆپیشاندانەکە نەجات حسێن، ڕایگەیاند: «ئێمە لەگەڵ لیستی عەرەبی بە توندیی لەدژی ئەو هەوڵەین، چونکە پێمانوایە کێشەی نەتەوەیی بەدوادادێتو دەکرێت لەبری ئەو پەیکەرە گۆڕەپانێک بۆ قوربانیانی تەقینەوەکانی کەرکوک بەبێ جیاوازی دروستبکرێت».

بەڵام لەتیف فاتیح فەرەج، چاودێری سیاسی، پێیوایە، بارودۆخی ئێستا کەرکوک نا دڵخۆشکەرەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچن، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بارودۆخی ئێستای کەرکوک بەتایبەت لەنێوان کوردو تورکماندا لەساڵی (١٩٥٩) دەچێت، چونکە کەسانێک لەناو سەرجەم نەتەوەکاندا کاردەکەن بۆ تێکدانی پەیوەندیی نەتەوەکانو هەڵگیرسانی شەڕ، کە ئەم بارودۆخە ئەگەر بەمشێوەیە بەردەوام بێت، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەبەردەم مەترسی لەناوچووندان».

وتیشی: «هەموو لایەنەکان ڕۆڵی خراپیان لە مامەڵەو ئیدارەکردنی شارەکە لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە هەبووەو ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویستە کار بۆ هێورکردنەوەی پەیوەندییەکانو گەڕانەوەی متمانە بکرێت».

لەبارەی بەرەوپێشچوونەکانی دوای خۆپیشاندانەکەی (٢٨)ی تەمموزی ساڵی ڕابردوو، هەرسێ قسەکەری ناو ئەم ڕاپۆرتە هاوڕابوونو ڕایانوابوو «هیچ پێشکەوتنێک بە ئاراستەی چارەسەری کێشەکانی کەرکوک نەهاتووەتە ئاراو بەپێچەوانەوە بەهۆی ملنەدانی لایەنەکان بۆیەکتری دوای ئەو هەموو هەوڵەی لەم ساڵەدا دراون، بەڵام بارودۆخی کەرکوک لەپاشەکشەدا بووەو هیچکام لە هەوڵەکان ئاکامیان نەبووە».

---

**بەڕێزان لە/ نووسینگەی هەولێری «ڕۆژنامەی ڕۆژنامە» و کەناڵی «K.N.N»ی ئاسمانی**

سڵاوو ڕێز...

دەربارەی ئەو ڕوونکردنەوەیەی کە لە (٢٠٠٩/٧/٢٧) ئاراستەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانتان کردبوو، دەمەوێت پێتان ڕابگەیەنم.

١- سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەموو پێشێلکارییەک ریسواو مەحکوم دەکات کە بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسانو دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکرێت، سەرەڕای مەحکومو ریسواکردنی ئەو پێشێلکارییانەی کە بەرامبەر بە ئازادی ڕۆژنامەنووس دەکرێت، چ لە کوردستانو چ لە دەرەوەی کوردستانو ڕاپۆرتە شەش مانگییەکانی (لیژنەی داکۆکی) لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بەڵگەی ڕاستو دروستو ڕاشکاوانەی هەڵوێستی سەندیکایە.

٢- دەربارەی ڕووداوی شەوی (٢٦-٢٠٠٩/٧/٢٧)، کە لە کاتژمێری (١٢)ی شەو تاکو (٥)ی بەیانی کە وەک ئێوە دەڵێن (زیاتر لە پەنجا ئۆتۆمبێلو چوار سەد کەسی گێرەشێوێن لە بەردەم بارەگاکانمان تەقەیان کردووە........) دەمەوێت هەڵوێستی خۆمانتان بۆ دیاری بکەم کە جارێکی دیکە بریتییە لە ریسواکردنو مەحکومکردنی ئەمجۆرە ڕەفتارە، کە دوورە لە خەسڵەتی مرۆڤی بڕوادار بە ژیانی دیموکراتیو ئازادییو پێکەوەژیان لەسەر بنەمای لێکحاڵیبوونو قەبوڵکردنی یەکتری.

٣- سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وەکو لە ڕاگەیاندراوی ڕۆژی (٢٠٠٩/٤/٣٠) بڵاویکردووەتەوە، لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەندیکا باس لەو ڕووداوە قێزەونە دەکاتو هەڵوێستی خۆی ڕادەگەیەنێت.

٤- لە کۆتاییشدا داوا لە دەزگا بەرپرسەکانی کوردستان دەکەین کە موحاسەبەی ئەو کەسانە بکەن، کە بەمجۆرە ڕەفتارانە هێمنیو ئارامی وڵات دەشێوێنن.

لەگەڵ ڕێزمان

**فەرهاد عەونی**
**نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**٢٠٠٩/٧/٢٨**

---

**هەرێمی کوردستان**
**هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ**

**بانگەوازێک**

بۆ سەرجەم لیستو قەوارەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ لە سنووری پارێزگای سلێمانیو کارگێڕیی گەرمیان

ئاگاداری سەرجەم لیستو قەوارەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان وادەی بانگەشەکردن لە (٧/٢٣)دا کۆتاییهاتووە، هەر بۆیە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەموو لیستو قەوارەکان ئاگاداردەکاتەوە، کە پێویستە لە ماوەی (٢٤) کاتژمێری داهاتوودا تەواوی بنکەکانی بانگەشەکردنیان لە هەرێمی کوردستان لە شارو شارۆچکەو گوندەکاندا، دابخەن، چونکە ئەو بنکانە تەنیا بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن کراونەتەوە، بەپێچەوانەوە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ ئەو بنکانەدا دەکەن.

لەگەڵ ڕێزدا...

**دووشەممە ٢٠٠٩/٧/٢٧**
**هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ**
**لە هەرێمی کوردستان**

---

## بەیاننامەی ناڕەزایەتی:

**پێشێلکارییو دەستدرێژیی بۆسەرقەوارە سیاسییەکانی کوردستان بەتوندی مەحکوم دەکەین**

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان**
**حیز ب و لا یە نە سیا سییە کا نی کوردستان**
**ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی**

بەداخەوە خەڵکی کوردستان بەزەوقو پەرۆشەوە چوونە سەرسندوقەکانی دەنگدانو بە پەرۆشیشەوە چاوەڕوانی ئەنجامی دەنگەکانی خۆیانو هەڵبژاردنێکی ئازاد بوون، بەو ئومێدەی وێنەیەکی جوان ببەخشنە هەرێمی کوردستان، کە ساڵی (٢٠٠٥) بەهۆی هەڵبژاردنەکەیەوە خرابووە ناو لیستی ڕەشەوە، بەڵام بەداخەوە بەپێی قسەی چاودێرانی ناوخۆو نێودەوڵەتی هەر لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٥) لە کاتژمێرەکانی کۆتاییدا هەوڵێکی بەرچاو بۆ تەزویرکردنو لەباربردنی ئەو خەونە هاتە مەیدان، بەتایبەتی لە شارەکانی هەولێرو دهۆکو تا ئەمڕۆش بووەتە مایەی پشێوییو نائارامی لە کوردستان.

دوای ڕاگەیاندنی بەرئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، شەوی (٢٦- ٢٧ / ٢٠٠٩/٧) لایەنگرانی لیستی کوردستانی دەسەڵاتدار لەبەردەم بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانو نووسینگەی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامییو بنکەکانی گۆڕان لە شاری هەولێر، پشێوییەکی دزێویان ناوەتەوە، بەتایبەتی بە تەقەکردنو هوتافکێشان لە بەردەمی ئەوشوێنانە کە بەپێی بەیانو لێدوانی ئەو لایەنانە ویستوویانە هێرش بکەنە سەریان. بەمەش جارێکی دیکە ڕای جیاواز پێشێلدەکەنو ڕێز لە ئیرادەو ویستی دەنگدەران ناگرن، کە بە ویستی خۆیان قەوارەیەکی سیاسییان هەڵبژاردووە، شایانی باسە ئەم دەستدرێژیانە لە شاری دهۆکیش بۆ سەر ئەولایەنانە دووبارە بووەتەوە، (ئیستیفزاز)ی کەسانی ناو بارەگاو بنکەکانو ئەوکادیرو ئەندامانەشیان کردووە کە لەناویدا بوون.

ئێمە لە ناوەندی چاک وێڕای ئەوەی بە توندی ئیدانەی ئەم ڕەفتارە دزێو و ناشارستانیانە دەکەین، داوا لە دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین پێش بە هەر دەستدرێژییو پێشێلکارییەک بگرن، چونکە دواجار ئەم ڕەفتارە نادیموکراسیانە ڕووخساری کۆمەڵگەی کوردستان لەسەر ئاستی دنیا دزێو دەکاتو وێنەیەکی ناشرینی پێدەبەخشێت.

لە هەمانکاتدا داوا لە هەموو هێزو لایەنە سیاسییەکانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو ڕووناکبیرانو ڕۆشنبیرانی ئازادیخواز دەکەین دەنگ هەڵبڕنو ڕێگەنەدەن تۆتالیتاریزم هەنگاو بە هەنگاو بێتە پێشەوە، چونکە هەموولایەک دەزانین، چەندە تۆتالیتاریزم لە هەوڵی بێدەنگکردنماندایە، ئەوەندەش بێدەنگیمان تۆتالیتاریزم بەرەو دیکتاتۆرییەتو سەرئەنجام کۆمەڵکوژیمان دەبات.

داواکارین فشار بخەنە سەر دەسەڵاتدارانی کوردستان بۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخی شارەکانی کوردستانو ڕێگەنەدەن ئەو گرژییەی ئێستا هەیە تەشەنە بکاتو سەرئەنجام بە قازانجی هێزە پاوانخوازەکان بشکێتەوە، هەروەها داوا لە هێزەکانی ناوخۆو پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین، کە پابەندبن بە ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە، هەر لێرەوە داوا لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەکەین بە بێلایەنی خۆی ڕێز لە دەنگو مافی خەڵکی کوردستان بگرێتو بێلایەنی خۆی بپارێزێتو چاو لەو تەزویرو پێشێلکارییانەش نەپۆشێت کە خۆیان هەستی پێدەکەنو یەکلایی دەکەنەوە.

ئەمڕۆ کۆمەڵگەی کوردستان لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە ڕەفتارو ئەخلاقیاتی دیموکراسی هەیە، پێویستی بە فەرهەنگی لێبووردەییو پێکەوە ژیان هەیە.

دەسەڵاتدارانی کوردستان دەبێت ئەمڕۆ یان سبەی بگەنە ئەو قەناعەتەی کە تاکە دەرگای دەربازبوونیان لەو قەیرانەی ئەمڕۆ هەر لۆژیکی دیموکراسییەتو تێگەیشتنە لە ویستو داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، ئەوەی کە دواڕۆژو ئایندەی کۆمەڵگەی کوردستانیش دیاریدەکات، تەنیا پرەنسیپە دیموکراسییەکانو دەستەبەرکردنی ئازادییەکانیەتیو قایلبوونە بە ویستو خواستەکانی گەلی کوردستان، بەپێچەوانەوە هەر هەوڵێک بۆ لە گۆڕنانی خەونەکانی کۆمەڵانی خەڵک بێهودەیەو سەرئەنجام دۆڕانی ئەو دەسەڵاتەی بە دواوەیە.

ئێمە لە ناوەندی چاک بەڕاشکاویی ڕایدەگەیەنین، تەقەکردن بەسەر خەڵکدا بەناوی خۆشی دەربڕینەوە بە ناشرینترین ڕەفتار دەزانینو دڵنیاین ئاژاوە دەنێتەوە، بۆیە بەرپرسیارێتیی ئارامیو نەهێشتنی ئەوگرژییو ئاڵۆزییەی ئێستا لە شارەکانی هەولێرو دهۆک هەیە، بە ئەرکی سەرۆکی هەرێمو وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزانین، چونکە ئازادییو سەلامەتی خەڵکی کوردستانیان لە ئەستۆیە. بە پێچەوانەوە لەسەر ئاستی ناوخۆو نێودەوڵەتی هەوڵی جۆراوجۆر دەخەینەگەڕ بۆ گەڕانەوەی شکۆو ڕێزی کۆمەڵگەی کوردستان، چونکە پێمانوایە ئەو مامەڵانە شایستەی خەڵکی کوردستان نین کە ئاستی قوربانیدانی زۆر لەوە زیاترە دەسەڵاتداران ئاوا مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

**ناوەندی هەڵەبجە**
**دژ بە ئەنفالو جینۆسایدی گەلی کورد –چاک**
**٢٠٠٩ /٧/٢٧**

# دەنگدانەوەی میدیایی

## ئەزموونی حیزب، زمانی گولله

ئا: شاڵاو فەتاح

هێرشەکان بۆ سەر بنکەکانی هەردوو لیستی گۆڕانو خزمەتگوزاریو چاکسازی لەگەڵ کێشەی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥) لەهەولێرو دهۆک، بوونەتە مانشێتی زۆرێک لە ڕۆژنامەو ئاژانسە جیهانییەکان، ئەمە جگە لە باسکردنی داهاتووی سیاسەتی کوردی بەرامبەر بە بەغداو گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق بەهۆی پەیدابوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزەوە.

میدیاکانی جیهان ئاماژە بە گۆڕان دەدەن لە سیاسەتو پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان، ئەمە جگە لەوەی هەندێکیان بەوردیی بەدوای دوا هەواڵدا دەگەڕێن کە وەک کاردانەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بڵاوبکرێتەوە. یەکێک لەو ئاژانسە هەواڵییانەی کە ڕۆژانە زیاد لە ڕاپۆرتێک دەربارەی بارودۆخی کوردستان، بەتایبەت هەڵبژاردنەکان دەکات. (ئەی.ئێف.پی) دوێنێ لە چەند ڕاپۆرتێکدا باسی ساختەکارییو هێرشەکانی دەسەڵاتی کرد بۆ سەر چەند لیستێکی جیاواز.

**ڕۆژنامەی فیلادەلفیا ئینکویرەر** باس لە ئەگەری گۆڕانی سیاسەتی کورد بەرامبەر حکومەتی ناوەندی عێراق دەکات، بەهۆی سەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمدا. ڕۆژنامەکە دەنووسێت: سەرکەوتنی جێی سەرسوڕمانی ئۆپۆزسیۆن کە بەهۆی بوونی گەندەڵیی درووستبوو، دوورنییە سیاسەتی حکومەتی هەرێم بەرامبەر کێشەکانی کەرکوکو ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە بگۆڕێت.

ڕۆژنامەکە فشارەکانی گۆڕینی سیاسەتی هەرێم بۆ بەدەستهێنانی دەنگی زۆری لیستی گۆڕان دەگێڕێتەوە، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە؛ لەگەڵ بوونی فشاری زۆری ئەمریکییەکان بۆ ڕاگرتنی دۆخی ئاسایشی نێوان پێکهاتەکانی عێراق، بەڵام هێشتا گوتاری کوردو عەرەب لە عێراقدا بەرەو توندوتیژیی دەچێت، گۆڕانی ئەم گوتارەش دوور نییە بەهۆی ئەم هەڵبژاردنەوە بەدەستبێت، هەرچەندە گشت لیستەکان ئەجێندایەکی نەتەوەییان هەیە، بەڵام چاودێران پێیانوایە گوتاری کورد بەرامبەر کێشەکانی نەوتو دەسەڵاتو ناوچە جێناکۆکەکان گۆڕانی بەسەردا دێت.


فۆتۆ: هەڵۆ محەمەد

**ئاژانسی ئەسۆشیەیتد پرێس** ڕۆژانە ڕاپۆرتێک یان زیاتر لەسەر هەڵبژاردنەکانی کوردستان بڵاودەکاتەوە. لەدوای باسکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنو دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن، ئەوەی نوێیە لە ڕاپۆرتەکەی دوێنی (ئەی.ئێف.پی)دا بریتیە لە باسکردنی چۆنێتی ئەنجامدانی ڕووداوەکانی هێرشکردنە سەر بنکەکانی لیستی گۆڕان لەلایەن لیستی دەسەڵاتەوە. ئاژانسەکە لەسەر زاری یەکێک لە لێپرسراوانی گۆڕانەوە دەنووسێت: بە وێنەی بارزانییەوە هاتنو سێ ئۆفیسی ئێمەیان تێکداو وێنەکانی بارزانییان بەدیوارەکانەوە هەڵواسی، دەسەڵات بە بەرپرسیار دەزانین، چونکە نەیانتوانیوە کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن. دواتر (ئەی.ئێف.پی) باس لە سکاڵاکردنی لیستی چوار حیزبەکە لە هێرشەکان دەکات، کە بە لیستی (چەپو ئیسلامی) ناویان دەبات.

**هەمان ئاژانس** ڕاپۆرتێکی دیکەی تایبەت کردووە بە باسی ساختەکارییەکان لە کوردستان، باس لەوە دەکات کە ئەنجامەکانی ئۆپۆزسیۆن دەکرا زۆر گەورەتربێت گەر ساختەکاریی لیستی دەسەڵات نەبوایە. دواتر بەشێک لە بەیاننامەکەی نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی لیستی گۆڕان بڵاودەکاتەوە دەربارەی بوونی ساختەکارییو گۆڕینی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، تیایدا داوایکردووە کە «ساختەکاریی بووەستێنن». دواتر باس لە سکاڵای لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازیش دەکات لەسەر بوونی ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکاندا.

**ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵ**ی ئەمریکی دوای باسکردنی سەرکەوتنی بەرچاوی ئۆپۆزسیۆن لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمدا، باسی گۆڕانی باڵانسی دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری پارتیو یەکێتی دەکاتو دەڵێت «ئەو هاوپەیمانێتییە لە مەترسیدایە». هەرچەندە بەرپرسانی پارتی باس لە پاراستنی هاوپەیمانێتییەکە دەکەن، بەڵام ڕۆژنامەکە پێشبینی ئەوە دەکات کە هاوپەیمانیو یەکڕیزیی کورد بەگشتی بەرامبەر بەغدا درزی تێکەوتووە. ئاژانسی ڕۆیتەرزیش لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژە بە ئەگەری گۆڕانی سیاسەتی کورد لە بەغدا، بەتایبەت لەبارەی چۆنێتی بەکارهێنانی سامانی نەوتەوە، دەکات.

**سایتی وۆڵد بولێت ئین** پیرۆزبایی سەرۆکی تورکیا بۆ سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان ڕادەگەیەنێت، لەسەر زاری عەبدوڵڵا گولی سەرۆک کۆماری تورکیاوە، سایتەکە دەنووسێت «سەرۆکی تورکیا هیواخوازە هەڵبژاردنەکان ئاشتیو ئارامی بۆ باکووری عێراق بهێنێت». لە ناوەندی شاری کەیسەریو لە بەردەم ڕۆژنامەنووساندا عەبدوڵڵا گول وتی «باکووری عێراق بەشێکە لەعێراقو هیواخوازین هەڵبژاردنەکان ئاشتیو ئارامی بۆ ئەو هەرێمە بێنێت، عێراق زۆر کێشەی هەیە وەک نەوتو هەرێمەکان. هیوادارین ئەو کێشانە لەناوخۆدا بەئاشتی چارەسەربکرێن». دواتر سەرۆکی تورکیا باس لە گرنگی هاوکاری نێوان عێراقو تورکیای کرد، بەپێی وتەکانی گول ئەگەر عێراقو تورکیا هاوکاری یەکتر بکەن لەڕووی ئابووریو سیاسییەوە، ئەوا بۆ هەردوو لا باشەو پێشکەوتن لەسەر ئاستی هەرێمیی بەدەستدێت.

**ئاژانسی هەواڵی ئاشووری** ژمارەی برینداران و کوژراوانی هەردوو لیستی گۆڕانو خزمەتگوزاریو چاکسازی بڵاوکردەوە. ئاژانسەکە دەنووسێت «دە ئۆفیسی لیستی گۆڕانو خزمەتگوزاریو چاکسازی ڕووبەڕووی هێرش بوونەتەوە، کەسێک کوژراوەو (١١) کەسیش بریندارن، کە چواریان حاڵەتی برینداریییەکەیان مەترسیدارە». دواتر ئاژانسەکە باس لەوە دەکات کە ٣٠٠ سکاڵا لەدژی کارەکانی لیستی کوردستانی بەرزکراوەتەوە، بەڵام کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق هیچ وەڵامێکی بۆ ئەو سکاڵایانە نەبووە.

## هەردوو پارتی دەسەڵاتدار شەعبیەتیان لەدەستداوە

ئا: محەمەد ساڵح حەمەلاو

**سایتی ئەسواتولعێراق** بڵاویکردووەتەوە بەپێی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەکان چاوەڕواندەکرێت هەڵبژاردنی ئەمجارە نەخشەی سیاسی هەرێم بگۆڕێتو ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزیش لە پەرلەمان بێنێتەئاراوە.

چاودێران پێیانووایە، هەردوو پارتی دەسەڵاتدار ژمارەیەک لە کورسییەکانی پێشوویان لەدەستداوەو لەبەرامبەریشدا ئێستا گرووپێکی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز سەریهەڵداوە کە لە ساڵی (١٩٩١)ەوە ئەمە یەکەمجارە هەرێمی کوردستان ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزی لەوجۆرە بەخۆیەوە ببینێت، کە دەتوانێت وێنەی بینراوی هەرێمو باڵانسەکان بگۆڕێت.

ئەسواتولعێراق لەسەر زاری ڕێبین ڕەسوڵ، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ئەمریکی بۆ کورد (ASK) بڵاویکردووەتەوە، هەرچەندە لیستی کوردستانی زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوەو دەتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، بەڵام لیستی کوردستانی نزیکەی (٢٠) کورسی خۆی لەدەستداوە، ڕێبین پێشیوایە «لیستی کوردستانی ڕووبەڕووی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزدەبێتەوە کە پێشتر لە پەرلەمان ئۆپۆزسیۆنێکی لەوجۆرە بوونی نەبووە» ڕێبین ئاماژەی بەوەشکردووە «ئەو ئەنجامەی لیستی گۆڕان بەدەستیهێناوە ئاماژە بۆ سەرکەوتنێکی گەورەی لیستەکە دەکات»، بەڵام ئەو ئەنجامەی کە لیستی چاکسازی بەدەستیهێناوە لە ئاستی خواستی لیستەکەدا نەبووە. چاودێرێکی سیاسیش کە نەیویستووە ناوی ئاشکرابکات، ئاماژە بەوەدەکات «ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەوەیان ئاشکراکرد کە هەردوو پارتی دەسەڵاتدار شەعبیەتی خۆیان لەدەستداوە، ئەو چاودێرە پێشیوایە دەبێت لە ئێستاوە هەردوو پارتی دەسەڵاتدار پێداویستییەکانی ئەم قۆناغە فەراهەمبکەن، بۆ ئەوەی لە خولی داهاتوودا نەبنە حیزبی کەمینە».

**ڕۆژنامەی سەباحی چاپی بەغدا** لەسەر زاری زانا ڕۆستایی، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی بڵاویکردووەتەوە، لیستی چاکسازی لە توانایدایە هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز لە پەرلەماندا پیکبهێنێت، وتیشی: «ئەگەر هاوپەیمانی لەگەڵ لیستی گۆڕان بکەین، ئەوا گەورەترین ئۆپۆزسیۆن پێکدێنین، «ئاماژەی بەوەشکرد لە حاڵەتێکدا ئەگەر لیستی کوردستانی داوای هاوپەیمانێتیان لێکردین، ڕازینابین ڕۆڵێکی لاوازو پەراوێزخراومان لە حکومەتدا پێبدرێت»، ڕۆستایی ئەوەشی نەشاردەوە «ئەگەری زۆر هەیە کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ لیستی گۆڕاندا هاوپەیمانی پێکبهێنێت».

**سایتی نیقاش** بڵاویکردووەتەوە بەپێی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەکانی هەرێم، هەرچەندە پارتی دەسەڵاتدار زۆرینەی کورسییەکانی بەدەستهێناوە، هاوکات لیستی گۆڕان کە بزووتنەوەیەکی ڕیفۆرمخوازی ئۆپۆزسیۆنە ڕێژەی زیاتر (٪٢٥)ی کورسییەکانی بەدەستهێناوەو لەگەڵ دەنگی لیستەکانی دیکەدا، چاوەڕواندەکرێت پەرلەمانی ئەمجارەی هەرێمی کوردستان ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز بەخۆیەوە ببینێت.

لە لێدوانێکیشیدا بۆ سایتی نیقاش کوێستان محەمەد، کە دووەم کاندیدی لیستی گۆڕانە ئاماژە بەوەدەکات پاشنیوەڕۆی ڕۆژی (٧/٢٥) ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیسو ئاسایش بە جلی مەدەنییەوە چوونەتە بنکەکانی دەنگدانو زیاتر لە جارێک دەنگیانداوە.

شۆڕش حاجی کە یەکێکە لە بەرپرسانی لیستی گۆڕان، لە لێدوانێکیدا بۆ سایتی ئەسواتولعێراق ڕایگەیاندووە: لە ئێستادا سەرگەرمی تاوتوێکردنی چەندین ڕاوبۆچوونین دەربارەی ئەوەی کە ئایا لیستەکەمان بکەینە بزووتنەوەیەکی سیاسی یاخود وەک فراکسیۆنێک لەناو پەرلەماندا بمێننەوە». وتیشی: هەرچەندە لیستەکەمان ماوەی یەک دوو مانگێکە پێکهێنراوە، بەڵام بە وتەی شۆڕش حاجی نوێنەرایەتی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بەرفراوان دەکاتو سەرجەم ڕێگەکانیش لەبەردەمیاندا کراوەیە، ئاماژەی بەوەشکرد، لیستەکەیان بێ گوێدانە ئینتمای حیزبی دەیان هەزارکەس لەوپەڕی ئیسلامیەوە بۆ ئەو پەڕی عەلمانی لە سەرجەم چینو توێژەکان لە خۆدەگرێتو لیستەکەشیان توانیویەتی متمانەیەکی گەورە لەلایەن گەلەوە بەدەستبهێنێت.

**ڕۆژنامەی زەمانی چاپی بەغدا** لەسەر زاری مەحمود عوسمان، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڵاویکردووەتەوە، کە نەتەوەیەکگرتووەکان جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتی ئاگاداردەکەنەوە لەوەی ئەو هێزە چەکدارەی ڕۆژی (٧/٢٥) لە دەوروبەری شارەکان کۆیان کردبووەوە بیان کێشنەوە شوێنەکانی خۆیان.


فۆتۆ: ڕۆژنامە

# لیستی کوردستانی
# کورسی مەسیحییەکانیش بۆ خۆی زەوتدەکات

بەهادین یوسف


یونادەم یوسف کەننا

**لە هەڵبژاردنی ساڵی (١٩٩٢)و (٢٠٠٥)یشدا کەمتر لە (٨) هەزار دەنگی مەسیحی هەبووە، بەڵام ئێستا (١٧-١٨) هەزار دەنگ هاتووە، ئەوە نەمەنتیقەو نەزانستییە، هەندێک شوێن تەنانەت یەک مەسیحی لێ نییە، بەڵام (چوار) هەزار دەنگیان هێناوە**

لیستێکی مەسیحی ڕەخنە لە بەرپرسانی لیستی کوردستانی دەگرێت، بەوەی کورسی مەسیحییەکانیان قۆستووەتەوە بۆ خۆیان‌و لەڕێی دەنگی خەڵکانی نامەسیحییەوە دەنگیان بۆ لیستێکی دیاریکراو کۆکردووەتەوەو کورسی تایبەتی ئەو نەتەوەیەیان بۆ خۆیان بردووەتەوە ئەوەش ئیرادەی مەسیحییەکان نازانێت، ئەوەش ئاشکرادەکات ئەو دەنگانەی بۆ کورسی مەسیحییەکان دراوە سێ ئەوەندەی دەنگی ژمارەی ڕاسەقینەی خۆیانە.

یونادەم یوسف کەننا، لە لیستی ڕافیدەینی مەسیحی کە یەکێک بوو لە لیستە ڕکابەرەکان بۆ بەدەستهێنانی (٥) کورسی لەو چوارچێوەی کۆتایی نەتەوەکان بۆیان تەرخانکرابوو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هەڵبژاردنەکانی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی بێ هیچ پێشێلکارییەکی ئەمنیی بەڕێوەچووەو لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو باشتربوو، هەنگاونراوە بەرەوە دیموکراسیەت».

کەننا پێیوایە: «دەرکەوتنی هێزی ئۆپۆزسیۆنی وەکو گۆڕان‌و لیستی خزمەتگوزاری‌و چاکسازی نیشانەی ئەوەیە دیموکراسیەت بەرەو باشتر دەڕوات‌و خەڵک بە ئیرادەی خۆی نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێت، ئەگەرچی هەندێک خروقاتیش ڕوویداوە، دەتوانم بڵێم هەنگاوبوو بۆ پێشەوە».

سەبارەت بە کۆتای مەسیحییەکانیش کە (٥) کورسییان بۆ تەرخانکرابوو وتی: مەسەلەی کۆتای مەسیحییەکان، بەداخەوە بەشێوەیەکی زۆر خراپ ئیستغلال کرا لەلایەن لیستی کوردستانییەوە، لە ناوچەی بادینان‌و عەینکاوە، ڕێنمایی لە لقی زاخۆو ئامێدی پارتییەوە دەرکراوە جگە لە فشار لەسەر میللەت‌و خەڵکێک لە دەرەوەی پێکهاتەی مەسیحی، ئاراستەکراون دەنگ بدەن بە لیستی (مەجلیسی شەعبی کلدانی سریانی ئاشووری) هەر وەک ئەندامانی ناسراوی ئەو لیستە هەموویان کادیرانی پارتین ئەمەش کاردانەوەی خراپی دەبێت لەسەر میللەتی ئێمە، ڕاستە دیموکراسیەتە، بەڵام ئێمە دەزانین چەند دەنگمان هەیە لە کوردستان، بەڵام یەک کورسی دەبەینەوە، چونکە خەڵکی ئامێدی‌و بەروارو ناوچەکانی دیکە ئاراستەکراوبوون دەنگ بدەنە لیستی مەجلیسی شەعبی، ئەوە ڕاستە ئازادی‌و دیموکراسییە، بەڵام ئەگەر خەڵک بە ئیرادەی خۆیان بچن دەنگ بدەن ئێمە ڕێزی دەنگەکانیان دەگرین، بەڵام نەک بە تەوجیهی حیزبی لە دەرەوەی پێکهاتەی مەسیحییەکان.

لە هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا، سیستمی کۆتا پەیڕەو کرا، بە جۆرێک هەریەکە لە پێکهاتەکانی مەسیحی‌و تورکمانی هەریەکەو پێنج کورسی‌و ئەرمەنەکانیش کورسییەکیان بۆ تەرخانکرابوو، چوار لیست‌و هاوپەیمانی بۆ لیستی تورکمانەکان‌و سێ کەسایەتی بۆ تاکە کورسی ئەرمەن‌و چوار لیست‌و قەوارەش بۆ پێنج کورسی مەسیحییەکان کێبکرێیان دەکرد کە پێکهاتبوون لە: «لیستی ڕافیدەین، مەجلسی شەعبی کلدانی ئاشووری سریانی، لیستی کلدانی یەکگرتوو، لیستی حوکمی زاتی بۆ کلدان ئاشووری سریانی».

سەبارەت بە ئەنجامە بەراییەکانی پێنج کورسی (کۆتا)ی مەسیحییەکان، یونادەم کەننا وتی: «یەکەم جیاکردنەوەی دەنگەکان کە لەناو کۆمەڵگە مەسیحییەکان کراو چاودێرو نوێنەرمان هەبوو، دەنگەکانی هەموو لایەکمان کۆکردەوە (سێ) کورسی بۆ لیستی ڕافیدەین بوو، (دوو) کورسیش بۆ مەجلیس شەعبیی بوو، بەڵام ئێستا کە کۆی دەنگەکان کورسییەکانی مەجلیسی شەعبیی کە سەر بە پارتین، بەرزبووەتەوە بۆ (چوار) کورسی‌و (یەک) کورسیش بۆ ئێمەیە».

هەروەک ڕەخنەی لە لیستی کوردستانی‌و بەتایبەتی پارتی گرت بەوەی خەڵکی دیکەیان هانداوە دەنگ بە لیستەکەی خۆیان بدەن بۆ ئەوەی ئەو کورسییانەی مەسیحییەکانیش بۆ خۆیان بێت: «قاسمی ئینتخابی (ژمارەی دەنگەکان بۆ بەدەستهێنانی یەک کورسی) بۆ لیستەکانی دیکە (٢٠) هەزار دەنگ بێت، بەڵام بۆ ئێمەی مەسیحی ناگاتە سێ هەزار دەنگ، لەبەرئەوە چەند هەزار کەسێک لە شوێنێک دەنگ بدات بۆ ئەو لیستە دەتوانێت کورسی کەمینەکان بباتەوە، بەداخەوە ئەو هەڵویستەی کە خەڵکی نا مەسیحی دەنگیان بەو لیستە داوە کاردانەوەی خراپی دەبێت‌و مومارەسەیەکی یەکجار قبوڵنەکراوە، لەبری ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوانمان بەهێزبکات‌و برایەتی باشتربکات، ئەم هەڵوێستە کۆسپەکان زیاتردەکات، هەوڵدەدەین بەشێوەیەک لەگەڵ لیستەکانی دیکە چارەسەری بکەین، ئەگەرنا دۆخەکە بەرەو خراپتر دەڕوات».

بەپێی سیستمی کۆتا لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ بەدەستهێنانی کورسییەک کۆی دەنگە بەدەستهاتووەکان دابەشدەکرێت بەسەر کورسی تایبەتی نەتەوەکانی دیکە، ڕەنگە بۆ بەدەستهێنانی کورسییەک، (٤/١)ی دەنگی کورسییەکی گشتی پێویست بێت.

یونادەم کەننا ئەوەشی بۆ ڕۆژنامە ئاشکراکرد: «ئەو دەنگانەی کە لیستی ڕافیدەین بەدەستیهێناوە تەنیا دەنگی مەسیحییەکانە کە نزیکەی (٥٨٠٠) دەنگ هاتووە، بەڵام دەنگی لیستەکەی دیکە (مەجلیسی شەعبیی) دەنگی مسوڵمان‌و کوردەکانە لە زاخۆو ئامێدی‌و بەروارو عەینکاوە».

ئەو هەڵسوڕاوەی لیستی ڕافیدەین چاوەڕوانی موفاجەئەی زیاتردەکەن، چونکە بە وتەی ئەو: «شوێن هەیە یەک مەسیحی تێدا نییە، بەڵام (٢) هەزار دەنگ بۆ مەسیحییەکان هاتووە، تەنیا لیستی مەجلیسی شەعبیی زیاتر لە (٩) هەزار دەنگیان بەدەستهێناوە، لەکاتێکدا لە هەڵبژاردنی ساڵی (١٩٩٢)و (٢٠٠٥)یشدا نزیکەی (٨) هەزار دەنگی مەسیحی هەبووە، (یەک) لەسەر (سێی) دەنگەکانی ئێستا، بەڵام ئێستا (١٧-١٨) هەزار دەنگ هاتووە، ئەوە نەمەنتیقەو نەزانستییە، هەندێک شوێن تەنانەت یەک مەسیحی لێ نییە، بەڵام (چوار) هەزار دەنگیان هێناوە».

یونادەم یوسف کەننا هۆکاری دروستبوونی ئەو خروقاتانەشی گەڕاندەوە بۆ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم‌و وتی: «کۆمسیۆنی باڵا ڕێی نەدا وەکو ساڵی (١٩٩٢) هەڵبژاردن بۆ کورسی مەسیحییەکان تەنیا لەنێوان خۆماندا بکرێت، هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان یاساکەی وادارشتبوو کە تۆمارێکی تایبەت بە کەمە نەتەوەکان دابنرێت»، بەڵام کۆمسیۆن ڕایگەیاند: «ناتوانن تۆماری تایبەت دروستبکەن، یان بازنەیەکی تایبەتی هەڵبژاردنمان هەبێت بۆ کورسییەکانی خۆمان، بەڵام دەکرا ناوەند یان وێستگەی تایبەتمان بۆ بکرێتەوە لەو شوێنانەی کە زۆرینەی مەسیحییە، کە نەکرا، ئەوا بەو شێوەیە دەنگەکان‌و کورسییەکانی ئێمە ئیستغلالکراو بەو شێوەیە کەوتەوە».

**لە ناوچەی بادینان‌و عەینکاوە ڕێنمایی لە لقی زاخۆو ئامێدی پارتییەوە دەرکراوە، جگە لە فشار لەسەر میللەت‌و خەڵکێک لە دەرەوەی پێکهاتەی مەسیحی ئاراستەکراون دەنگ بدەن بە لیستی (مەجلیسی شەعبی کلدانی سریانی ئاشووری) هەر وەک ئەندامانی ناسراوی ئەو لیستە هەموویان کادیرانی پارتین**


فۆتۆ: ڕۆیتەرز

# ـردن‌و مووچەبڕین، خەڵکیان ترساندووە

## د.نیکۆلاوس براونس مێژووناس‌و ڕۆژنامەنووس بۆ ڕۆژنامە

**دیسیپلینی خورتی رامیاریی بەرقەرار بێت، یاخود فرەڕەنگیی‌و پلوراڵیی، هەتا بیرو باوەڕەجیاوازەکان ئازادانە نوێنەرایەتی بکرێن؟**

– دانیشتووانی کوردستان، لە چینی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆرو گرووپی ئیتنی‌و ئایینی جیاواز جیاواز پێکدێن، هەموو ئەو چین‌و توێژو گرووپانە، بایەخ‌و خواستی جیاوازو جارجاریش هاودژیان هەیە. میرییەکی بەدەسەڵاتی نادیموکراس، ناتوانێت یەکێتی لەنێو ئەو گرووپانەدا بەرقەرار بکات، بەڵکو تەنیا پایەی بەرزتری چینێک، توێژێک، گرووپێک، بەسەر ئەوانی دیکەدا دەسەپێنێت. لەو رەوشەدا خواستەکانی دەوڵەمەندەکان‌و بەهێزەکان لە بەرامبەر کارگەران‌و کەمینە ئیتنییەکان بایەخیان پێدەدرێت. نارەزاییە ناوەکییەکان لەژێر جبەی چەوساندنەوەدا وەک خۆیان دەچەپێنرێن، تا لە دواییدا لە شێوەی تەقینەوەدا رێگە بۆ خۆیان دەکەنەوە. لەم ماوەیەدا ئەو رەوشەمان لە ئێران بینی.

بەڵام گەر پێچەوانەی ئەوە، گەنگەشەی ئاشکراو راشکاو و ئازاد سەبارەت بە پرۆگرام‌و ئامانجە رامیارییەکان لە گۆڕێدا بن، زۆرینە دەتوانن بەپێی بنەمای رێککەوتن، ئامانجی هاوبەش بدۆزنەوە. ئەو جۆرە زۆرایەتیانە هەمیشە پەیوەستن بە بڕواهێنان‌و هەماهەنگییەوە، نەک چەپاندن‌و زۆرکاریی.

کوردستانێکی ئازاد، تەنیا بە دەستاوێژەکانی خۆرێکخستنی دیموکراسییانە، برایەتی گەلانی کوردستان، هەروەها کۆنترۆڵی هاوبەش بەسەر سامانی مێزۆپۆتامیا دروستدەبێت، نەک لە رێگەی هاوکاریی لەگەڵ هێزە کۆلۆنیالیستەکان، تاڵانفرۆشیی سامانی خاک، ئابووریی خزمخزمێنەو کۆتوبەندی پۆلیسی دژی ئەوانەی جوداتر بیر دەکەنەوە.

دەسەڵاتێکی چەپێنەر لە کوردستان، تەنیا بونیادە فۆیداڵی‌و ئایینییە کۆنەپەرستەکان ناچەسپێنێت، بەڵکو هاریکاریی مانەوەی فۆرمەکانی دەسەڵاتداریی نادیموکراس‌و نەتەوەیی‌و سەربازیی‌و ئایینی لە بەشەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەکات.

ئەو دیاردەیە، ئەو رێککەوتنەش جەختی لەسەر دەکاتەوە، کە تاڵەبانی‌و بارزانی لەگەڵ تورکیاو ئەمریکا دژی (پەکەکە) ئەنجامیاندا. لەو رێگەیەوە رامیاریی دژەکوردی میریی‌و سوپای تورک دژی بزووتنەوەی دیموکراسی باکووری کوردستان پشتیوانی دەکرێت. بەو شێوازە، دیسانەوە (کورد) بۆ خواست‌و بەرژەوەندیی هێزە گەورەو بچووکە کۆلۆنیالیستەکان‌و هاریکارەکانیان لە فیوداڵ‌و سەرەک خێڵەکانی کورد بە گژ (کورد)دا دەکرێتەوە.

بە پێچەوانەشەوە، کوردستانێکی دیموکراس، جا وڵاتێکی سەربەخۆ بێت یان سەر بە یەکەیەکی فیدراڵ، دەبێتە نموونەیەکی رووناک بۆ گەلانی دی دەڤەرەکە. تا رژێمە چەپێنەرو دیسپۆتییەکانیان بهەژێنن‌و چارەنووسیان بکەوێتە دەستی خۆیان. بەو شێوازە کورد کە بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشکراوە، دەبێتە پردەرێی بەدیموکراسیکردن لە رۆژهەڵاتی ناڤین.

*** سالانێکی زۆرە رۆشنبیران‌و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ داوای ریفۆرم‌و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی دەکەن، هەردوو پارت (ینک‌و پدک) لەمێژە دەڵێن، گۆڕان پێویستەو بەڵێنی چاکسازییاندا، بەڵام ئەو گرووفرانە هیچ راست دەرنەچوون. ئایا، پاش ئەو هەموو ئەزموونە تاڵەی کارکردی ئەوان، مرۆڤ دەتوانێت متمانە بە بەڵێنەکانیان بکات؟**

–(پدک‌و ینک) وێنای تێکەڵەیەک دەکەن، لە هاوپەیوەستی خێڵ (کۆنفیدراسیۆنی خێڵ)و دەزگای رێکخراوەیی دارودەستە–فۆرم (کلاینتیلیزم)، کە هەرێمەکەیان بە سیستمێکی خاوەنداریی دارایی داپۆشیوە. ئامانجی ئەو پارتانە زەنگینکردنی خودی سەرکردەکانیان‌و تا رادەیەک بایەخدانە، بە ئەندامەکانیان. لەوێدا پرۆگرامی رامیاریی‌و تێڕوانین‌و خواستی رامیاریی بە هیچ کلۆجێک واتایان نییە، بەڵام تەنانەت گەر (پدک‌و ینک) گۆڕانیشیان بوێت ناتوانن ریالیزەی بکەن. ئەو رەوشە تەنیا تاوانی ئەو پارتانەو سەرکردەکانیان نییە، بەڵکو پەیوەستیشە بە بارودۆخی کوردستانەوە بەگشتیی، وەک یەکێک لەو وڵاتانەی بە (دەوڵەتی خانەنشینکراوان) ناودەبرێن. مەبەست لەوەیە، لەو دەوڵەتانەدا، بەشێکی زۆر گەورەی داهاتی وڵات، لە سەرچاوەی تا رادەیەک نابەرهەمهێن، چالاکیی‌و کاری پشتبەستوو بە کاڵای هاوردە پێکدێت. هەرچەندە ئەوانە دراوی بیانیی دێننە وڵاتەوە، بەڵام شتێکی ئەوتۆی زێدەبەها پەیدا ناکەن.

بەرزەفتی مووچەو مووچەی خانەنشینی، خەوشی گەشەی ئابووری، هاوردنی خۆراک‌و کاڵای بەکارهێنان لە دەرەوە، بوونەتە سەرچاوەی بنەڕەتیی دەوڵەمەندکردنی گرووپە دەسەڵاتدارەکانی (پدک‌و ینک) وەک چینی دەوڵەتیی. هەروەها لە رێگەی دابەشکردنی بەشێکی ئەو داهاتانە بەسەر تۆڕەکانی دارودەستەیاندا، هێزی دەسەڵاتداریان دەهێڵنەوە.

بایەخدان بە بونیادنان‌و گەشەکردنی ئابووری کشتوکاڵی‌و بەرهەمهێنانی پیشەسازیی، کە بۆ وڵات توانای خۆبەخێوکردن (ئاوتارکیی) دابین بکەن، لای ئەو جۆرە گرووپانە هەژی بایەخپێدان نییە.

ئەو رەوشە زیاتریش ماڵوێرانکەرە، کاتێک بەشی گەورەی بودجەی هەرێمی کوردستان، لە هەناردنی کەرەسەی خاو لە خودی هەرێمەوە پێک نایەت، بەڵکو بەشێکە لە بەشە بودجەی هەرێم کە لە (بەغدا) وەریدەگرێت.

کەواتە هەرێمی کوردستان، لانیکەم تا ئەو کاتەی پرسی کەرکوک بە چارەسەرنەکراوی بمێنێتەوە، هەر بەتەنیا (وڵاتی خانەنشینکراوانی ناسەربەخۆ) نییە، بەڵکو خراپتریشە.

هەتا ئەو بارودۆخە لە رێگەی (بۆ نموونە) بونیادنانی خۆیەکی، ئابووری کشتوکاڵی‌و بەرهەمهێنانی پیشەسازیی نیشتمانی چارەسەر نەکرێت، ناتوانرێت سەرکەوتووانەش شەڕی گەندەڵی بکرێت.

*** هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لە هەرێمی کوردستان، دەسەڵاتی فەرمانکردنیان بەسەر دامودەزگەکانی پۆلیس‌و ئاسایش‌و پێشمەرگەدا هەیە. دیموکراسی لەو رەوشەدا چۆن دەتوانێت رێگەی خۆی بکاتەوە، لەکاتێکدا دوو پارتەکە دەسەڵاتەکانی میریی وەها بەد بەکاردێنن؟**

– ئەوەی کە پێشمەرگەو پۆلیس‌و دەزگەکانی هەواڵگریی، راستەوخۆ بە دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەوە بەستراون، چەند ئاستەنگێکی بەرقەرار کردووە، لەلایەک، زۆرجار روویداوە، ئەو دامەزراوانەی ئاسایش کە راست وایە بە فەرمیی‌و بە کارکرد لەژێر فەرمانی میریدا بن، بۆ خزمەتی مەرامی پارتەکان خراونەتەگەڕ. لەبری ئەوەی پێشمەرگە، هێزێکی چەکداری نیشتمانی بێت بۆ کوردستان، هێشتا سوپای پارتەکانە کە بە شێوازی نادیموکراسیانە بۆ چەپاندنی رکابەرانیش لە بەرەی ئۆپۆزسیۆندا دەخرێتەگەڕ. ئەوە پێش هەڵبژاردنی پێشوش روویدا، کاتێک نوێنەرانی پارتە ئیسلامییەکان بەر پەلاماری هێزەکانی ئاسایش کەوتن. هەروەها ئێستاش کە ئەو هێزانە بە هەمانشێواز لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی (پەچەدەکە) دەجوڵێنەوە،

بەڵام سوپای پارتەکان تەنیا مەترسی جەستەیی نین بۆ گیانی ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو لە سۆنگەی وابەستەیی بژێوییانەوە بە (پدک‌و ینک)، نە پێشمەرگەو نە کارمەندانی دیکەی پۆلیس‌و ئاسایشیش ناتوانن ئازادانە دەنگ بدەن.

ئاشکراشە، (پدک‌و ینک) بە هەڕەشەی دەرکردن‌و مووچەبڕین خەڵکیان ترساندووە تا دەنگ بە (لیستی کوردستانی) بدەن.

ئەگەر لەداهاتوودا لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن، بۆ نموونە (لیستی گۆڕان)، بتوانن کاریگەریی لەسەر دەسەڵاتی داهاتووی هەرێم دابنێن. پێویستە یەکەمجار هێزەکانی ئاسایش‌و چەکدار لە هەژموونی پارتەکان قوتار بکەن‌و لەو بودجەیەی دەسەڵات کە هیواخوازین تراسپارێنز (شەفاف) بێت مووچەیان پێبدرێت. ئەوە دەبێتە یەکەم هەنگاوی پێویست، لەپێناوی گۆڕینی سوپاو چەکداری پارتەکان بۆ هێزگەلی نیشتمانیی.

کێشەیەکی دیکەش کە دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو پێناسە ئابووری رامیارییەی من بە (دەوڵەتی خانەنشینکراوان) بۆ کوردستان ناوم برد، تەنیا کاتێک ئابووریەکی بەرهەمهێن گەشە دەکات، دەتوانرێت لە دەرەوەی چوارچێوەی دامودەزگەکانی ئاسایش هەلی کار برەخسێت. تەنیا لەوێوە دەتوانرێت ناچاری سەدان هەزار مرۆڤ بە کارکردن لە چوارچێوەی دامودەزگاکانی ئاسایش‌و چەکدارییدا کەمبکرێتەوە. ئەو کاتە دەتوانرێت زۆرینەی پێشمەرگە، وەک کارگەر لەنێو پرۆسەی گەشەی ئابووریدا جێگەیان بکرێتەوە. ئەو کاتە دەستاوێژی بەرگری لە کوردستان، لە چەکدارکردنی گشتیی دانیشتووانەوە، دەگۆڕدرێت بۆ سیستمێکی سەربازیی گشتیی‌و تەنیا کۆمەڵێک کادیری پسپۆڕی سەربازیی دەمێننەوە بۆ مەبەستی ستراتیژیی‌و پێگەیاندن.

*** بەگشتی چۆن بەهای نێردراوەکانی چاودێریکردنی هەڵبژاردن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا ئەوانیش ئامرازێکن بۆ پێشخستنی دیموکراسی؟**

– ئەگەر ئەو هێزانەی لە هەڵبژاردنێکدا بەشدارن، خواست (ئیرادە)ی بنەڕەتی‌و پێویستیان هەبێت کە رێگە بدەن هەڵبژاردن ئازادانەو بەوپڕدانانە بەڕێوەبچێت، چاودێرەکانی هەڵبژاردن دەتوانن هاریکاربن لەوەی خەسڵەتەکانی پێش دیموکراسی کە هێشتا ماون، بخرێنەڕوو، ئەگەر پێویستی کرد (هاریکار)ی لەناوبردنیشیان بن، بەڵام ئەگەر هاتوو بکەرە سەرەکییەکانی هەڵبژاردن، وەک ئەو پارتانەی تا ئێستا دەسەڵاتیان لە دەستدا بووە، چەند لایەنێکی دیکەی سەر بە ئامێری دەوڵەت، هەروەها سوپا یاخود بونیادەکانی فۆیداڵ‌و خێڵ، پرۆسەیەکی دیموکراسی رەتبکەنەوە، چاودێرەکانی هەڵبژاردن تەنیا دەتوانن، چاودێریی بکەن‌و پاشان راپۆرت دەربارەی بدەن. گەر هێزێکی نێودەوڵەتی لە شێوەی (UN) یاخود (OSZE) واتە، رێکخراوی ئاسایش‌و هاریکاریی ئەورووپا)و لە پشتی چاودێریی هەڵبژاردنەوە بن، بە دڵنیایی دەتوانن فشاریش لەسەر بازنەکانی دەسەڵات دابنێن.

*** رۆڵی چاودێرە نێودەوڵەتییەکانی هەڵبژاردن لە پرۆسەی بەدیموکراسیکردندا چۆن دەبینی کە بەشداربوون لەهەڵبژاردنەکاندا لەهەرێمی کوردستان؟**

– چاودێری هەڵبژاردن بۆی هەیە ببێتە پاڵپشتی دەروونیی بۆ ئۆپۆزسیۆنێکی دیموکراسی. دەمەوێت ئەو رەوشە لە ئەزموونێکی خودی خۆمەوە، کە مانگی ئازاری ئەمساڵ، وەک چاودێری هەڵبژاردن لە باکووری کوردستان ئامادەبووم وێنا بکەم. لە وەفدەکەماندا بۆ ئەوێ، لە ژنەپارێزەرێک، بەرپرسانی جڤاتێکی یەزیدیی–کوردی لە (سێلە/ شارۆچکەیەکە لە ئەڵمانیا)، ئاکتیڤیستێکی رێکخراوی ژینگەپارێز (هاورێیانی سروشت)، هەروەها من وەک رۆژنامەنووس‌و هاوکاری پەرلەمانتارێکی (بوندستاگ/ پەرلەمانی ئەڵمانیا) پێکهاتبووین. ئێمە بە فەرمیی هیچ مافێکمان نەبوو، چونکە نە نێرراوی فەرمیی دەزگایەکی دەوڵەتیی ئەورووپا بووین، نە دەوڵەتی تورک بانگهێشتی کردبووین، بەڵام پارتی کۆمەڵگەی دیموکراسی (دەتەپە)، توانی ئەوە نیشانی دەنگدەرانی بدات کە بزووتنەوە ئاشتیخوازەکانی ئەورووپا، کوردەکان بەتەنیا جێناهێڵن. ئەو دیاردەیە، سەرەڕای کارە تۆقێنەرەکانی سوپاو پۆلیس‌و جاش‌و خاوەن زەوییە مەزنەکانیش بووە مایەی هاندانی دەنگدەران. لەبەرئەوەی لە جێگەی رووداوەکان ئامادەبووین، توانیمان بە هاریکاریی ئاکتیڤیستانی (دەتەپە)، هەوڵەکانی ناپاکییەکی گەورەی هەڵبژاردن، لە شاری (پاتنۆس/ بە کوردیی پانۆس)ی سەر بە دەڤەری (ئاگری) پوچەڵ بکەینەوە. سوپا هەوڵیدا لە کاتی جیاکردنەوەی دەنگداندا گزیی بکات، بەڵام ئێمە هەڕەشەی ئەوەمان کرد، کە ئەو هەواڵە بە ئەورووپادا بڵاودەکەینەوە. ئێمە لە بەردەمی ناوەندی هەڵبژاردندا لەگەڵ هەوادارانی (دەتەپە) چاوەڕوانمان دەکرد. سەربازەکانیش متمانەیان بە خۆیان نەکرد، وەک شارەکانی دی خەڵک بەزۆر دەربکەن. ناچار کۆڵیانداو بەڕێوەبەری شارەوانیی (دەتەپە) بە براوە راگەیەنرا. لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا، هەمیشە پاش ساختەکارییەکی زۆر، کاندیدەکانی خاوەن زەوییە گەورەکان‌و دەزگای دەوڵەتی تورک هەڵبژاردنیان دەبردەوە. ئێستا توانرا لە رێگەی هەماهەنگیی چاودێرانی دەرەوەو ئاکتیڤیستانی (دەتەپە) بۆ یەکەمجار خواستی زۆرینەی دەنگدەران بچێتە پێش. بەداخەوە نموونەی دیکە هەبوون کە سەربازان توانیبویان رێگریی بکەن، لە چوونە ناوەوەی چاودێرانی هەڵبژاردن بۆ بنکەکانی دەنگدان. لەو جێگایانەدا، بەزۆریی کاندیدەکانی پارتە تورکییە ئیسلامییەکەی دەسەڵات (ئاکەپە) بردیانەوەو هەموو نارەزاییەکان دژی ناپاکیی‌و گزیی پشتگوێخران.

**ئەگەر لەداهاتوودا لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن، بۆ نموونە (لیستی گۆڕان)، بتوانن کاریگەریی لەسەر دەسەڵاتی داهاتووی هەرێم دابنێن. پێویستە یەکەمجار هێزەکانی ئاسایش‌و چەکدار لە هەژموونی پارتەکان قوتار بکەن‌و لەو بودجەیەی دەسەڵات کە هیواخوازین تراسپارێنز (شەفاف) بێت مووچەیان پێبدرێت. ئەوە دەبێتە یەکەم هەنگاوی پێویست، لەپێناوی گۆڕینی سوپاو چەکداری پارتەکان بۆ هێزگەلی نیشتمانیی**

# «پارتی و یەکێتی بە هەڕەشەی دەرکـــ تا دەنگ بە (لیستی کوردستـــانی) بدەن»

سازدانی: پەیامنێری ئەڵمانیا

**دکتۆر نیکۆلاوس براونس، (لەدایکبووی ١٩٧١/ موینشن)، مێژوونـاس‌و ڕۆژنامەنووسە، لە پەرلەمانی ئالمانیادا (بوندستاگ) لە (بەرلین) وەک (هاریکار)ی زانستیی کار دەکات، سەر بە بەرەی چەپەکانە (Die Linke)... یەکێک لەو ڕۆژنامانەی بەردەوام سەبارەت بە گەشەکردنە ڕامیارییەکانی تورکیاو کوردستان ڕاپۆرتەهەواڵ‌و وتاری بۆ دەنێرێت، ڕۆژنامەی (یونگە ڤێلت)ی سۆسیالیستییە. دکتۆر براونس سالی (٢٠٠٧) سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە. هەروەها دکتۆر براونس، وتەبێژی کۆمیتەی پشتیوانیی کوردستانە لە بەرلین بەمەبەستی وەرگرتنی بیروڕای ناوبراو، ڕۆژنامە ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ ئەنجامداوە.**

*** هیچتان بیستووە سەبارەت بە (بزووتنەوەی گۆڕان) لەکوردستانی عێراق، ئەگەر وەڵامەکەتان (بەڵێ)یە، ئەو بزووتنەوەیە چ تێڕامانێکی لا دروستکردوون؟**

– سەرەتا، خۆشحاڵم بەوەی کە ئۆپۆزسیۆنێک وەک ڕکابەری دەسەڵاتێکی جوتپارتی پاوانکار لە کوردستان خۆی بونیاد ناوە، هەروەها نەوشیروان مستەفاو سیاسەتمەدارەکانی دیکەی ئەو ڕەوتە، لەپێناوی گۆڕانکاریی‌و بونیادی باشتری دیموکراسییدا هاتوونەتە پێش.

هەر بۆخۆی بوونی ئەو لیستە (لیستی گۆڕان)، هەروەها ئەو هاودەنگییەی لە ئێستاوە پەیدایکردووە، هیواکانی ژمارەیەکی زۆر مرۆڤی هەرێمی کوردستان بۆ گۆڕانکاریی دیموکراسی نیشاندەدات.

خاڵی گرنگی شایانی پشتگیریش لەو بەستێنەدا پێش هەرشتێک، داواکارییەکانە بۆ ترانسپارێنتیی (شەفافیی) لە بودجەو داهاتی گشتیدا، تا لەو ڕێگەیەوە بەرپەرچدانەوەی (چەتەگەریی ئابووری، گەندەلی، هەروەها دزینی سیستماتیکی سامانی گەل) بەرەو پێشەوە بەرهەڤ بکرێت.

بودجەیەکی چاودێریکراو لەلایەن کۆمەلگەوە کە سەبارەت بە بەڕێوەبردنەکەی پەرلەمان بڕیار بدات نەک میریی یاخود تەنیا سەرکردەی پارتێکی ڕامیاریی، یەکێکە لە توخمە بنەڕەتییەکانی سیستمێکی دیموکراسی بۆرژوا-پەرلەمانی، بەڵام دیموکراسی ڕامیاریی، بەبێ دیموکراسی ئابووری‌و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەهایەکی نییە.

هەرچەندە لە پرۆگرامی لیستی گۆڕاندا، ئەو توخمە کۆمەڵایەتیانەم لێ ونن، لە بەرامبەردا داوای سنووردارکردنی هەژموونی ڕامیاریی بەسەر ئابووریدا دەکرێت، بەڵام بە ڕای من پرسیارەکە لێرەدا ئەوە نییە کە ئایا دروستە ڕامیاریی هەژموونی بەسەر ئابوورییەوە هەبێت، بەلکو ئەوەیە ئەو هەژموونە چۆن‌و بە کام ئامانجە.

هەر ئێستا لە کوردستان، جۆرێکی دڕندەو ناکۆمەڵایەتی لە نێو لیبرالیزم لەئارادایە، ژمارەیەکی کەم خۆیان دەوڵەمەند دەکەن‌و زۆرینەی گەل لەژێر باری بەرزبوونەوەی نرخی کالا، بێکاریی، نابوونیادیی ژێرخان‌و...تاد دەنالێنن.

ئەو هەژموونە ڕامیارییەی کە تا ئێستا، دەستی بە پشتی چەند سەرمایەدارێکەوەیە، سامانی وڵات تاڵانفرۆش دەکەن‌و بەرەو دەرەوەی کوردستان پاڵی پێوەدەنێن، هیچ بایەخ‌و سودێکی بۆ زۆرینەی کۆمەڵگە نییە.

بە پێچەوانەوە، گرنگ دەبوو، گەر پرۆگرامێکی دەوڵەتی بوونیادنانی ژێرخان بۆ بەدەستگەیشتنی کارەباو وزە، ڕێگاکانی هاتوچۆ، بواری تەندروستی‌و هەروەها پەروەردەو فێرکردن لە گەشەکردندا بوونایە، ئابووری کشتوکاڵی ببووژایەتەوە، دامەزراندنی کۆمەلە هاریکارییەکان (تەعاونیات) ڕێکبخرایەو لیبرالکردن (خسخەسە) بە تایبەتی لە کەرتی وزەدا ڕێگەی لێبگیرایە.

بەبێ دارشتنەوەی ڕیشەگری سیستمی ئابووری کوردی، ئەو مەترسییە لەسەر بزووتنەوەی گۆران هەیە، کە سەرەڕای مەرام‌و نیازە باشەکانیشی، ببێتە بەشێک لە چینی دەسەڵاتداری دەوڵەت. ئەو کاتە جیاوازییەکە هەر ئەوە دەبێت، کە لە بری دوو پارت، سێ پارت دەسەڵاتدار بن.

لەوێدا کە ئەو بودجەیەی ئێستا بەش دەکرێت، لەخۆیدا توانای گەشەکردنی نییە، بە دلنیایی ئێستا (پدک‌و ینک) سەبارەت بە سەرچاوەی قازانجیان ترسیان لێنیشتووەو بە سەرلێشێواوییەوەو بە ئامرازگەلی ناخاوێن، شەڕی ئۆپۆزسیۆن دەکەن.

*** ئایا ئێوەش هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە گۆڕانی دیموکراسییانەی سیستمەکان، دروشمی هاوبەشی تێکڕای ڕێکخراوە ڕامیارییە یاساییەکان‌و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانیی‌و ڕۆشنبیرانە، لە کۆمەڵگەکانی پاش جەنگ‌و چەوساندنەوە؟**

–ئەمڕۆ بە ئەستەم پارتێک یان هێزێکی ڕامیاریی هەیە، کە وشەی دیموکراسی بە دەمەوە نەبێت، لە کوردستانیش بە هەمان شێوازە. نزیکەی هەموو ڕێکخراوە (NGO)کانیش، وشەی دیموکراسییان بە ناوەکانیانەوە نوساندووە. بەهەمانشێوە ژمارەیەکی زۆر پارتی ڕامیارییش، بەڵام ئەوە لە زۆربەی ڕەوشەکاندا تەنیا گڕوفڕێکی ڕواڵەتییە.

ئەوە جێگەی متمانەش نییە، چونکە لە کاتێکدا، ئەوانەی جاران هەمیشە پلاریان لە میتۆدەکانی دەسەڵاتی دێسپۆتی‌و نادیموکراسی دەدا، ئێستا خۆیان وەک وەستای دیموکراسی نیشاندەدەن. ئەو دیاردەیە لە کۆندا، سەبارەت بە ژمارەیەکی زۆری (کۆنەنازی) لە ئەڵمانیا بەو جۆرە بوو. ئێستاش لە کوردستان سەبارەت بە (کۆنەبەعسییەکان) هەر وایە، کە (پدک‌و ینک) هێناویانن‌و پایەی بەرزیان داونەتێ.

دیموکراسی هەمیشە چەسپاوو کۆنکرێتییەو پەیوەندیی بە ناوو دروشمەوە نییە. دیموکراسی ڕاستەقینە وەک دەسەڵاتی گەل، دەبێت خوارەوە بەدەستی بهێنێت‌و بە بەردەوامییش بەرگریی لێبکات.

*** لەوانەیە ئەوە ڕاست بێت کە نابێت دیموکراسی، بکرێتە چارچێو بۆ سیستمە ڕامیارییە کۆنەکان، بەڵام ئایا بەبێ هەولی بەدیموکراسیکردن، دەلوێت، لە یەککاتدا ئازادیی‌و خۆشگوزەرانی‌و گەشەکردنیش بەدەستبێت؟ ئایا مرۆڤ دەتوانێت پاگەندەی ئەوە بکات، کە لە سیستمەکانی دیکەشدا، پارەکان دەچنە کەناڵی تەندروستەوەو هاوکات لە کۆمەڵگەکانیاندا مرۆڤ وەک مرۆڤ هەست بە خۆی دەکات؟**

– ئازادیی‌و خۆشگوزەرانی‌و گەشەکردن بۆ کۆمەڵانی خەڵک بە گشتیی، تەنیا کاتێک دەتوانن پێکەوە بەرقەرار بن، کە لە یەککاتدا ئازادییە دیموکراسییەکان‌و ئابووری‌و دیموکراسی سەقامگیربن.

دیارە دەشێت، سیستمێکی نادیموکراسیش، سامانی بەردەست بۆ گەشەکردنی وڵات‌و خزمەتی مرۆڤەکانی سەر زەوییەکەی بەکاربهێنێت، نەک تەنیا بۆ زەنگینکردنی توێژێک یان چینێکی دەسەڵاتدار. لەو وڵاتانەی جاران بەڕاستی سۆسیالیستی بوون ئەو ڕەوشە هەبوو، هەروەها لە چەند وڵاتێکی عەرەبییش، بۆ نموونە لە میسری سەردەمی ناسردا بینیمان کە ڕژێمێکی ڕەها هێزی چەپێنەریش دەتوانێت ژیانی هاوڵاتییان باشتر بکات، بەڵام ئەو تەرزە دیکتاتۆرییە کە لەسەرەوە پیادەدەکرێت، ناتوانێت بەردەوام لەو دۆخەدا بمێنێتەوە، چونکە ئەو بیرۆکراسییەی پەیوەستە بەو جۆرە سیستمانەوە، پاشان چوست‌و چالاکی سیستمەکە لە پەلوپۆ دەخات‌و جۆرێک لە خۆپەسەندیی‌و بەرژەوەندیخوازیی گروپگەلێکی نێو دەزگەکانی دەولەت بەرهەمدەهێنێت.

گەر سەرکردایەتی وڵاتێک، دیموکراسیانە ڕەوایی پێ نەدرابێت، نە پشتیوانی گەلی دەبێت بۆ بەکاربردنی سیاسەتەکانی، نە زانیاریی ڕاستەقینەی سەبارەت بە پێداویستییەکانی کۆمەڵانی خەڵک لادەبێت، هەربۆیە هەمیشە بە شکستهێنان کۆتایی دێت. تێکشکانی دەوڵەتە بەڕاستی سۆسیالیستییەکانیش ئەو پەندەی جەختکردەوە.

ئازادییە دیموکراسییەکانی وەک ئازادیی (بیروڕاو ڕاگەیاندن‌و کۆبوونەوە)، مافی دامەزراندنی پارت‌و سەندیکا، مافی پیادەکردنی ئازادانەی ئاینداریی‌و...تاد، لە مافە دەستلێهەڵنەگیراوە بنەڕەتییەکانی مرۆڤن ڕووەو گەشەکردن، بەڵام هێشتا ئەوانە هەموو شتێک نین‌و پێویستە ئەوانە بە مافە کۆمەڵایەتییە بنەڕەتییەکانی دی تەواو بکرێن، وەک دەرفەتی کار، ئاسایشی خۆراک، دەستەبەری جێگەی نیشتەجێبوون، هەلی پێگەیاندن، باربۆی تەندروستی، پشکداریی فەرهەنگی.

هەر لەو بارەیەوە، دەنگدان بەو (دەستوور)ەی کە بۆ دەنگدان لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەخرێتەڕوو، بە کارەساتهێنەر دەزانم. بە ڕای من، سەبارەت بە مافەکانی ئافرەت‌و خێزان، تەنانەت دواکەوتووتر دەبێت لە یاساکانی سیستمی دیکتاتوریی بەعس.

هەروەها لەوێدا وەک ڕێکخستنی ئابووری، (بازاڕی ئازادی ئابووری) واتە کاپیتالیزمێکی دڕندە جێگیرکراوە، ئەوەش لە سەردەمێکدایە کە کاپیتالیزم لە جیهاندا بە قولترین تەنگژەدا تێدەپەڕێت. دیارە بۆ نموونە لە یاسای بنەڕەتیی (دەستوور)ی ئەڵمانیادا فۆرمی ئابووری جێگیر نەکراوە، کەواتە وەک تیۆریی، دەستووری ئەڵمانیا ڕێگەی لە سیستمێکی ئابووری سۆسیالیستییش نەگرتووە، بەڵام هەولدەدرێت لە دەستووری یەکێتی ئەوروپادا، سیستمی بازاڕی ئازادی ئابووری جێگیر بکرێت، ئەوە یەکێک بوو لەو هۆکارانەی لە زۆر وڵاتی نێو یەکێتی ئەوروپا ئەو دەستوورە ڕەتبکرێتەوە.

*** جارێکیان (ئۆسکار لافۆنتاین) وتی: «دیموکراسی تەنیا پرۆسەیەکی فەرمیی‌و ڕووکەش نییە، زۆرکەس بڕوای وایە، ئەوە دیموکراسییە، گەر مرۆڤ بتوانێت بە بەردەوامیی ڕووبکاتە کۆجەی دەنگدان. پێناسە کلاسیکییەکەی دیموکراسی لە دەرەنجامەکانەوە سەرچاوەی دەگرت، ئێمە تەنیا ئەو کاتە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی بە دیموکراسیانە ناو دەبەین، کاتێک بڕیارەکان بە شێوازێک بن، خواستی زۆرینەی گەل لە بڕیارەکاندا بە هەند وەرگیرابێت». ئایا ئەو (سیاسی)یەی دیموکراسییانە هەلبژێردراوە، تا چ ئاستێک بۆی هەیە، لە بڕیارداندا زێدەڕۆیی بکات؟**

–لە سیستمە بۆرژوا-پەرلەمانییەکاندا، ئەرکی ئەستۆی پەرلەمانتاران تەنیا بە ویژدانی خۆیان سپێردراوە، من لێرەدا ئەوە بە هەڵە دەزانم، ڕاستوایە ئەرکەکانی ئەستۆی پەرلەمانتار ببەسترێن بە خواستەکانی دەنگدەرەوە، بۆ نموونە لە ئەڵمانیا، دوو لەسەرسێی دەنگدەران، دیاریکردنی ئاستی لانیکەمی مووچە بۆ دەستەبەریی ژیان، یاخود کشانەوەی سوپای ئالمانیایان لە ئەفغانستان بە باش دەزانی، بەڵام سەبارەت بەو پرسانە، بەردەوام دوو لەسەرسێی پەرلەمانتاران دژی خواستی دەنگدەرانیان دەنگدەدەن.

لەڕاستییدا، چیدی ئەوە سەروکاری لەگەڵ دیموکراسییدا نییە. لەو دیدگایەوە من هەر لە بنەڕەتەوە لەگەڵ سیستمێکی دیموکراسی بنەماییم، واتە نوێنەرەکان لە ڕێگەی پابەندییەوە لەبەردەم دەنگدەراندا بەرپرسیاربن. پێویستە میکانیزمگەلێک هەبن، تا دەنگدەران بتوانن هەرکات هەستیانکرد وەک پێویست نوێنەرایەتی ناکرێن، پەرلەمانتاران بکێشنەوە، نەک تەنیا چەند ساڵ جارێک لە هەلبژاردنێکی نوێدا ئەو کارە بکرێت.

ڕاستیش نییە، نوێنەرایەتییەک کار بۆ دەوڵەمەندکردنی پەرلەمانتارەکانی بکات. ڕاست نییە، پەرلەمانتارێک، مووچەکەی لە تێکڕای مووچەی کارگوزارانی پسپۆڕ لەهەر بوارێکی دیدا زیاتر بێت، ئەوە نابێت وابێت، هەتا لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، ئاستی بژێویی پەرلەمانتاران، زۆر لە تێکڕای ئاستی بژێویی دەنگدەرانیان دورنەکەوێتەوە. پەرلەمانتارێک کە (٨٠٠٠ یورۆ) مووچەی مانگانە وەردەگرێت، ناتوانێت هەست بکات، کە بێکارێک یاخود دایکێکی تەنیا، چۆن بە چەند سەد یورۆیەکی هاریکاریی دەوڵەت ژیان دەگوزەرێنێت.

لە هەمانکاتدا، پێویستە ئامڕازگەلی دیموکراسی ڕاستەوخۆ لە نموونەی (ڕیفراندۆم) بۆ بەشداریی گەل لە پرس‌و خواستی پێشهاتە ڕامیارییەکان وەگەڕبخرێن. جگەلەوەش پێویستە خۆبەڕێوەبردنی خۆجێیی شارەکان‌و یەکە کارگێڕییەکان لە بەرامبەر ناوەندێتی میریی بەهێز بکرێن.

*** تا چ ڕادەیەک بوونی ڕکابەری ئازادی سەربەخۆ لەنێو پەرلەمانی دیموکراسی وڵاتێکدا گرنگە؟ ئەو پەرلەمانە چۆن پەرلەمانێکە، کە تێیدا ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە ئامادەیی نییە؟**

– دەبێت هەمیشە ئۆپۆزسیۆنێک بەرامبەر هەنگاوە ڕامیارییەکانی میریی، ئەلتەرناتیڤ دیاریی بکات. دەبێت بە ئاشکرا ڕەخنە لە میریی بگرێت‌و توانای کۆنترۆلکردنی میریی هەبێت. پەرلەمان بەبێ ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە، شێوە پەرلەمانێکە کە تەنیا وەک تیمێکی سەرلەقاندن پەنجە بۆ بڕیارەکانی میریی هەلدەبڕێت. بۆئەوەی ئۆپۆزسیۆنێک بە ڕاستیی بتوانێت سەربەخۆ بێت، دەبێت وەک دارایی‌و بونیادیش لە پارتەکانی دەسەڵات‌و دەزگای دەوڵەتیش سەربەخۆ بێت.

*** بە بڕوای ئێوە، بۆ گەلێک (بۆ نموونە گەلی کوردستان) کە دەیان ساڵ چەوسابێتەوە، وا باشترە دەسەڵاتێکی نادیموکراسی بەهێزی هەبێت، بۆئەوەی چەندەی دەکرێت یەکێتی‌و**



نیکۆلاس براونس

# لیستی کوردستانی خەڵکی هەولێر تووڕەدەکات

## «هیچ بەهایەک بۆ دەنگی ئێمە نەمایەوە، بمزانیبایە، دەنگم نەدەدا»




**بەرهەم عومەر**

خەڵکی شاری هەولێر نارازین لەو ساختەکارییانەی لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی (٢٥)ی تەمموز لە شارەکەیاندا ئەنجامدراوەو ئەو «شەرمەزارییەش» دەخەنە ئەستۆی لیستێکی دیاریکراو کە ناوبانگی ئەو شارەی بەکارهێناوە بۆ درێـژەدان بە هەیمەنەی حیزبیی خۆی بەسەر خەڵکی کوردستاندا.

محەمەد خورشید (٤٨) ساڵ، کاسبو دانیشتووی شاری هەولێر، بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «شـەرم دەکـەم کە مەرەکەبی هەڵبژاردن بە پەنجەمەوە دەبینم، حەزدەکەم خەڵک نەیبینێت، چونکە وا دێتە پێشچاوم کە موشتەرییەکانم بە تەزویرچی تەماشام دەکەن».

محەمەد وەک خۆی باسیدەکات، لەگەڵ سێ کوڕو خێزانەکەی لە بەیانییەکی زووەوە دەچێتە بەردەمی بنکەی دەنگدانو لە پێشەوەی ئەو کەسانە دەبێت کە دەنگیان داوە لە گەڕەکی باداوا، بەڵام ئێستا پەشیمانە لەوەی دەنگی داوە، هەروەها نارەزایی خۆی دەردەبڕێت لـەوەی خەڵکی هەولێر وەک ساختەکار بەکارهێنراون لە هەڵبژاردنەکانەکاندا.

ڕۆژی (٧/٢٥) هەڵبژاردنی سەرتاسەریی لە کوردستاندا بۆ دیاریکردنی پەرلەمانی نوێی کوردستانو دەستنیشانکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا، تیایدا ڕێژەی بەشداریی لە شـاری سلێمانی (٧٤،٤٪)و شـاری هەولێر (٧٩٪)و دهـۆک (٨٥،٩٪) بـوو، بـەڵام بەشێکی زۆری چـاودێـرانو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئاستێکی بەرزی ساختەکارییان تۆمارکردووە لە شارەکانی (هەولێرو دهۆک).

بەپێی راگەیەنراوێکی تۆڕی شەمس کە ڕێکخراوێکی ناحکومییەو کاری چاودێری هـەڵـبـژاردنـە، «ڕێــژەی ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکاندا لەسەر ئاستی کوردستان (١٨٪)و دیـاردەی کارتی زیادە بەدیکراوە لەنێو سندوقەکانی دەنگداندا بەرێژەی (٨٪)، هەروەها (٣٢٪) حاڵەتی ترساندنی دەنگدەرو ناچارکردنیان هەبووە».

عەلی حەمە سالح، ڕۆژنامەنووسەو (٧) ساڵە دانیشتووی هەولێرە، بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «بەپێی زانیارییەکانم لە دوای سەعات (٣)ی پاشنیوەڕۆ تێبینیکراوە لە هەندێک بنکە لەبری خەڵک واژۆکـرابـوو، (دەنگیان بۆدرابوو)، فۆڕمی (١١١) بەشێوەیەکی زۆر دەرکەوتو خەڵک دەهاتو دەرفەتیان پێدەدرا کە زیاتر لەجارێک دەنگ بدەن، دەمانبینی لە بارەگا حیزبییەکانەوە خەڵک بە لێشاو سواری پاس دەبوونو دەڕۆشتنو دەگوێزرانەوە».

عەلی پێیوایە؛ ئەو ساختەکارییە بۆ خەڵکی هەولێر دیاردەیەکی ناسروشتی بووەو ئەو خروقاتانەی ئەنجامدراوە بەرپرسیارێتییەکەی ناکەوێتە ئەستۆی خەڵکەکەی، بگرە ناوبانگی زڕێـنـراوە لەلایەن قەوارەیەکی سیاسی دیـاریـکـراوەوە، بـەڵام ئـەوە ڕەنگدانەوەی ویستی دانیشتووانی هەولێر نییە.

ئەو ڕۆژنامەنووسە باسی لەوەشکرد کە بەشێکی زۆری خەڵک دەیانوت «بمزانیایە بەوشێوەیە تەزویردەکرێت لە هەڵبژاردندا، بەشداری هەڵبژاردنمان نەدەکرد»، چونکە دەزانێت دەنگەکەی بەهای نەماوە، عەلی وتی: «خۆم یەکێکم لەوانەی کە بمزانیایە ئەو هەموو ساختەیە دەکرێت نەدەڕۆشتم بۆ دەنگدان، چونکە هەستەم بە هێزی دەنگی خۆم نەکرد بەهۆی دەنگی ساختەوە».

ڕێکخراوەناوخۆییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە شاری هەولێر تائێستا هیچ چالاکییەکی سەربەخۆی خۆیان نەبووەو بەشێوەیەکی راستەوخۆ نارەزایی خۆیان دەرنەبڕیوە بۆ ئیدانەکردنی ئەو کارەی لە هەولێر کرا.

عەلی پێیوایە، نـەک ڕێکخراوەکان کە بـــەردەوام لەژێر هەژموونی حیزبی دەسەڵاتداردابوون، تەنانەت چاودێرەکانی هەڵبژاردنیش نەیانتوانیوە ڕێبگرن لەو ساختەکارییە زۆرەو ئەوەشی خستەڕوو کە پێدەنگییەکانی ئێستای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی درێـژکـراوەی هەمان ئەو هەژموونەیە کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا شایەتحاڵی ساختەکان بوونو نەیاندەتوانی نارەزایی دەربڕن، دەبوایە دوای ئەو هەموو راپـۆرتو لێدوانی چاودێرە نێودەوڵەتییە، بەیاننامەی نـارەزایـیو خۆپیشاندانو ڕێپێوانیان هەبوایە.

سالح قادر، ڕۆژنامەنووسو خەڵکی شاری هەولێر، رایگەیاند: «بەهۆی درێژکردنەوەی کاتەوە لەلایەن کۆمسیۆنی بـاڵاوە، ڕێگە خۆشکرا بۆ ئەنجامدانی ساختەکاریی زیاتر لە (هەولێرو دهۆک)دا.

سـالـح، بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی خروقاتەکانی خستە ئەستۆی کۆمسیۆنی بـاڵای هەڵبژاردن لە کوردستان، چونکە «نەیتوانیبوو ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ ڕێگەگرتن لە ئەنجامدانی خروقات، بەڵام بەردەوام جەختیان دەکردەوە لەسەر ئەوەی کە بەهیچ شێوەیەک ساختەکاریی ناکرێتو سیستمەکەیان پێشکەوتووە، بەڵام کۆمسیۆن لـە مـەرەکـەبو شـێـوازی بەڕێوەبردنی پرۆسەکەدا زۆر بە نادروست بەڕێیانکرد».

ئەو ڕۆژنامەنووسەی شـاری هەولێر وتـی: «خەڵکمان بینیوە شانازی بـەوەوە کردووە کە (١٦-١٧) جار دەنگی داوە، بەڵام ئەوانەی دەیانویست پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستاندا بەرەوپێش بڕوات زۆریان پێناخۆشبووە بەوشێوەیە هەڵبژاردنەکە بەڕێوەچووە».

هەروەها سالح پێیوایە «ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەولێر سێبەری حیزبنو لەژێر کۆنترۆڵی حیزبە دەسەڵاتدارەکاندان، بۆیە ناتوانن هەڵوێستی نارەزایی خۆیان دەربڕن».

یەکێک لەو چاودێرانەی لە پاشنیوەڕۆدا دەیـەوێـت دەنـگ بـدات لە هەولێر، کاتێک سەردانی بنکەی دەنگدانەکە دەکات، دەبینێت خروقاتچییەکان لەبری ئەو دەنگیانداوەو کارمەندی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکەش هـەوڵـدەدات سکاڵا نەکاتو لەو خروقاتە بێدەنگی بکات.

نیاز محەمەد، ڕۆژنامەنووسو دانیشتووی شاری هەولێر، وتی: «بەرلەوەی لە سەعات (٤) سەردانی ئەو بنکەیە بکەم کە ناوی خۆمی تێدا تۆمارکرابوو، ساختەکارەکان لەبری منیش دەنگیاندابوو لە گەڕەکی برایەتی، بنکەی ژمارە (٢٠٠) کە پرسیاریشم لێکردن، وتیان داوای لێبوردن دەکەین بە هەڵە لەبری تۆ واژۆکـراوە، لەکاتێکدا ناوی ئەو کەسەی لەپێشو پاش ناوی منەوەبوو زۆر جیاوازبوو لە ناوەکەم».

لەوکاتەدا نیاز دەیەوێت وەکو هاوڵاتییەک بەدوای مافی خۆیدا بڕواتو سکاڵا تۆماربکات، بەڵام مونەسیقی بنکەکە فۆرمی تۆمارکردنی سکاڵای ناداتیو نیاز وتی: «مونەسیقەکە ویستی بە بێدەنگی رازیـم بکاتو سکاڵا تۆمار نەکەم، ئـەوەش یەکێکی دیکە بوو لەو خروقاتانەی کارمەندانی کۆمسیۆن ئەنجامیاندا لەو کاتەدا».

نیاز پێیوایە، هەر هەڵبژاردنێک پێویستی بە ئاشتەوایيو ئارامیی هەیە بۆئەوەی توندوتیژیی ئەنجام نەدرێتو پرۆسەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجامبدرێتو خروقات ئەنجام نـەدرێـت، بـەڵام «لـە کوردستاندا پێشێلکاریی زۆر بەدی کرا، بەهۆی ئەوەی قەوارەیەکی سیاسی دیاریکراو دەیویست پێگەی خۆیو دەسەڵاتی خۆی درێژە پێبدات لە کوردستاندا».

نیاز باسی لەوەشکرد کە لەکاتێکدا لەم هەڵبژاردنەدا چاوی چەندین میدیای جیهانیو چاودێری نێودەوڵەتی لەسەر پرۆسەی دەنگدانەکەمان بوو، بەڵام دەستێوەردانو خروقاتەکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار ئەو ناوبانگەی شێواندو «کردیانە پرۆسەیەکی گێرەشێوێنانە».

هەروەها ئەوەشی خستەڕوو کە ڕۆژنامەو میدیا خۆماڵییەکان کەمتەرخەمبوون لە تێگەیاندنو ئـاگـادارکـردنـەوەی خەڵکی شـارە جـیـاوازەکـان لـەو خروقاتانەی لە هەڵبژاردنەکاندا ئەنجامدراوە، بۆ نموونە تۆڕی شەمس لەو ڕۆژەدا چەند راگەیاندراوێکی وردی بڵاوکردەوە، بەڵام میدیاکان وەکو پێویست گرنگییان پێنەدا، هەرچەندە یەکەم چاودێربوون کە رایانگەیاند: «مەرەکەبی هەڵبژاردنەکە نەشیاوەو دەسڕێتەوە، هەروەها چەند بنکەیەکی دەنگدان لەکاتی دیاریکراودا نەکراوەتەوە».

بەپێی ئەو زانیارییانەی تۆڕی شەمس بـڵاویـانـکـردووەتـەوە لـە سـەعـات (٣)ی پاشنیوەڕۆدا ڕێژەی دەنگدان لە هەولێردا (٣٠٪) بووە، بەڵام لەناکاو تا کۆتاییهاتنی پرۆسەکە ڕێژەی بەشداریی بەرزبوویەوە بۆ (٨٠٪).

وتەبێژی تۆڕی شەمس بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «ئەگەر ئەو تێبینیو خروقاتانەی تۆمارمانکردووەو پێشکەشی کۆمسیۆنمان کردووە، هیچ دەنگدانەوەو کاریگەرییەکی لەسەر سزادانی ئەنجامدەری خروقاتکارەکان نەبێت، گومان لە مێسداقیەتی کۆمسیۆنەکە دەکەینو ئەوکاتە هەڵوێستی خۆمان دەبێت».

# تەزویری نایاسایی، ڕۆحی، ترسو تەکنیکی

**مەهدی کاوانی***



بەبۆچوونی مـن کۆمسیۆنو ستافەکەیان لە شەقڵاوە تا بڵێیت پردێکی لەباربوون تاوەکو دەزگای دەسەڵات بە ئارەزووی خۆی تەحەکوم بە دەنگەکانی ناوچەکەمان بکات.

لەبەریتانیاوە بۆئەوەنەهاتبوومەوە کە بێمو لە دژی دوو پارتی دەسەڵات خۆم بە لیستی گۆڕانەوە ببەستمەوە.

من پێموابوو زەمینەی پێشوازی کۆمەڵایەتی لە سیستمێکی داخراوەوە بۆ کـراوە خـۆی بەدەرخستووەو تیایدا لیستی گۆڕان پێشرەوایەتی دەکاتو لە ڕێگەیەوە پرۆسیسەکە بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕوات، کە باشترین کۆمەڵانی خەڵک لە ڕێگەی نوێنەرە سیاسییەکانیانو بەهۆی دەنگدەرەوە هەمەڕەنگی خۆیان لەناو پەرلەمان نیشانبدەنو بە دوایەوە ئەو زەمینەیە لە کوردستان بڕەخسێت کە کەس نەتوانێت بە ئارەزووی خۆی ئەوانی دیکە پشتگوێ بخات،

کەسایەتییە راستەقینەکانی ناو دوو پارتی دەسەڵاتیش وێڕای ئەوەی کە دەنگیشیان بە پارتەکەی خۆشیان دەدا، بەڵام ناڕاستەوخۆ دەیان وت، پرۆسیسی وەها ریزەکانی ناو پارتەکەشمان گوڵبژێر دەکات، واتە پرۆسیسەکە بە قازانجی هەموو لایەکمانو کورد دەکەوێتەوە.

ماوەی دوو مانگ دەبێت قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی شەقڵاوە ئیشیان بۆ ئەوە دەکرد کە نامەیەک ئاراستەی دەنگدەر بکەنو ئەوەیان نیشانبدەن کە ئەوان دەزانن کێ دەنگ بە کێ دەداتو ئەگەر بە قازانجی دەسەڵات دەنگ نەدەن، بە دوایەوە خۆیان دەخەنە بەرپرسیارەتی.

بە تەواوی ماوەی پروپاگەندە ئەوانەی حەزیان لە لیستی گۆڕان دەکردو بە ئاشکرا پێیان دەوتین ئێمە ناتوانین سەردانتان بکەین لە ترسی لێپێچینەوەو سوئالو جواب.

کەناڵەکانی هێنانەوەی ترسو دوودڵیو گومان لەخۆکردن بۆ جەماوەری ناوچەکەمان ئەوەندە زۆربوو لە بڕان نەدەهات، زوومەکەش بەشە هەرە زۆرەکەی ڕووبەڕووی لیستی گۆڕان دەبووەوە،

راستە لە ڕۆژی هەڵبژاردنو تا کاتژمێر (٤)ی پاش نیوەڕۆ پرۆسیسەکە هەندێک بە تەندروست خۆی نیشاندەدا، بەڵام لێرەش لە ڕێگەی بەڕێوەبەرانی کۆمسیۆن ئاسانکاریی تەواو بۆ لیستی کوردستانی دەکرا، بە کورتییەکەی لیژنەی کۆمسیۆن بۆ لیستی کوردستانی ببوون بە پردێکی وەها کە لە ڕێگەیەوە لیستی ناوبراو بە جوانی مەبەستەکانی خۆی دەپێکاو زەمینەیەکی وەهایان بۆ ڕەخساندن دەتوانم بڵێم ئەگەر پارتی دەسەڵاتیش سەرپەرشتی هەڵبژاردنیان بکردبایە هەر ئەوەندەیان بۆ دەچووە سەر.

لە سنووری ناوچەکەمان توێژی نەخوێندەوار ڕێژەیەکی بەرچاو پێکدەهێنێتو کە ڕوویان دەکردە سندوقی دەنگدانو لە زۆربەی سندوقەکان سەرپەرشتیاری کۆمسیۆن خۆی لێ دەکردنە ساحێبو بە دەنگی بەرز دەیوت «دەنگ بە لیستی (٥٤)و (١٢) دەدەیت»، ئەویش لە بەر ناهۆشیاری بوایە یان ترس دەیوت «بەڵێ» ، کە دەنگدەریش دەچووە ژووریو پشکنینی لێدەکرا، یەکسەر پسولەیەکی بچووکی دەدرایەو ژمارە (٥٤)و (١٢)ی لەسەر نوسرابوو و پێیان دەوت دەنگ بەو دوو ژمارەیە بدە.

ڕێوڕەسمی یاسایی دەنگدان بەڕێوە نەدەچوو و بە هەزاران دەنگدەری نایاسایی خۆی لەناو سندوقەکان دەخزاندو دەنگیشی دەدا.

لە بەردەمی دەزگای بەڕێوەبەر، ئاسیشو پێشمەرگەو پۆلیس ڕمبازێنیان لە دەوروبەری سندوقەکان دەکردو جاروبار خۆشیان دەگەیاندە سەر سندوقەکانو وەک ئەوە وابێت کە دەزگای دەسەڵاتو کۆمسیۆن دوو برای پشتی یەکتر بن، لەکاتێکدا کە چاودێرانی لیستی گۆڕانو لیستەکانی دیکە بەتایبەتی چاکسازی کە ئەو خروقاتانەی دەسەڵاتو کۆمسیۆنیان دەدیتو وەجواب دەهاتنو دەیانویست سکاڵا تۆماربکەن، گوێیان پێ نەدەدراو فۆڕمی سکاڵایان پێ نەدەدان.

دوابەدوای کاتژمێر چوار بەتایبەتی ئەو کاتژمێرە درێژکردنەوەیەی بە پاساوی نابەجێ پارتی دەسەڵاتو بە پێکردنی گڵۆپی سەوزی کۆمسیۆن، «شەلم کوێرم هیچ نابوێرم»، بە بەرنامەیەکی تۆکمەو داڕێژراوی پێشوویان لەو سندوقەوە بۆ ئەو سندوق لەو ناوچەیەوە بۆ ئەو ناوچەو تەیار بە هەموو کەرەستەکانی ترسو دوودڵی خۆیان لە سندوقەکان دەخزاندو بە کۆمەڵ تێیان دەکردو مەرەکەبەکەی بە فاس زۆر بە ئاسانی شوێنەواری نەدەما، دەنگە ڕەفزکراوەکانیش کە خۆی لە زیاتر (١٢٠٠) دەنگ دەدا، دەتوانم بڵێم بەشە هەرە زۆرەکەی هی لیستی گۆڕان بوو.

بە کورتییەکەی نە ئێمە وەک دەزگای سەرپەرشتیار وە نە جەماوەر، کە پێشتر تەماشای دیمەنەکانی ناوچەکەیان دەکرد کە باسوخواس هەمووی لە سەر لیستی گۆڕان بوو، دەرئەنجامەکانیان پێ هەزم نەدەکراو دەوترا تەزویرو غەدری زۆر لە لیستی گۆڕان کراوە.

لیستی گۆڕان وێڕای ئەو هەموو تەزویرەی کە لێی کرا، بەڵام (٢٢-٢٥٪)ی دەنگەکانی ناوچەکەشی هێنا، بە هاوکێشەیەکی ژمێریاری زۆر ئاسان ئەگەر نیوەی دەنگە ڕەفزکراوەکان بخەینە سەر لیستی گۆڕانەوە ڕێژەکە بۆ (٣٠٪) بۆ لیستی گۆڕان بەرز دەبووەوە، ئەگەر بەلای کەمەوە ئەو دووهەزار دەنگدەرە نایاساییە بۆ لیستی کوردستان تێخراوە، ڕێژەکە چۆنچۆنی لێدەهات، گومانت لەوە نەبێت لە ڕێگەیەوە ڕێژەکە خۆی دەگەیاندە نزیکی دەنگەکانی لیستی کوردستانی.

ئەگەر دەزگایەکی فەرمیو بەرپرسیارو بێلایەن هەبوایەو بەراوردی نێوان ماوەکانی دەنگدەرانیان بکردبایە، ئەو راستیانەیان بۆ دەردەکەوت کە تا کاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆ ڕێژەی دەنگدەران (٥٠٪)ی تێنەپەڕاندبوو، ئەو ڕێژەیەش دەتوانم بڵێم (٩٨٪)ی ڕێژەی دەنگدەری راستەقینەی پێکدەهێناو چۆنیشی لێکبدەیتەوە ڕێژەی بەسەرەوەتر دەچێتە خانەی تەزویرو دەتوانم بڵێم ڕێژەکە لە سەرووی (٣٠٪)ە.

***سەرپەرشتیاری لیستی گۆڕان لە شەقڵاوە**

mahdikawani@yahoo.co.uk

# جێری واینبێرگەر: لەداهاتوودا پرۆسەی دیموکراسی لەکوردستان گۆڕانێکی نایاب بەخۆیەوە دەبینێت

سازدانی: هێمن لهۆنیو شالاو فەتاح

(1-2)

**جێری واینبێرگەر پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان، لە زانکۆی میشیگن، باس لەوەدەکات کە عەقلیەتی پارتیزانیو شەرعیەت وەرگرتن لە رابردوو دیموکراسی پێ پێشناخرێت. هەروەها ئەو پێشکەوتنانەی ئێستای کوردستان بە پێشکەوتنی راستەقینە نابینێتو پێیوایە ئەوانە تەنیا گۆڕانی فیزیکین نەک عەقلی. لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامە باس لە چەند بابەتێکی گرنگی ئێستای کوردستان دەکاتو باوەڕی وایە سەقامگیریی کوردستان بەندە بەوەی تا چەند دەتوانێت دیموکراتیو بازاڕی ئازادیی هەبێت.**

**رۆژنامە: گۆڕان لە کۆمەڵگەیەکی وەک کوردستانی عێراقدا چۆن دەکرێت؟**

* دەربارەی گۆڕان لە کۆمەڵگەیەکی وەک کوردستانی عێراقدا، دوو جۆر گۆڕان هەیە، یەکێکیان زۆر قورسترە لەوی دیکەیان، ئەمڕۆ لە کوردستاندا جۆرە گۆڕانێک دەبینین کە بریتییە لە بینای نوێ، شەقامی نوێ، خزمەتگوزاریی حکومی، دیارە لە کوردستان مشتومڕ لەسەر رادەی خزمەتگوزارییەکان هەیە، بەڵام وەک دەبینیت گۆڕانی فیزیکی لە گشت شوێنێکی ئەم کۆمەڵگەیەدا بوونی هەیە، بەڵام گۆڕان لە عەقلیەتو دڵەکاندا نییە. ئاسانە بینا بەرزبکەینەوە، بەڵام ئاسان نییە شێوەی جیهانبینیی کەسێک بگۆڕین دەربارەی ژیانو کۆمەڵگە، دیارە گەشەکردنی سیاسی تەنیا گۆڕانو پێشکەوتن لە دامودەزگا ناخوازێت، بەڵکو پێویستی بە گۆڕانو پێشکەوتن لە عەقلیەتدا هەیە. گۆڕان لە عەقلیەتدا وا لەو دامەزراوانە دەکات وەک دەزگای راستەقینە دەربکەونو وەگەڕیان دەخات، ناتوانین بڕیار لەسەر دیموکراتیەتی کۆمەڵگەیەک بدەین تەنیا لەبەر بوونی هەڵبژاردن، چونکە ئاسانە لە گۆڕان بکەین لە شێوەدا، بەڵام ئاسان نییە لە ناوەڕۆکدا گۆڕان بکەین. هەندێکجار تاکە رێگە بۆ گۆڕینی بیرکردنەوەو ئیرادەی خەڵک گۆڕینی دامەزراوەکانە، بۆ نموونە لە ئەمریکا پەنجاساڵی ویست تا بیرکردنەوەی خەڵک لەسەر کێشەی جیاکاری رەگەزی بگۆڕدرێت، ئەو خەڵکەی کە دەیانەوێت کۆمەڵگەکەیان بەرەو دیموکراتیەت بەرن، ئەوە کاتی دەوێت، بەتایبەت لە کۆمەڵگەیەکدا کە پێشتر لەژێر حوکمێکی تۆتالیتاردا ژیابێت، راستییەکەش ئەوەیە کە کوردستانی عێراق تەنیا دەیەیەکە لە تۆتالیتاریەت رزگاری بووە، ئەو گۆڕانەی روویداوە جێی سەرنجەو ئەمەش بەوەدا دەزانم کە تەنیا بچیتە سەر شەقامەکان دەبینیت خەڵکی بێزارن لە دۆخی ئێستایانو هەر ئەمەشە وادەکات هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان گرنگ بێت بۆ ئەم کۆمەڵگەیە. لە راستیدا لە کوردستان سەربەستییەکی باش هەیە، بەشێوەیەک پێموایە لە ماوەی (١٠-١٥) ساڵی دیکەدا پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستاندا گۆڕانێکی نایاب بە خۆیەوە دەبینێت، بەڵام ئەم گۆڕانە پێویستی بە گۆڕان هەیە لە یاساکاندا، پێویستە حکومەتو حیزب بە تەواوی لێکجیابکرێنەوە. تەنانەت لە ئەورووپاش کاتێک حیزبێک زۆرینەی دەنگەکان دەهێنێتو حکومەت پێکدەهێنێت، دامەزراوەی دیکە هەیە چاودێریی حکومەت دەکاتو سنوور بۆ کارەکانی دادەنێت.

**رۆژنامە: هێشتا لە کوردستاندا بیرو بۆچوونێک زاڵە کە بریتییە لە شەرعیەت وەرگرتن لە رابردوو، ئایا ئەمە رێگرییەک نییە لەبەردەم پێشکەوتن؟**

رۆژنامە: پێموایە ئەوەی کە دەوترێت ئەگەر خەباتی رابردووت نەبێت ناتوانیت بێیتە مەیدانەوە، ترسە لە گۆڕان، چونکە تۆ ناتوانیت سەعات بووەستێنیت هیچ حیزبێک ناتوانێت. کۆمەڵگەی دیموکرات مافی ئەوەی هەیە دەربارەی هەرشتێک بدوێت کە دەیەوێت، ئەمەش بنەمای بنەڕەتی دیموکراسییە کە کەس ناتوانێت بە تۆ بڵێت سکاڵا لەوە بکە یان مەکە. رابردوو رۆیشت، ئێستا خەڵک دەیەوێت ئەمڕۆ خزمەتی بکەیت، لە سەرۆکایەتیدا پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان خێزانو حیزبو حکومەت، پێموایە جیاوازی نێوان نەوەکان وادەکات ئەرکی ئەم نەوەیە لە نەوەی پێشتر جیاوازبێت. ئەوەی لەمبارەیەوە زۆر سەرنجی راکێشام ئەوەبوو کاتێک سەردانی مۆنۆمێنتی هەڵەبجەم کرد چۆڵو پۆخڵ بوو، چونکە دوو ساڵ پێش ئێستا سووتێنرا، ئەوە گفتوگۆ هەڵگرە، کێ سووتاندیو بۆچی، بەڵام کاتێک بە هەڵەبجەدا گەڕام زانیم بۆچی هێرشکراوەتە سەر مۆنۆمێنتەکە، دەزانیت زۆر خەمبار دەبیت کە بەناو شارەکەدا دەگەڕێیت، بەڕاستی شارێکی شێواوو پیسو پۆخڵە.


جێری واینبێرگەر

**رۆژنامە: سیاسەتی ئەمریکا لە بەرامبەر ئەم هەرێمە جێگەی مشتومڕە، ئایا تۆ پێتوایە ئەمریکا سیاسەتێکی دیاریکراوی هەبێت لە بارەی هەرێمی کوردستان؟**

* پێموایە سیاسەتی ئەمریکا گرنگی بە باکووری عێراق دەدات لەبەر گرنگی جیۆپۆلەتیکی شوێنەکە.

بۆ بوونی باڵانس لەنێوان پێکهاتەکانی دەوڵەتێکدا پێویستمان بە لۆبیو گروپەکانی بەرژەوەندییو فشار هەیە، لە ئەمریکا حیزبو حکومەت وەڵامی داخوازییەکانی گروپەکانی فشار دەدەنەوەو حیزبو گروپەکانی فشاریش لێکجیان، ئەمەش شتێکی باشە.

کاتێک کوردەکان خیانەتیان لێکرا لە (١٩٧٥)و رەشەکوژییان لە (١٩٩١) لێکرا، لەبەرئەوە بوو کە سیاسەتی ئەمریکا سەدام حسێنی وەک پێویست لە بەرامبەر شۆڕشی ئیسلامی ئێرانو جێگیری ناوچەکە دەبینی، بۆیە دەتوانم ئاسان لەوە تێبگەم ئەگەر کوردەکان متمانە بە ئەمریکا نەکەنو بیریان نەچێت چیان بەسەرهاتووە، بەڵام ئەوەنەی من تێیبگەم سیاسەتی ئەمریکا ئەوەیە کە باشترە دیموکراسیەت لەم ناوچەیە گەشەبکات.

**رۆژنامە: بەڵام ئێمە چۆن دەتوانین دڵنیابین لە ئەمریکایەک کە خۆی دەڵێت دۆستو دوژمنی هەتاهەتایم نییەو بەرژەوەندیی هەتاهەتایم هەیە؟ ئەو شتانە چین کە ئێمە دەتوانین لەرێیەوە وا لە ئەمریکا بکەین لەگەڵمان بێت؟**

* تەنیا رێگەیەک کە دەتوانێت دڵی ئەمریکاو سەقامگیریی بەدەستبێنێت دوو شت دەخوازێت، دیموکراسیەکی راستەقینەو سیستمێکی ئابووری بازاڕی ئازاد، کاتێک وڵاتێک دیموکراسیەتو بازاڕی ئازادی راستەقینەی تێدا دەرکەوت، ئەمریکا ناهێڵێت تووشی مەترسی بێت، هەر ئەمەشە وایلێکردووین تایوان بپارێزین، چونکە تایوان بازاڕی ئازادی راستەقینەی هەیە. پێموایە بیناکردنی سیستمێکی بازاڕی ئازاد زۆر قورسە لێرە، چونکە لێرە سیستمی بانک نییەو کلتووری بیزنسیش زۆر لاوازە، کوردەکان هیچ دروستناکەنو بەرهەمناهێنن، ئەگەر ئێوە تەنیا پشت بە بەرهەمی دەرەکی ببەستن ئەوا دەبنە پاشکۆی وڵاتانی دیکە. پێموایە کوردەکان هەستی تاکایەتییان هەیەو خەڵکی وەک سەرمایەدار مامەڵە دەکات، بەڵام ئەوە کاتی دەوێت تا بازاڕی ئازاد پەیدا دەبێت.

کێشەی بنەڕەتی سیاسی ئێرە ئەوەیە کە حکومەتو حیزب یەکە، کاتێکیش جیاکاریی نەکرا لەو نێوانەدا گۆڕان قورسدەبێت، چونکە پارتیزان هەمیشە وەک پارتیزان مامەڵەدەکات، پێموایە سیستمی ئێرە باش نییە، سیستمێکی سۆشیالکراو لەم بەشەی دنیادا زۆر خراپە.

# دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز دروستدەکات

ئارا ئیبراهیم

دوای بڵاوبوونەوەی ئەنجامە سەرەتاییە نافەرمییەکانی هەڵبژاردن، پێدەچێت لیستی گۆڕانو خزمەتگوزاریو چاکسازی نەتوانن حکومەت پێکبهێننو ئاماژە بەوەدەکەن کە دەبنە ئۆپۆزسیۆنێکی کارا، هاوکات بەرپرسێکی پارتی ئاماژە بەوەدەکات کە پێناچێت پارتی حکومەت تەسلیم بە یەکێتی بکات.

رۆژی (٢٥)ی ئەم مانگە لەهەرێمی کوردستان هەڵبژاردن کرا بۆ دیاریکردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم، بەپێی ئەنجامە بەراییە نافەرمییەکان لیستی کوردستانی براوەبووە، بەڵام هەریەک لە لیستی گۆڕانو خزمەتگوزاری رێژەیەکی بەرچاو کورسییان هێناوە.

لیستی کوردستانی لەبەرئەوەی زۆرینەی بەدەستهێناوە، هەروەک لەمەوبەریش رایگەیاندبوو ئەگەر زۆرینەبن، ئەوا بە تەنیا خۆیان حکومەت پێکدەهێنن. وتەبێژی لیستی کوردستانی ئەوەی روونکردەوە کە لیستی کوردستانی ئەو زانیارایییە پشتڕاستدەکاتەوەو جەختی لەوەکردەوە کە بەهیچ شێوەیەک لیستەکانی دیکە بەشداری پێناکەن لەحکومەتدا، فازڵ عومەر، وتەبێژی لیستی کوردستانی ئەو زانیارییەی پشتڕاستکردەوەو بەچاوی خەڵکی وت: «لیستی کوردستانی زیاتر لە (٦٠) کورسی پەرلەمانی بەدەستهێناوە، بەوپێیەش خۆی بە تەنیا دەتوانێت حکومەتی ئایندە پێکبهێنێت، بەبێ ئەوەی داوا لە لیستەکانی دیکە بکات تا بەشداربن لە حکومەتدا».

لەبەرامبەردا کوێستان محەمەد، کاندیدی دووەمی لیستی گۆڕان لەلێدوانێکیدا وتی: «ئێمە پێشتر باسمان لەوە کردووە ئەگەر خۆمان لەگەڵ لایەنی دیکەدانەتوانین حکومەت پێکبهێنین، ئەوا دەبینە ئۆپۆزسیۆنێکی کارا لەپەرلەمانی کوردستانداو رووبەڕووی هەموو نادادپەروەرییو گەندەڵییەکان دەبینەوە». هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە پارتیو یەکێتی لەسنووری هەولێرو دهۆک پێشێلکاریی زۆریانکردووە لەبەرامبەر لیستی گۆڕانو خزمەتگوزاریو چاکسازیدا، ئەگینا ئێمە دەنگی زیاترمان دەهێنا لەوەی کە ئێستا باسدەکرێت.

هەرچەندە لیستی کوردستانی باس لەپێکهێنانی حکومەت دەکەن، بەڵام هەندێک لە لیستەکان نارازین لە ئەنجامە بەراییەکان، زانا رۆستایی، ئەندامی لیژنەی لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی، نارازیبوونی خۆیان لە ئەنجامەکان بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە پێشێلکاریی زۆر کراوە لەسنووری پارێزگای هەولێرو دهۆکدا، دەیوت: «ئێمەش سکاڵامان لەسەر کۆمسیۆنو لیستەکەی پارتیو یەکێتی تۆمارکردووە».

دەربارەی ئەوەی لەئایندەدا بەشداری حکومەت دەکەن یان دەبن بەئۆپۆزسیۆن، رۆستایی وتی: «ئێمە پێشتر بەڵێنمان بەجەماوەری خۆمانداوە کەبەشداری شکڵی ناکەین لە حکومەتدا وەک پێشووتر، بەڵکو دەبینە ئۆپۆزسیۆنێکی کاراو بەرەنگاری هەر شتێک دەبینەوە کە خزمەت بەگەلی کوردستان نەکات».

ئەو ئەندامەی لیژنەی لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی وتیشی: «واباشترە کە حکومەت لە لیستێک پێکبێتو ئۆپۆزسیۆنێکی کارا دروستببێت لەبەرامبەر حکومەتدا، بۆئەوەی چاکسازی لەبواری ئیداریو سیاسیو ئابووریدا بکرێتو خزمەتگوزاریی پێشکەش بەهاوڵاتیان بکرێت بەبێ جیاوازی».

هەرچەندە لیستی کوردستانی رێژەی زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، بەڵام هەڵوێستی پارتی بەرەو ئەوەدەچێت کە حکومەت تەسلیم بە یەکێتی نەکات، وەک لەپێش هەڵبژاردنەکان باسی لێوەدەکرا، سەرچاوەیەکی ناو پارتی دیموکرات کە رازی نەبوو ناوی ئاشکرابکرێت، هۆکاری ئەو هەڵوێستەی پارتی گەڕاندەوە بۆئەوەوی کە لیستی گۆڕان رێژەیەکی زۆر دەنگی بەدەستهێناوەو دەیوت: «ئەو دەنگانەی کە گۆڕان هێناونی بەهۆی ئەوەوە بووە کە زۆرێک لەیەکێتییەکان بەتایبەت لەسنووری پارێزگای سلێمانیدا دەنگیان پێداوە». ئاماژەیبەوەشدا کە کەپارتیو یەکێتی لەئێستادا لەگفتوگۆدان بەرامبەر ئەو دەنگانای کە گۆڕان هێناونی.

بەدەر لە رای لیستە جیاوازەکان، چاودێرانی سیاسی پێیانوایە، پرۆسەی دەنگدانەکە دەرئەنجامێکی ئیجابی دەبێت، د.کامەران مەنتیک، مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین خاڵە ئیجابییەکان لەوەدا دەبینێتەوە کە رەوشی سیاسی هەرێمی کوردستان پێدەنێتە قۆناغێکی نوێوەو ئۆپۆزسیۆنێکی کارا لەپەرلەماندا دروستدەبێتو پەرلەمانێکی فرەڕەنگ پێکدێت، هەروەها دەشیوت: «دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنی کارالەپەرلەماندا دەبێتەهۆی چاکسازییو گۆڕانی سیاسیو ئیدارییو بەرەوپێشچوونی ئابووریی هەرێمی کوردستان».

*** خزمەتگوزاریی رۆژنامەوانیی چاوی خەڵک**



# نا بۆ حکومەتو پەرلەمانی تەزویر



ڕێبین هەردی

ئـــەوەی لــە هــەولــێـرو دهــۆک ڕوودەدات لە سەرو هەموو تواناکانی تەحەمولکردنو قەبوڵکردنە، ئەوەی ئەم چەند ڕۆژەی داهاتوو چ لەکاتی پـرۆســەی هــەڵــبــژاردنو چ دوای هەڵبژاردن لە ناوچەکانی پارتیدا ڕوودەدات، هێندە قێزەونو ناشرینە کە مرۆڤ ناتوانێت لێی بێدەنگ بێت. کاتێک هەموومان لایەنگرانو سەربازو پۆلیسەکانی پارتیمان بینی کە لەکاتی هەڵمەتەکانی هــەڵــبــژاردنـدا چۆن بەشێوەیەکی ڕێکخراوو یەکجار دزێو پەلاماری دروشمەکانی لیستی گۆڕان دەدەنو دایدەگرن، بە خۆمان گوت ئەمەش دەبێتو لە هەڵبژاردندا لەمجۆرە شتانە ڕوودەدات، لەکاتی هەڵمەتەکانی پـروپـاگـەنـدەدا خـروقـاتـو شتێک سەرپێچی بکرێت. کە ئەو هەواڵەش بڵاوبووەوە کە ئەو پۆلیسو سەربازانە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت کە بەشداربوون لەو کـارەدا یان ڕێگر نەبوون لێی، زیاتر ئەو بۆچوونەمان لا دروستـبـوو کـە ئـەوەی ڕوویـدا خروقاتێکی بێ مەبەستو نارێکخراوە. هەموو شتێکی بێ مەبەستیش شایەنی ئەوەیە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا چاوپۆشی لێبکرێتو زیاد لە ماناکانی خۆی بارنەکرێت، بەڵام ئەمەی لەم چەند ڕۆژەی داهـاتـوودا ڕوویـدا، ئـەوەی لەکاتی پرۆسەی دەنگدانو پاش پرۆسەی دەنگداندا ڕوودەدات نە چاوپۆشی لێدەکرێتو نە بەسانایی وەردەگیرێت.

ئەو تەزویرە زۆرەی بە قسەی چاودێراني لیستەکانو چاودێرە نـێـودەولـەتـیـەکـان کـراوە، ئـەو درێـژکـردنـەوەی ئەو سەعاتەی کە بێ پاساوە، ئەو ڕێژە ناسرۆشتییەی بەشداریی لەدوا سەعاتی هەڵبژاردنداو لـە هـەمـوو ئـەمـانـەش ناشرینترو قێزەونتر ئـەو پـەلامـارە درندانەی لەم چەند شەوەی رابـردوودا کرایە سەر نەیارانی لیستی کوردستانی، هـەمـوو ئەمانە شتێکی ترسناک ئاشکرادەکەن. ئەوەی ڕوودەدات پتر لە موئامەرەیەکی ترسناک دەچێت. لە سیاسەتێک دەچێت کە دەیەوێت ئـەزمـوونـی حوکمڕانی ئەحمەدی نـەژاد دووبارەبکاتەوە. پێدەچێت وەک ئەحمەدی نـەژاد بیانەوێت حکومەتێکی تەزویرو زۆرینەیەکی تەزویر دروستبکەنو لە ئێستاشەوە بە پەلامارو هەڕەشە خەڵکی بتۆقێننو بۆ ئەوەی ئامادەی بکەن ئەم حکومەتە تەزویرە قەبوڵبکات.

بـەڵام ئـەوەی دەبـێـت بگوترێت ئەوەیە ئێوە وەک ئەحمەدی نەژادتان پێناکرێت، نە ئێرە ئێرانەو نە ئێوەش ئیسلامییەکانی ئێرانن. ئێوە حکومەتی تەزویرتان بەسەرەوە ناچێت، ڕەنگە (دەڵێم ڕەنگە) چەند وەختێک بتوانن حکومەتی تەزویر بەڕێبخەن. ڕەنگە بتوانن چەند ساڵێکی دیکەش بەردەوام بن، بەڵام لەخۆتان پرسیوە تاکەی؟ تاکەی دەتوانین فێڵبکەینو دژ بە ئیرادەی میللەتو بە تەزویر حوکم بکەن؟

ئـێـوە کـەی بـێـزاردەبـن؟ کەی چاودەکەنەوەو ڕاستییەکان دەبینن‌و تێدەگەن دنیا گۆڕاوە، کەی تێدەگەن لەبەردەم دووڕیاندان کە سێیەمی نییە، یان دەبێت بگۆڕێن یان دەبێت لەسەر شانۆکە لاچن‌و بەجێیبهێڵن؟ تاکەی بە تەمان بە ترسو تەزویرو هەڕەشە لەسەر حوکم بمێننەوە؟ ئێوە کە پێش هەڵبژاردن گاڵتەتان بە هەڵبژاردن دەهاتو واتان دەزانی هەموو خەڵکی کوردستان وەک سەردەمانی خەلافەت هەمیشە بەیعەتان بۆ زیندوودەکەنەوە، ئێوە کە بنی زمانو سەری زمانتان بریتی بوو لە دڵنیایی لە جەماوەری ئەم دەسەڵاتە ناشرینەتان، بۆ ئێستا هەرچی شێوازی ناشرینە گرتوتانەتەربەر بۆ ئەوەی تەزویر لە دەنگو ئیرادەی

> **ئـــەو تـــەزویـــرە زۆرەی بـــە قسەی چـاودێـــرانـــی لیستەکانو چاودێرە نێودەوڵەتیەکان کراوە، ئەو درێژکردنەوەی ئـەو سەعاتەی کە بـێ پـاســاوە، ئـەو ڕێـژە ناسروشتییەی بـەشـداریـی لـەدوا سەعاتی هەڵبژاردنداو لە هەموو ئەمانەش ناشرینترو قێزەونتر ئەو پەلامارە درندانەی لـەم چەند شـەوەی رابــــردوودا کرایە سەر نەیارانی لیستی کوردستانی**

خەڵک بکەن؟ ئـەدی بۆچی ئەگەر ڕاست دەکەنو خۆتان پاش ئەم هەموو تـەزویـرە بە سەرکەوتوو دەزانــن، کەوتونەتە پەلاماردانو هێرشکردنو توقاندنی لایـەنـگـرانو دۆستانی لیستەکانی دیکە؟

ئەرێ ئێوە چینو لەچی دروستبوون. بەسەرکەوتنیش تێرنابنو وازناهێنن؟ لە چ شوێنێکی دنیادابووە ئەوەی (وەک خۆتان دەڵێن براوەیە) دەستبکات بە پەلاماردانی ئەو لایەنانەی (بەحیسابی ئێوە) دۆڕاون؟ لە هەموو دنیای ئەم خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەدا، تەنانەت لە ناشرینترین ئەزموونەکاندا، تەنیا ئـەوەی بەحیساب دۆڕاوە تورەیەو هەولدەدات پەلاماربدات، نەک ئەوەی سەرکەتووەو بردویەتیەوە؟ ئێوە تەنانەت لەمەشدا، لەم نالۆژیکترین ڕەفتارەشدا بێوێنەن.. خۆتان بە براوە دەزانن کەچی ئێوەن پەلاماردەدەن، ئەوە ئێوەن بەکلاشینکۆف‌و بەردبارانو هەلکوتانەسەر، کەوتونەتە گیانی ئەو کاندیدو لایەنگرانەی لیستەکانی دیکە (کە ئێوە خۆتان دەڵێن دۆڕاون). ئەرێ کێ لەگەڵ دۆڕاودا وارەفتاردەکات، ئەم هەموو پێشێلکاریە بێشەرمانەیە چییە بە بەرچاوی هەموومانەوە دەیکەن؟ ئەو چەکدارانە کێن کە لە وێنەکاندا دەردەکـەون و پەلاماردەدەن؟ ئەرێ ئەمە تێکساسی سەردەمی کابۆیو عەسابەکانیەتی یان حکومەتێک لە سەدەی بیستو یەکدا؟

وامەزانن کەس نایبینێتو نازانێت چی ڕوودەدات. وامەزانن ئێوە بەم ڕەفتارەتان دەتوانن ئەو ڕیسواییە داپۆشن کە دووچارتانبووە. ئێوە دۆڕاوی سەرەکی ئەم هەڵبژاردنەن. ئێوە دەتانەوێت بە تەزویرو شەڕو پەلاماربینەوە، خۆشتان ئەوە باش دەزانن‌و ناشزانن چۆن ئەمە بشارنەوە؟ ئەگینا چ هێزێک هەیە بـراوە بێتو پەلاماربدات. وادەزانن نازانین ئەگەر ئێوە بەڕاستی براوەی ڕاستەقینەی ئەم یاریە بوونایە، هەرگیز لەدوای بردنەوە پەلامارتان نـەدەدا؟. هەڕەشەتان لە کەس نەدەکردو خەڵکێکتان ناچار نەدەکرد لە ترسی گیانو ماڵو منالی شاری خۆی بەجێبهێڵێت. ئەرێ شەرم ناکەن خەڵک هەیە لە ترسی ئێوە شارەکەی خۆی بەجێهێشتووە؟

ئێوە دۆڕاون بـرام! هەر بۆیەش خەریکە شێت دەبنو هەموو عەقڵو لۆژیکێکتان لەدەستداوەو کەوتونەتە گیانی ئـەو کەسانەی بە حیسابی ئێوە دۆڕاون. ئێوە دۆڕاون! هەموو ڕەفتارەکانتان ئەوە دەسەلمێنن. بۆیە پەنا دەبەنەبەر هەڕەشەو پەلاماردانی ئـەو کەسانەی بە حیسابی خۆتان دۆڕاون. ئێوە دۆڕاونو ناتانەوێت دان بەمەدا بنێنو واش دەزانـن بەم هەڕەشەو تەزویرو پەلامارانە دەتوانن کۆتایی بەشتەکان بهێنن، بەڵام وەک چۆن هەژدە ساڵە هەڵە لەدوای هەڵە تۆماردەکەن، بەمەش هەر تۆماری ئەو هەڵانە زیاد دەکەن.

دەزانـــن! ئـێـوە لـەمـەشـدا وەک هەڵسەنگاندنەکانتان بۆ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن کە تووشی هیستریای کـــردوون، تـەنـیـا هـــەڵـەی زیـاتـر دەخـەنـەسـەر خەرمانی ئـەو هەڵە زۆرانەی بـەردەوام دەیکەن، تا ئێوە وارەفتاربکەن، زیاترو زیاتر ناشرینی خۆتان دەردەخەنو یەکجار بە هەڵەشدا چوون وابزانن ئەم ناشرینیە دەتوانێت بتانپارێزێت؟ بە هەڵەدا چوون (وەک چۆن هەمیشە بە هـەڵـەدا چـوون) وابزانن بەمە خەڵکی دەترسێننو بێدەنگی دەکـەن؟ ئێوە ڕۆژ بە ڕۆژ زۆربەی نارەزاییو تورەیی خەڵک لە خۆتان زیاد دەکەن، ڕۆژ بە ڕۆژ قینو تورەییەک دروستدەکەن کە درەنگ یان زوو واپیاتاندا دەتەقێتەوە کە خۆشتان نەزانن چۆنو چی ڕوویدا؟ وامەزانن کاتێک ئەو وێنانەی ئێوە دەبینین کە پەلاماردەدەنو بەشێوەیەکی ڕێکخراو هێرش دەکەنەسەر ئەم بارەگاو ئەو بارەگا بە سانایی لە خەیاڵی سیاسی مرۆڤی ئێمەدا تێدەپەڕێت، وانەزانن ئـەو هـەمـوو تـەزویـرو هـەڕەشـەو پێشێلکاریانەی دەکرێت، بە ئاسانی قەبولدەکرێت... هەموو ناشرینیەکانی ئێوە ڕۆژ بە ڕۆژ خەرمانی ئەو بێزارییە گەورە دەکات کە (١٨) ساڵە دەیچێنن‌و ئێمەش تکاتان لێدەکەین کوێرمەبنو ئەمە ببینن‌و چاکی بکەن، چاکی بکەن، چونکە ئێمە زۆر بۆ ئەزموونەکە لە ئێوە دڵسۆزترینو نامانەوێت وڵات بەخوێنو پەلاماردانو شەڕ و ئاژاوە کۆتایی پێبێت. نامانەوێت نەک ئێمە، بەڵکو ئێوە ببینن خەڵک پەلامارتان دەداتو لەبری ئـەوەی پاداشتان بداتەوەو ڕێز لە تێکۆشانتان بگرێت، بێ داگاییەک بەیەکتان لەناوببات.

ئێوە کەی فێر دەبن تۆزێک شەرم بکەنو لەو غـرورە کوێرەی خۆتان بێنە خوارەوەو بە چاوی خۆتان ببینن دنیا گـۆڕاوەو لێتان قەبولناکات تا سەر پەرلەمانی تەزویرو حکومەتی تەزویرو فێڵو ساختەکاریی بکەن، لە گۆڕمی یەکەمدا سلێمانیتان دۆڕانو کەچی لەبری ئەوەی کەمێک بێنەوە سـەرخـۆتـانو بیربکەنەوە چیتان کـردووە کە ئـەو هەموو خەڵکەی ڕۆژێـک لە ڕۆژان دەیخستنەسەر سـەریـان ئـەوەنـدە لێتان تورەبن، سـەرەڕای هەموو پارەو هەڕەشەو نانبڕینەکانتان، کەچی پشتتان تێبکاتو بە دەنگی بەرز بڵێت نا بۆ ئێوە. لەبری ئەوەی بە خۆتاندا بچنەوە لەو غرورە ناشرینە بێنە خوارێ کە کردونی بە سولتانەکانی سەردەمە تاریکەکان، دەچن بە تەزویرو هەڕەشەو نمایشی سـەربـازی فێڵ لە ئـیـرادەی خەڵک دەکەن.

من دەزانـــم لـەم کـاتـەدا کە ئەم ڕستانە دەنووسم هێشتا ئەوەندە سـەربـازو چـەکو زیندانتان هەیە دەتوانن ماوەیەکی دیکەش بە زیندانو ترساندنو توقاندنو تیرۆرو کوشتن دەیان کەس بێدەنگ بکەن، بەڵام بۆ ئەوەندە نەزاننو کوێرنو تێناگەن دنیا بەمشێوەیە ناڕوات. دنیا بۆ شاهەنشاو سەدام حسێنەکان بە هەموو جبەخانەی سەربازیو درندەییانەوە نەما، داخۆ بۆ ئێوە چۆن دەمێنێت کە دەسەڵاتان بەسەر سێ شاریشدا نییە کە بەشێکی بچووکە لە دەوڵەتێکی گەورەتر؟ تاکەی تێدەگەن تا چەکو ترساندنەکانی ئێوە گەورەبێت، تەنیا ڕقو تورەیی گەورە دەکـەنو پێش هەموو کەسیش بە خۆتاندا دەتەقێتەوە. کەی بڕوا دەکەن سەردەمی خەلافەتو بەیعەتی کوێرانە کۆتایی پێهات. سەردەمی ئاغایەتیو ملهوڕیو خۆسەپاندن تەواوبوو.

> **ئـــەوەی دەبێت بگوترێت ئەوەیە ئێوە وەک ئەحمەدی نەژادتان پێناکرێت، نە ئێرە ئێرانەو نە ئێوەش ئیسلامییەکانی ئێرانن. ئێوە حکومەتی تەزویرتان بەسەرەوە ناچێت، ڕەنگە (دەڵێم ڕەنگە) چەند وەختێک بتوانن حکومەتی تەزویر بەڕێبخەن. ڕەنگە بتوانن چەند ساڵێکی دیـکـەش بــەردەوام بــن، بــەڵام لەخۆتان پرسیوە تاکەی؟ تاکەی دەتوانین فێڵبکەینو دژ بە ئیرادەی میللەتو بە تەزویر حوکم بکەن؟**

شـەرم بکەن بـرام! شـەرم بکەن گەیشتوینەتە ئەو دۆخـەی خەڵکێک کە ئامادەبوو ڕۆژگارێک لە پێناوی ئێوەدا خۆی بەختبکاتو بتانهێنێتە سـەر کورسی حوکمڕانی، کەچی هەنوکە هەموو شتێکی دزێودەکەن بۆ ئەوەی خیانەت لە ئیرادەو خواستی بـکـەن، ئـێـوە شـــەرم بـکـەن کـە بە چەکدارە ناشرینەکانتان پەلاماری خەڵکی دەدەنو هەڕەشە لەو کاندیدو لایەنگری لیستانە دەکـەن کە ڕای جیاواز لە ئێوەیان هەیە. شەرمیش لەوە بکەن وابزانن بەم کارەتان ترس دروستدەکەنو خەڵکی بێدەنگ دەکەن. دڵنیابن تا ئێوە وا بەردەوامبن، ڕق دەچێننو هەر بەڕقیش دەڕۆن. ئەوەی ڕق دەچێنێت، ئـەوەی بێ یاسایی دەکاتو کوێرانە پەلاماردەدات، دەبێت چـاوەڕێـی ئـەوەش بکات ڕۆژێـک بـە ڕق دەڕواتو بـە بـێ یاسایش لێی دەپـرسـرێـتـەوەو کوێرانەش پەلاماردەدرێت، ڕێزبگرن، بۆ ئەوەی ڕێزتان لێبگیرێت، درۆ مەکەن، با کەس کەرامەتتان نەشکێنێت.

مـرۆڤ کە دەتانبینێت ئەوەندە بێشەرمانە پـەلامـاردەدەن، ئەوەندە بێشەرمانە تەزویر دەکەن کە لە (٤) سەعاتدا ڕێژەی دەنگدانی شارێک لە (٤٠٪)ەوە دەکەن بە لە سەدا (٧٨)، بەزەیی بە عەقڵو بیرکردنەوەتاندا دێت کە وادەزانێت بەم کارانە دەتوانێت تا سەر فێڵ لە خەڵکو خۆیو دنیابکات. بەزەییم پێتاندا دێتەوە کە ئەوەندە کورتبیننو کوێربوون، تێناگەن شتێک لە ژێرەوە دەکولێت، شتێک لە ژێرەوە دەبزوێتو گەورە دەبێتو ئەگەر واش بڕوات دەبێت بە ئەژدیهایەک ئێوەو ڕەنگە خۆشمان بخوات.

بێنەوە سەرعەقڵو تێبگەن ئێوە ناتوانن حکومەتی تەزویر دروستبکەن، ناتوانن پەرلەمانی تەزویر دروستبکەن. ئێوە نە دەسەڵاتی ئەحمەدی نەژادو نە چەکی پاسدارو ئەتۆمیتان هەیە، نە ئەو مورشیدە ئەعلایەی بتانپارێزێت. ئێوە ئێستا شارو لەتێکتان هەیە کە بەشێکە لە عێراقێک کە نەک پشتیوانتان نییە، بەڵکو لە دەرفەت دەگەڕێ بتانخات، کارێک مەکەن وڵات پڕ بێت لە ڕق لێتان. کارێک مەکەن مێژوو ڕەحمتان پێنەکاتو بەجێتانبێڵێت.

خەڵکی تورەمەکەن. ئەو نمایشە سەربازییانەی دەیـکـەنو بە شەو بـە غـەفـلـەتو جلـی مـەدەنـیـەوە پـەلامـاردەدەن، لە خەیاڵی سیاسی هەموومان‌دا دەمێنێتەوە. لە خەیاڵی سیاسی ئێمەدا وەک عەسابەی کابۆکانی تێکساس دەردەکەوێت لە سەدەیەکدا کە کابۆیەکان تێیدا تەنیا دەتوانن وەک دۆن کیشۆت بن، ئێوە هەستکردن بە زەمەنو مێژووتان لەدەستداوەو بەم لەدەستدانەش هەموو وڵات بەرەو وێرانیو کەرتبوونێک دەبەن کە کەس نازانێت بە کوێ دەگات.

وەرنـــەوە سـەر هۆشی خۆتانو واز لـەو هستریایە بێنن کـە ئەم هەڵبژاردنە تووشی کردوون. زەمەن لە بەرژەوەندی ئێوەو ئێمەش نییە. یان عەقڵانیە ڕەفتارکردنو ملدان بۆ دیموکراسی، یان دیکتاتۆریەکی یەکجار بچووک کە تەمەنی یەکجار بچووک دەبـێـتو هـەر بە دەستی ئەو خەڵکەی ئەم هەموو خیانەتەی لێدەکەن، دەڕمێتو تۆزی نامێنێت.

# ڕۆشنبیری کوشندە



پۆلا سەعید

## ٢-٢

ڕۆشنبیری کوشندە، ڕۆڵێکی گەورە لە خراپکردنی ئەم گەنجانەدا دەبینێت، بەوەی لەلای ڕۆشنبیری کوشندە تەنیا ئەو گەنجانە گەنجانێکی باشن کە ئەو دەیانکاتە «ئامانجی خود». گەنج ئەو کاتەی دەبێتە ئامانجی کەسێک، ئیدی خودێتی لێدەستێنرێتەوەو دەبێتە کاڵای دەستی ڕۆشنبیر، دەبێتە کۆپییەکی عەقڵی ڕۆشنبیری کوشندە، لەکاتێکدا ئەرکی تەندروست ئەوەیە کە ڕۆشنبیر هیچ تاکێک نەکات بە کۆپیی خۆی، بەڵکو هاوکاریی بکات کە تاک ببێت بە خودی خۆی، نەک لاسایی ئەم بکاتەوە، ڕێژەیەکی گەورەی گەنج کە هەنووکە لە شەقامی کوردیدا چالاکن، خودی خۆیان نین، کەسیان ئازاد نین، بەڵکو کۆپی بیرکردنەوەیەکن، لاساییکەرەوەی کەسێکن، لەکاتێکدا ئەگەر ئەمانە خودی خۆیان بن توانایان بەهێزتر دەبێت، دەبنە ئاژەڵگەلێکی سیاسیی‌و لە سیاسەتێکی هەرەوەزیی شەقامدا هەوڵ بۆ ئازادکردنی خۆیان دەدەن، ویستی گۆڕانی ئەمان دەبێتە ویستێک بۆ گەڕانەوە بۆ سروشت لە ڕێگەی بیرکردنەوەو مامەڵەی عەقڵانییەوە، لەپێناوی ئازادکردنی خۆیاندا هەتاوەکو بتوانن لە سروشتدا گەشەبکەن‌و درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن. وەک چلۆن لەلای دەسەڵاتی ئێمە تاکێکی قسەکەر، ڕەخنەگر، ڕەتکەرەوە تاکێکی خراپە، ئاوهاش لەلای ڕۆشنبیری کوشندە تاکێکی ڕەخنەگرو ڕەتکەرەوە تاکێکی باش نییە، خوێنەرێکی باش نییە، ئازادترین گەنجی بیرکەرەوە ئەو گەنجەیە کە خۆی چ وەکو بوونیەتێکی هۆشیار رادەگەیەنێت، چ هۆشیارانەش مامەڵە بە بیرکردنەوەی دەکات، زیرەکی پڕاکتیکی گەنج لێرەدا بریتییە لە گەشەیەکی ئازادی سروشتی، لە گەشەدا گەنجی ئێمە پێویستیان بە ڕێنمایی ڕۆشنبیری کوشندە نییە، بەڵکو پێویستیان بە خودی خۆیانە، چونکە خۆیان دەبێت ڕاستیی خۆیان وەک مرۆڤی ئازاد ڕابگەیەنن. ڕاستیی پڕاکتیکیی، بڕیارێکی باش‌و مامەڵەیەکی باش خاوەنی یەک ئیدێنتیتێتن، چونکە بڕیارێکی باش هەمیشە فاکتەرێکی بەهێزە لەسەر مامەڵەیەکی باش، لەناو مامەڵەیەکی باشیشدا ڕاستییەکی پڕاکتیکیی هەمیشە دەردەکەوێت، لێ بەڵێ، ئەوەی کە لە نادیاردا دەمێنێتەوە بریتییە لە بڕیارەکە، چونکە ئەمیان بریتییە لە دەستوورو پرۆسێسێکی دەروونی. هەنووکە کورد لە باشووردا خاوەنی ڕاستییەکی پڕاکتیکییە بۆ گۆڕان، ئەمەش لە ئاکاری مامەڵەیەکی باشی عەقڵانیدا سەریهەڵداوە کە بڕیارێکی باشی تاکو کۆ بووەتە هۆکاری هێنانەکایەوەی مامەڵەیەکی ئاوها. ڕۆشنبیری کوشندە نەخاوەنی بڕیارێکی باش‌و نەخاوەنی مامەڵەیەکی چ باشەو چ بووشە، هەربۆیە هەرگیز ناتوانرێت بگوترێت، کە ئیدێنتیتێتی ڕاستیی پڕاکتیکیی جوڵەی گۆڕانی ئیمڕۆی ئێمە خاوەنی هەمان ئیدێنتیتێتی بڕیارو مامەڵەی ڕۆشنبیرانی کوشندەی ئێمەن. ئۆنتۆلۆگی ڕۆشنبیری کوشندە بریتییە لە شێوتێکی «گاڵتەپێکردن» هەمیشەیی. شێوتێک کە بۆ سوکایەتیپێکردنی خەڵکییە، بە گاڵتەجاڕیکردنی بیرو ڕامانی خەڵکییە. ئەگەر بە نموونە شێوتی ئەریستۆتێلیس بهێنینەوە، ئەوا دەبینین کە ژیانی ئەو فەیلەسوفە، بریتیی بووە، لە ئارۆگانتسێکی باڵا، لێ هەمانکاتیش خاوەنی شێوتێکی نوکتەبازبووە، لەسەر گاڵتەجاڕیی بیرو ئەسپێکتی خەڵکی نەژیاوە، بەڵکو لەسەر ململانێی عەقڵ ژیاوە. پۆلەمیکی «هێرش بە وشە، دوور لە زانستەوە» ناهەقییانەی ڕۆشنبیری کوشندە بەرامبەر بۆچوونێکی دیکە، لەپێناوی دەرخستنی هەڵەیەکدا نییە، بەڵکو ئامانج تێیدا بە گاڵتەجاڕکردنی دیدێکی دیکەیە، دیدێک لە دەرەوەی بیرکردنەوەی ئەودا. ڕۆشنبیری کوشندە هەوڵی بە هاوڕێکردنی هەموو کەس بۆ خۆی دەدات، ئەو لە چەقی خۆیدا هەوڵی بە دەوڵەتکردنی چەقی خۆی دەدات، بوونی ئەو بریتییە لە شاری بیرکردنەوەی ئەو، پرینسیپەکانی بریتییە لە دەوڵەتی بیرکردنەوەی ئەو، ئەوەی بیەوێت بێتە ئەم شارەوە دەبێت هاوڕێی ئەو بێت، چونکە لە دیدی ئەودا تەنیا ئەو کەسانە دێنە ئەو شارەوە کە خاوەنی عەقڵن، ئەوانەشی کە لەلای ئەو خاوەنی عەقڵن، ئەوانەن کە ئەو بە ڕاست دەزانن، ئەوانەن کە ستایشی ئەو دەکەن کە بانگەشەی هاوڕێیەتیی پاکی بۆ دەکەن. پلاتۆن چل ساڵ لە ئەریستۆتێلیس گەورەتربوو، ئەریستۆتێلیس هاوڕێی ئەوبوو، لێ بەڵێ ئەریستۆتێلیس دەیگوت: «پلاتۆن هاوڕێمە، لێ ئەوەی کە پێویستە زیاتر هاوڕێم بێت ڕاستییە». Aristoteles. Thomas Buchheim. S ١٣.

هەتاوەکو لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لیبراڵیزم جێگەپێی خۆی قایمنەکات، ئازادیی تاک وەک ئیندیڤیدوال، هەرگیز مسۆگەرنابێت، دەسەڵات‌و ڕۆشنبیرە کوشندەکانی هەمیشە هەوڵی تەسککردنەوەی پانتایی ئازادیی تاک‌و کۆمەڵیان بەشێوەیەکداوە کە تاک‌و کۆ، ژیان لەسەر خەتێکی سیاسیی‌و هزریی زاڵ بگوزەرێنن. هەوڵدان بۆ بە لیبراڵیزەکردنی کۆمەڵگە بە تەنیا هەوڵێک نییە، بۆ ئازادیی تاک‌و کۆ، بەڵکو هەوڵێکیشە بۆ دانانی سنوورێک بۆ دەسەڵات. دەسەڵات هەمیشە لە هەوڵی بچووککردنەوەی تاک‌و کۆدایە، بەوەی کە ئازادی کردووە. لەکاتێکدا لە بەهاری ساڵی (١٩٩١)دا، ئەوە کۆمەڵ بوو ئەوانی لە هەژاری‌و برسێتیی ترافیەوە «ئاوارەو دەربەدەر» هێنایەوە باوەشی نیشتمان. هەڵەی کۆمەڵ لە ڕاپەڕیندا ئەوەبوو کە بەوپەڕی ڕێزو ستایشەوە ئەو نرخەی لەپێناوی ئازادیدا خەرجیانکرد، کردیانە مولکی پارت، ئەوان شانازی‌و شکۆی گرانی خۆیان بە هەرزان خستە گیرفانی پارت، لێپرسراوو سەرۆکەکانیانەوە، ئێستا دەسەڵات ناهەقی نییە کە خۆی بە بەرهەمهێنەری ئازادیی کورد لە باشووردا بزانێت، چونکە لە ڕاپەڕیندا تاک‌و کۆی ئێمە نەیاندەزانی نرخی ئازادیی لە کوێدایە؟ یان نرخی ئازادیی چییە؟ نرخی ئازادییش بریتییە لە ڕشتنی ئەو ڕووباری خوێنەی کە لە ڕاپەڕیندا ڕشتیان کە هەردوو زلهێزەکەی ئێمە لە باشووردا لەو ڕووبارەدا خاوەنی (١٠٠) لیترنین. دووبارەکردنەوەی هەمان هەڵە لە فۆرمێکی دیکەدا، هەنووکە دوای هەژدە ساڵ، نەک کردنی هەڵەیەکی گەورەترە لە هەڵەیەکی گەورەدا، بەڵکو فاکتەرێکی گەورەی مەترسیشە بۆ سەر ئایندەی تاک‌و کۆ، چونکە لەم ئازادییەدا کە مرۆڤ هەست بە نەبوونی ئازادیی دەکات، لە ئاگایی‌و نائاگایی خۆیدا دەنگ بۆ کۆیلەبوونی خۆی دەدات، کۆیلەیەک، کە لەلای کۆیلەدارەکەی هەست بە ئاسوودەیی‌و ئارامی دەکات، کۆیلەیەک کە لە ڕێگەی کۆیلەدارەکەیەوە هەست بە ئازادیی‌و دۆزینەوەی ڕاستیی دەکات، کۆیلەدارێک کە ڕۆڵی خواوەندێک دەبینێت‌و ئەویش چاوەڕوانی وەرگرتنی ناسینەوەی ڕاستیی لێدەکات کۆیلەدارێک کە جارێک سیاسییەو جارێکیش ڕۆشنبیرێکی کوشندە.

کێشەی باش لەناو ئێمەدا بەردەوام بە پێوەری ئێتیک کاری پێدەکرێت، لێبەڵێ مامەڵە لەگەڵ باشدا بۆ نموونە لەلای برسییەک بریتییە لە نانێک. نان بۆ برسی واتە «باش» ئیدی چلۆن ئەم نانە پەیدا دەکرێت کێشە نییە، دەکردرێت یان دەدزرێت هیچ لە باسەکە ناگۆڕێت. نان واتە «باش». بەرهەمهێنان‌و قووتکردنەوە پەیوەندییان بە بیرکردنەوەی «باش»ەوە هەیە. نانەواچییەک کاتێک نانێک دروستدەکات بە «باش»ی دەزانێت بۆ فرۆشتن، ئالێرەدا تووشی دوو بیرکردنەوەی دیکە دەبین، ئەوانیش بریتیین لە کێشەی ئامانج‌و نیشان، لێ ئەمان دوو شتی جیاوازن، بەرزو نزم. لەلای ئەریستۆتێلیس هەموو نیشانێک کە بۆ ویستی خودە بەرزترە وەک لە نیشانێک کە هۆکارە یان یاریدەدەرە بۆ گەیشتن بە نیشانێکی دیکە. نیشانی خەڵک گۆڕانە لەپێناوی ژیان لە دادپەروەرییدا، لێ نیشانی ڕۆشنبیرانی کوشندە شتێکی دیکەیە، واتە گۆڕان وەک نیشانێک بەکاردەهێنن بۆ گەیشتن بە نیشانێکی دیکە. گۆڕان وەک خوێندنەوەی پەرتووکێکی فەلسەفی یان ئەدەبی گرنگ وەهایە کە خاوەنی «ئامانجی خود»ە، نانێک ئامانجی خود نییە، بەڵکو نان تەنیا خزمەتی برسێتیمان دەکات، نان خزمەتی قازانجی نانەوا چییەک دەکات، لێ خوێندنەوەی پەڕتووکێک نا، چونکە ئەو خاوەنی «ئامانجی خود»ە. گۆڕان ئەگەر بوونێکی ڕاستەقینەی هەبێت «ئامانجی خود»ە، لێ مەترسیی ئەم گۆڕانە لەوەدایە کە کراوە بە نیشانێک بۆ گەیشتن بە نیشانێکی دیکە. لە سەردەمی ڕاپەڕینی دا «بەهاری ١٩٩١»دا، لێبووردنی گشتیی بۆ هەموو تاوانبارێک دەرکرا، ئەمە خۆی لە خۆیدا گۆڕانێکی سیاسیی بوو، لێ گۆڕانێک کە زیانێکی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنایە ئایندەوە، زیانێک کە هەتاوەکو ئێستا کێشەمان لەگەڵیدا هەیە. زیانەکانی گۆڕانی ئێستا هیچی وەهای کەمتر نییە لە زیانەکانی سەردەمی ڕاپەڕین، شەڕ، شەڕی گەندەڵیی، نادادپەروەریی، نایەکسانیی، نەبوونی ئازادییە. لێبەڵێ بکەرانی گەندەڵیی‌و هەموو بوارەکانی دیکە ، لە ڕێگەی لێبووردنێکی دیکەی گشتییەوە لە فۆرمێکی دیکەدا بوونەتە نیشتەجێی گۆڕان، بوونەتە کارکەری گۆڕان، بوونەتە قسەکەرو هەقرای گۆڕان. پاک‌و ناپاک هەردووکیان لەسەر یەک مێز کۆبوونەوە دەکەن، پاک‌و ناپاک هەردووکیان لە شاشەی تێلێفیزیۆنەوە دەردەکەون، لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەو سایتەکان شانبەشانی یەک پاک‌و ناپاک دەنووسن‌و بانگەشەی گۆڕان دەکەن. لە دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیدا، یەکێتییەکی تر بەبێ بوونی چەند کەسایەتییەکی «یەکێتیی A» لە «یەکێتیی B»دا بوونی هەیە. مەترسیی گەورەی دووبارەبوونەوەی هەمان سیاسەت لەبەردەمی کۆمەڵگەدا ڕاوەستاوە. هەمان غەدر، هەمان نادادپەروەریی، هەمان نایەکسانیی، هەمان نەبوونی ئازادیی، ترسی گەورەی منە وەک تاکێکی ئیندیڤیدووال، بێگومان لە ڕووپەڕی دەسەڵاتی «A»وە مەحاڵبوو هێرشێکی کوشندە بکرێتە جوڵانەوەیەک، بیرێک، گروپێکی ئەکتیڤیست. لێبەڵێ بوونی «B» دیواری ئەم مەحاڵە تێکدەشکێنێت، چونکە لە پانتایی «B»یەوە هەرچییەک پڕاکتیزە دەکرێت، بەبێ دوودڵیی مۆری «باش»ی لێدەدرێت. کێشەی باشیش وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، وەک «نان»ەکە نییە، چونکە باشەی نان باشەی خودێتیی نییە، بەڵکو ئەو تەنیا سکی برسیمان تێردەکات. «باش» لەم گۆڕانەدا دەبێت زۆر لە نان گەورەتر بێت، دەبێت خاوەنی باشەی خودێتیی بێت بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵ. باشی خودێتییش بریتییە لە هەبوونی ئازادیی‌و سەربەستی هەتاوەکو مرۆڤ بتوانێت لە ڕێگەی مامەڵە عەقڵانییەکانی خۆیەوە پرۆسێسێکی سروشتیی گەشەی خۆی بێنێتە ئاراوە.

کێشەی ڕاستی‌و ئازادیی کێشەیەکی گەردوونییە، هەمیشە خەڵکانێک قوتدەبنەوەو هەوڵی بەرهەمهێنانی ڕاستی‌و ئازادی لە ڕێگەی مرۆڤەوە دەدەن، واتە مرۆڤ بەرهەمهێنەری سەرەکیی ئازادییەکانی مرۆڤ‌و ڕاستییەکانیەتی، بەبێ مرۆڤ نە ڕاستیی، نە ئازادیی بوونیان نییە، بەڵکو مرۆڤ لە ڕێگەی مرۆڤەوە دەگات بەم ڕەهەندانە. لێ بەڵێ، هەتا چەند ئەم تیۆرییانە دەتوانن بمانگەیەنن بە ڕاستییەک؟ ئاخۆ پێش مرۆڤ ڕاستیی‌و ئازادیی بوونی هەبووە، یان لەدوای مرۆڤەوە ئەمانە هاتوونەتە ئاراوە؟ ئاخۆ پێش ئادەم‌و حەوا ڕاستی‌و ئازادی بوونیان هەبووە؟ ئاخۆ ئادەم‌و حەوا زانیویانە ڕاستی‌و ئازادی چییە؟ سارتەر دەڵێت: هەبوونی ڕاستی بۆ ئێمە بریتییە لەوەی کە «هەبوون» بناسینەوە. مۆری ئەم هەبوونە بریتییە لە «بەها»، بریتییە لە دەسەڵاتەکەی، لە هێزەکەی، لە باشەکەی ... هتد. گەرەنتیی دەسەڵاتەکەی بریتییە لە ڕاستیی. ئەو «خودا»یە، لێ دەتوانێت هیتلەر بێت یان ستالین. ئالێرەدا ئێمە هیچ بەرپرسیارێتییەکی ڕاستیی ناگرینە ئەستۆی خۆمان، مرۆڤ ڕاستیمان بەپێی حەزەکانمان پێدەدات. ئێمە تەنیا ئەوەمان هەیە کە ناماندرێتێ، لەم بارودۆخەدا ئەویش بریتییە لە ئیگنۆڕانتی سروشتی خۆمان. هەموو ڕاستییەک بریتییە لە بەزەییەکی خوایی، کە پێمان نەدراوە Wahrheit und Existenz. Jean-Paul Sartre. S ١٠٥. ڕۆشنبیرە کوشندەکانی ئێمە بەپێی حەزەکانی خوێنەرەکانیان مامەڵە لەگەڵ گەیاندنی ڕاستیدا دەکەن، نەک کار لە دۆزینەوەی ڕاستیی ڕاستەقینەدا بکەن، ئەمەش کار لە بە تریڤاڵبوونی «باو، بەبێ بەهایەکی گەورەی ناوەڕۆک» نووسینەکانیاندا دەکات. خوێنەرەکانی ئەمان ڕۆڵی ئادەم‌و حەوایەک دەبینن کە تەنیا لە ڕێگەی خوداوە ڕاستییان پێدەگەیەنرێت. ئاخر سارتەر بە ناهەق ناڵێت: ئادەم‌و حەوا پێویستیان بە ناسینەوە نەبوو، چونکە خودا کاری ناسینەوەی بۆ ئەوان دەکرد. Wahrheit und Existenz. Jean-Paul Sartre S ١٠٤.

کێ لە پەراسووی کێ دروستبووە؟ ئافرەت لە هی پیاو یان پیاو لە هی ئافرەت؟ خودا ئافرەتە یان پیاو؟ چ تیۆرییەک دەتوانێت ڕاتیسۆنالیستانە وەڵامێکمان بداتەوە کە بەرهەمی عەقڵ‌و لۆگیک بێت؟ مرۆڤ چلۆن بتوانێت لە ئازادیدا ئەم ڕاستییانە بسەلمێنێت؟ مرۆڤ تەنیا لە ڕوویەکی دەروونییەوە باوەڕ بە چیرۆکێکی وەها دەکات، چیرۆکێک کە بەشێکی هەرە گەورەی بیرکردنەوەکانی گەردوونی داگیرکردووە، لێ وێڕای ئەم داگیرکردنەش، هێشتا واتای وانییە کە مرۆڤ بتوانێت چیرۆکێکی ئاوها بە «ڕاست» بناسێنێت.

نکۆڵیم نییە لە بوونی ئەم جیهانە، چونکە ئەو درەوشانەوەیەکە کە خۆی تێدا دەبینمەوە، نکۆڵیم نییە لە چاوەکانم لە ڕووبەری دەمووچاومدا وەک خۆم لەم جیهانەدا چەقیون. هەستەکانی ئەم چاوانەم لەوەدانین، بەڵکو لە دەرەوەی ئەودان، هەروەکو چلۆن هەستەکانی من وەک مرۆڤ لە خۆمدا نین، بەڵکو لە دەرەوەی ئەودان کە جیهانە. ژیان جیهانەو ویستەکانی منیش وەک مرۆڤ لە ڕێگەی جیهانەوە خۆیان دەبەنە پێشەوە، ئەگەر ویستەکانم باش یان خراپ بن کە هەموو باشەو خراپەکان بە هەستی جیهانەوە بەشێوەیەک بەستراونەتەوە، من توانای ئەوەم نییە کە ڕەوش‌و ویستی جیهان لە خۆمدا پێچپێبکەمەوە، بەڵکو من بێدەسەڵاتترین بوونیەتی بەردەم ئەم ڕەوش‌و ویستەم. بۆ ئەوەی پابەندی ئەم جیهانەش نەبم هیچ بەربەرەکانێیەکی ناکەم، ئا بەمشێوەیە من سەربەخۆیی خۆم ڕادەگەیەنم. پەیڤی ڕەوشتی میدیا بە ناو ئازادەکانی ئێمە دیلی ڕەوشت‌و ئێتیکە، لەکاتێکدا دەبووایە ئەم پەیڤە کاری تەنیا قسەکردن‌و شیکردنەوە بووایە لەسەر ئەم ڕەهەندانە. وشەی ئێتیک کە لە ڕستە ڕەوشتدارو ئێتیکدارەکانی ئێمەدا بەکاردەهێنرێت دەبێتە ڕستەیەکی گشتگیر کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ دەبێت پەیڕەوی بکەن. لێ کێ بیر لەوە دەکاتەوە کە بەگشتیی لە جیهانداو لەناو کۆمەڵگەی ئێمەشدا خەڵکانێک هەن خاوەنی ژیان‌و باوەڕێکی ئیندیڤیدووالن، ئەمەش وەها دەکات کە ئەم نۆرمە ئێتیکیانە تەنیا لەناو کلتووریک‌و کۆمەڵگەیەکدا پڕاکتیزەبکرێت، لێ وێڕای ئەمەش لەناو خودی ئەم کلتوورو کۆمەڵگەیانەدا خەڵکانێک هەن، یان لانیکەم «تاکە کەسێک» هەیە، کە ئاگایانە خاوەنی بوونیەتێکی ئیندیڤیدو والی خۆیەتی کە خۆی بڕیاری لەسەر شتێک بۆ خودی خۆیداوە، ئەویش ئەوەیە کە خودی خۆی بێت. ئەم مرۆڤە هەمیشە دەتوانێت بڵێت: نەخێر، ئەو خۆی وەک «لە خۆیدا» دەردەخات، لێ لە ڕاستییدا ئەمجۆرە مرۆڤانە «بۆ خۆیان»ن‌و خاوەنی نەخێرن بۆ هەموو جۆرە بەها ڕەوشتدارو ئێتیکییەکان.

بنچینەکانی ئازادیی کۆمەڵ لەسەر بناغەی پاراستنی ئازادیی تاک ڕادەوەستێت، بەرگرییکرد لە ئازادیی تاک بەرگرییکرنە لە ئازادیی کۆمەڵ‌و کۆمەڵیش لە هی تاک. ئازادیی بە کۆ دەتوانرێت هەبێت یان توانای هەبوونی هەبێت، لە کوێ ئازادی کۆ بوونی نەبوو، ئازادیی تاکیش بوونی نییە، لە کوێ ئازادیی تاک بوونی هەبوو، ئازادیی کۆش بوونی هەیە. کەواتە ئێمە پێکەوە دەست پێدەکەین «تاک، کۆ»، پێکەوە دەچینە کلتوورێکی سیاسییەوە، دەبینە ناوەخنی کۆمەڵ، دەبینە ناوەڕۆکی کۆمەڵ. بەمشێوەیە دەتوانین ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتیی چێبکەین.

سەرچاوەکان:
1. Philosophie des Pragmatismus. Ausgewählte Texte von W. James
2. Geschichte der Philosophie in Text und Darstellung. Antike
3. Aristoteles. Thomas Buchheim
4. Wahrheit und Existenz. Jean-Paul Sartre

# نامەیەکی سەرئاوەڵا بۆ بەڕێوەبەرانی لیستی گۆڕان

**عەلی مەولود**

یـەک مانگی رابـــردوو هەرێمی کوردستان توندترین نارەزایەتیو گەرمترین ململانێی سیاسیو کۆمەڵایەتی بەخۆوەبینی، ئاسمانو زەمین، لادێو شار، گەورەو بچووک، عەشایەرو مەدەنی، دیندارو بێدین، خوێنەوارو نەخوێنەوار، سیاسیو ناسیاسی هەموو بەیەکەوە داگیرسانو لە شەقامو کۆڵانەکان، لەناو ماڵو سەربانەکان، لەسەر رووپـەری رۆژنامەو گۆڤارەکانو لە دەنگی بیستراوی رادیۆکانو لە شاشەی کەناڵی (knn)و لەناو کۆڕو کۆبوونەوەی خەڵکو لەسەر سفرەی زۆربەی ماڵانو لە ئاژانسەکانی جیهان بوون بە مۆمی گـۆڕان، بۆ دڕدان بە تاریکی ناعەدالەتیو ئومێد بە داهاتوویەکی باشترو نەفرین لە بارودۆخی ئێستاو رابردوو، لە هەموو لایەک دەبینراو دەبیسترا.

ئەم رەوەندە هەر تەنیا بۆ کۆکردنەوەی دەنگ نەبوو، رابەرانیشی تەنیا لە گردەکە نین، بەڵکو بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان بوو بە دژی ستەمو چەوسانەوەو بێ مافی هەژدەساڵی رابردوو، خرۆشانێکی جەماوەری عەدالەتخوازبوو بۆ گۆڕانی ریشەیی کە لە هەموو کوردستاندا خاوەنانی سەریان بەرزکردەوە، ئەم بزووتنەوەیە لە راپەڕینی (٩١)ەوە درێژەی هەیەو لە ماوەی ئەم (١٨) ساڵەدا بەشێوەی جۆراوجۆر خۆی نمایشکردووەو چەندان هەستانو کەوتنی بەخۆوە دیوە، نەبوونی رابەرایەتیەکی جێکەوتووی خاوەن ئیمکانات وایکردووە ئەم بزووتنەوە ریفۆرمیستیە رادیکاڵەی ناو کۆمەڵگە، بەتایبەت لەم سەروبەندی هەڵبژاردنەدا کە بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵک نەیتوانی ببێتە خاوەنی لیستی سەربەخۆ، لەگەڵ باڵی ریفۆرمیستی ناو یەکێتی پێویستییان بەیەکتربێت، هەردووکیشیان کاریگەریی ئیجابیان لەسەر یەکتردانـاوە.

ئەگەرچی وەکچۆن لە سەرەتای دروستبوونی یەکێتی نیشتمانیدا بۆ ئەوەی کۆمەڵەی مارکسی لینینی نەبێتە واجیهەی شۆڕشی نـوێ (بە وتەی خۆیان) تاڵەبانی نامەی بۆ کۆنە جەلالیە راستڕەوەکان دەنارد بچنەوە شاخ، ئێستاش چ لەناو کۆمپانیای وشەو چ لەناو پارتیو یەکێتیو نەیارانی بەرەی خەڵکدا هەوڵێکی وا لەئارادایە تاکو رابەرانی دڵشکاوی ناو یەکێتی ببنە واجیهەی رەوتی گۆڕانو مەودای بزووتنەوەی گۆڕان لە دیوارە رێکخراوەییەکانی یەکێتیدا بەرتەسکبێتەوە کە ئەمە ئەگەر سەربگرێت گورزێکی کوشندە لەم بزووتنەوەیە دەدات، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە زۆر لەوە فراوانترەو بەتایبەتی بەشی خوارەوەی زیاتر لە بزووتنەوەیەکی چینایەتی نزیکدەبێتەوە کە ئامانجی گۆڕانە (نە تەنیا لە دەموچاوەکاندا)، بەڵکو لە هەموو رووەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتووریو یاسایی، بۆ لە کارخستنی دەزگای دەسەڵاتی خۆپەرستو خەڵک نەویستی پارتیو یەکێتیو لە کارخستنی ئەو دێوەزمەی زیاتر لە (٦٠) ساڵە بەناوی چارەسەری مەسەلەی کـوردەوە هەر قۆناغەی بەشێوازێک کێشەی کوردو خەباتو فیداکاریو دڵسۆزی میللەت دەکاتە بارمتەی بەرژەوەندییە شەخسیو حیزبیو بنەماڵەییەکان کە لەم (١٨) ساڵەدا گەیشتە لوتکەو بوو بە نموونەی رەنجبەخەساربوونی میللەتێک کە دوای زیاتر لە (٧٠) ساڵ خەباتو قوربانیدانو لە سەردەمی جیهانگیریو کاڵبوونەوەی گرنگی سنووری نێوان نەتەوەکانو وڵاتان، تازەدەبێت شەڕ لەگەڵ میرنشینەکانی بارزانو تاڵەبان بکەین، ئەو مافە سەرەتاییانەی لەزۆر شوێنی جیهان بە ئاسانی چنگ دەکەون، وەک بوونی کارەباو ئاوی خواردنەوە، مافی کارکردنو ژیـانو شوێنی حەوانەوە، سەفەرکردن، هاوبەشی لە بەرهەمی کۆمەڵایەتیو بەهرەمەندبوون لە سەروەتو سامانی گشتیی، گوزارشتکردن لە بیروباوەڕی خۆو بەرگری لە بۆچوونی خۆ، مافی ئەوەی ئازادبی «چیو کێ» بەڕاست بزانێت، هێشتا لێرە بۆ دەستخستنیان دەبێت خۆت بۆ شەڕی سەرو ماڵو زیندانو نانبڕین ئامادەبکەیت، چونکە قەدەرو چارەنووسی ئەم میللەتەو بەرهەمی رەنجی دەیان ساڵەمان هێشتا لەدەست کەسانێکدایە کە لەڕووی ئابووریو سیاسییەوە خۆیان بە خاوەنی هەموو شتێکو خەڵک بە خاوەنی هیچ دەزانن، لەڕووی فەرهەنگیشەوە هێشتا لە کلتوورو تێفکرینو بیرکردنەوەی میرنشینەکانی سـەدەی (١٩) جیانەبوونەتەوەو بۆ پاراستنی خۆیانو سەروەتی بەئیف کەڵەکەبوویان سەدان هەزار چەکدارو جاسووسو راپۆرتنووسو سەدان ئۆردوگای سەربازیو سیخوڕیو زیندان بە تەجهیزاتی مۆدێرنەوە رادەگرنو سەدان ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخاندەکەن، ئامادەن گازو نەوتی ئەم وڵاتە تا دەیان ساڵی دیکەش بکەنە گەرووی کۆمپانیا عیملاقەکانی جیهانەوە لە بەرامبەر بەخشیشێکو پشکێکی کەمدا بۆ خۆیان، ئامادەن بۆ مانەوەی خۆیان خەڵکی کوردستان بە دەستوپێ بەستراوی رادەستی هەر دوژمنێک بکەن کە داوایان لێبکات، ئامادەن لەپێناوی سەروەتو سامانو پلەو پایەی خۆیانو بنەماڵەکانیاندا، هەموو شتێکی کوردستان بە نرخێکی رەمزی بخەنە مەزادەوە.

لە بارودۆخێکی واداو لەکاتێکدا زۆربـەی کادیرو ئەندامی حیزبەکان فێری مفتەخۆری کراون، دەستهەڵگرتن لە مووچەو ئیمتیازاتو خۆڕاگرییو جەسارەت لە بەرامبەر هەڕەشەو چاو سوورکردنەوەی دەسەڵاتو حەماسەتو دڵگەرمیو هاواری بە کۆمەڵی خەڵک بۆ گۆڕان، بارودۆخێکی نوێی هێنایەئاراوە کە بەبێ مەرجو بەخۆڕایی بەم هەوڵی گۆڕانە کراونو لەپێناوی گۆڕاندا چاوپۆشی لەزۆر هەڵوێستوکەموکوڕیی پێشووی ئێوە رابەرانی لیستی گۆڕانیش کراوە، لەکاتێکدا لای زۆرکەس ئەگەری ئەوەش هەیە ئەو هەموو ئومێدە بەهۆی جدیی نەبوونو راستگۆنەبوونەوە دوای چەند مانگی دیکە ببێت بە نائومێدی، هەروەک چۆن ئەو هەموو شادیو هیواو ئومێدەی ساڵی (٩٢) بەخۆڕایی پێشکەش بە پارتیو یەکێتی کرا ئێستا نەفرەتی لێدەکرێت، هیوادارم ئەو پەشیمانییە روونـەداتو لیستی گۆڕان بە کـردەوە سەوداسەری گۆڕان بێت، وەک پارتیو یەکێتی نمەک بەحەرامی سفرەدڕو بێ وەفاو قەرزکوێر نەبێتو قەرزی ئەم هەموو دڵسۆزیو خۆنەویستیو دڵگەرمییەی خەڵک بداتەوە، کە لە ئاستێکی بەرزدا پێشکەشکراوە.

ئێوە رابەرانی ئێستای لیستی گۆڕانو لەسەرو هەمووانەوە نەوشیروان مستەفا، قەرزاربارى ئـەو هەموو خۆنواندنو متمانەبەخشینەی خەڵکنو دەبێت ئەوە بەهەند وەربگرن کە ئەوە بۆ هیچکەس نەکراوە لە کوردستان، لەکاتێکدا خەڵکی زۆر هەیە دڵسۆزترو ماندووتر کە ماندوونەناسانە بۆ گۆڕینی ژیانی خەڵکو گۆڕینی دەسەڵات تێکۆشاون بەتایبەتی لەم (١٩) ساڵەدا کە بەشێک لەرابەرانی ئێستای لیستی گۆڕان بەشێکبوون لە دەسەڵاتو بەو هۆیەوە رەنگە بەشێک لە رێگریەکانی بەردەم گۆڕانیش بووبن، بۆیە ئەم پشتیوانیو ئامادەیی نیشاندانە ناکرێت کایەی پێبکرێتو بۆ چارەنووسی خۆشتانو خەڵکیش زۆر مەترسیدارە وەفادار نەمێننەوە پێی، یاخود لە چوارچێوەی رێکخستنەوەی یەکێتیدا لە قاڵبی بدەن. ئێوە تەنانەت لە بارودۆخێکی وەک پارتیو یەکێتیش بەهرەمەندنین کە بە زۆری پارەو چەک بەرگری لە بێ وەفایی خۆتان بکەن، نەخەڵک، نەویژدان، نەمێژوو لەراستگۆنەبوونو بێ وەفاییتان نابووریو ئەگەر بیرتان بەلای وەها حاڵەتێکداچوو بەرلەوەی بڕیاری لەسەر بدەن گۆڕێک بۆ خۆتان هەڵکەنن لەوجێیەی مێژوو بۆ نەفرەتلێکراوانی دیاریکردووە.

هیوادارم نەئێوەو نەخەڵکو نەمێژوو بەو ئەنجامە نەگەنو هەڵسوڕانی داهاتوو درێژکراوەی ئەم نەیاریزمەی دەسەڵاتو ئەم پشتبەستنە بەهێزی خەڵکو لایەنگری مافو خواستەکانیان بێت.

---

جمهورية العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان
هيئة انتخابات اقليم كوردستان

(( راگەیاندن ))

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بە بڕیاری ژمارە (٢)و بە بڕیاری کۆنوسی ئاسایی ژمارە(٥٥)لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/٨دا، ئەم بڕیارەیدا:

١- غەرامەکردنی قـەوارەی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی بە بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار، ئەمەش بە پێی بڕگەی دووەم لە ماددەی (٤)لە قانونی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو. ئەم بڕیارە شیاوی تێهەڵچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان.

٢- داواکـردن لە قـەوارەی خزمەتگوزاری و چاکسازی کە نـاوی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ناو ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن و بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان و پۆستەرەکانی سەر دیوار و یان هەر بانگەشەیەکی هەڵبژاردن رابگرێت.

**ئەنجومەنی کۆمیسیاران**

---

جمهورية العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان
هيئة انتخابات اقليم كوردستان

(( راگەیاندن ))

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بە بڕیاری ژمارە (٢٩) لە کۆنوسی نا ئاسایی ژمارە(٥٠)لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٨دا، ئەم بڕیارەیدا:

١- ئەنجومەن ڕەزامەندی دا لە سەر پابەند بوونی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی کە لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا ڕابگەیەنێ کە ئەو لیستە پەیوەندی بەو دەربرینانەوە نییە کە تیایدا ناوی قەوارەی ( حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ) یان لە ناو بانگێستەکاندا بەکارهیناوە کوچی ئەو قەوارە سیاسیە لە ناو هاوپەیمانیدا نییە و دەبێ بۆ کۆمسیۆنی بسەلمێنێ کەوای نەکردووە , بە پێچەوانەی ئەوەوە کۆمسیۆن ئامادەیە کە باوەر دانەکەی بە هاوپەیمانی هەڵبوەشێتەوە .

ئەو بڕیارە قابیلی تیاهەڵچوونەوەیە لەبەر دەستەی دادوەریدا بۆ هەڵبژاردەکان ,ئەوەش لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە دوای بلاوبوونەوەی ئەو بڕیارە.

**ئەنجومەنی کۆمیسیاران**

---

سند تنازل عن (فرن صمون ميران) في (السليمانية) الواقعة في (گەڕەکی سەروەری)
المسجل مكاننا لدى كاتب عدل السليمانية تحت عدد ١٨/مكانن/٢٠٠٩ في ٢٠٠٩/٤/٨
الطرف الاول: المتنازل / نوزاد احمد كريم
الطرف الثاني: المتنازل له/ ئاسو حسن بكر
اتفق الطرفان على مايلي: ـ
١. لقد تنازل الطرف الاول عن (كامل الفرن/ ١٠٠٪) اعلاه الى الطرف الثاني ويشمل هذا التنازل المكانن و الموجودات و كل ما له علاقة بالشركة اعلاه من الاول فصاعدا و مستقبلا. ويتعهد بتسجيل المكانن الفرن الشركة باسم الطرف الثاني لذي الجهات المختصة دون ان يكون له حق المظالبة باية شي. عن الفرن شركة اعلاه بعد تصديق هذا السند ولاجله وقع الطرف الاول.
١. الي الطرف التاني لقد قبلت اقرار الصرف. الاول و تنازله في من (١٠٠٪ من الفرن) اعلاه ويشمل هذا التنازل كافة المكانن والموجودات و المواد الاولية والاحتياطية و المنشأت و البناء والمواد المستوردة للعمل و كل ما له علاقة بالشركة اعلاه شرطة ان يسجله باسمي في الجهات المعينة ولاجله وقعت هذا التنازل.
الطرف الثاني (المتنازل له)
الطرف الاول (المتنازل)
ئاسو حسن بكر — نەوزاد احمد كريم
احوال السليمانية — احوال سيويل
كاتب عدل السليمانية

---

دادگای کەتن لە خانەقین
ژمارە: ٩٦/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٧/٢١
**ب/ جاردان**
بۆ/ تۆمەتبار (عقیل اسماعیل ابراهیم)
جێ نیشتەجێ بوونی نادیار
تۆ تۆمەتباری لە کێشەی ژمـارە (٩٦/ج/٢٠٠٩) بەبی بەندی ١/٢١ لـە ی. هـاتـووچـۆ لـەبـەر ئـەوەی شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە بەبی روونکردنەوەی پێراگە یەنەر بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە ئاگادارکردنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامە ناوخۆییەوە بۆ ئامادەبوونت لە بییشی ئەم دادگای لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٢٠ و بە پێچەوانەوە بە پاشملە دادگای دەکرێت بەپێی یاسا.
**دادوەر/ حسن احمد عباس**

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری ژمارە/٢١٠/ج/٢٠٠٩
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
بەروار/ ٢٠٠٩/٧/١٢
**«ئاگاداری»**
بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو مؤید اكبر محمد لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٣) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (تەکیە) لەبەر ئەوەی جێگای دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆیەکاندا ئاگادارت بکەینەوە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٩/٢) لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بکەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەم ڕۆژ دا بە پێچەوانەوە دادگای دەکرێت بەبێ ئامادە بوونت بەپێی یاسا. لەگەڵ ڕێزدا
**الحاكم/ عزالدين رحمان سليمان**

---

دادگای باری کەسێتی دەربەندیخان
ژمارە:٧٤/ش/٢٠٠٩ بەروار: ٢٠٠٩/٧/١٩
بۆ داوا لەسەرکراو عثمان محمد صالح محمود ـ دانیشتووی شاری کەلار گەڕەکی شۆڕش پێشتر وە ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە. داواکار بەناوی (سیڤان جلیل محمود) داوایەکی بە ژمارە ٧٤/ش/٢٠٠٩ تۆمارکردووە لە سەرت لەم دادگایە کە داوا دەکات بە جیابوونەوەی پێش گواستنەوە لە نێوانتان لەبەر ئەوەی کە ئـارەزووی هاوسەرگیری ناکات لەگەڵت وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە وە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش بڕیاردرا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانـەی ناوخۆییەوە بۆ ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەرواری ٢٠٠٩/٨/٢٣ کە خۆت یان بریکارێکی یاسایت ئامادە بێت بە پیچچەوانەوە داواکە دەبینرێت بە نائامادەیی و ئاشکرا بەپێی یاسا.
**دادوەر/ اكرم عباس حمه**

---

هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری
دادگای باری کەسیەتی/ ٣
ژمارە: ٤٦١/ش/٢٠٠٩ بەروار: ٢٠٠٩/٧/٢٧
**ئاگانامە**
داواکار/ لانە محمد صابر
بۆ داوالێکراو/ سامی احمد فرج
ئاگادارت ئەکەینەوە داواکار (لانە محمد صابر) داوایەکی بە ژمارە (٤٦١/ش/٢٠٠٩) لەم دادگایە تۆمار کردووە لە سەرت وە ئەم دادگایە بڕیاری خۆی دەرکرد لە بەرواری (٢٠٠٩/٧/٢٢) بە جیابوونەوە بەهۆی جێهێشتنت زیاتر لە دوو ساڵ و ئامادە نیت بۆ گواستنەوەی وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت دادگا بڕیاری دا ئاگادارت بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە. وە ئەگەر لە ماوەی یاساییدا هەڵنەستیت بە تانە لێدانی یان پیاچوونەوە (تمیز)یی بڕیارەکە ئەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بە حەقت بەپێی یاسا.
**دادوەر/ جاسم جزا جافر**

خاوەنی ئیمتیاز:
**کۆمپانیای وشە**

سەرنووسەر:
**عەدنان عوسمان**
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
**سیروان ڕەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەماڵ** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدوڵڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٢٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی** ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ - ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# کەرنەڤاڵی ئیرادەی خەڵکو قۆناغێکی نوێ لەسیاسەت

**فەرەیدون حەمەڕەشید**



دەکرێت لەدیرۆکی مێژووی کورددا ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٥) بەڕۆژی نزیککەوتنەوە لەڕێگاکانی دیموکراسی بەئەژماربێنین، دەکرێت هەموولا ئەوە ببینین کە ئەم ڕۆژە بکرێتە جارێکی دیکەی زیندووبوونەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ بەشداریکردنیان لەنەخشەی سیاسیی کوردستان کە ساڵانێکی زۆرە بەهۆکارەکانی قۆرغکردنو ناشیرینکردنی دەسەڵات، مەیلو ئیرادەنوێنی خەڵکی کوردستان بۆ پیاوانی دەسەڵاتو خودی دەسەڵات لەدەستدراوەو خواستو ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکیش بۆ هێنانی ئاڵوگۆڕی سیاسی لەخنکانو مردن نزیک بووبووەوە.

بەڵام هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەمووزو بەشداریکردنی هەرەزۆری خەڵک بەنەخۆشو زیندانیو بەساڵاچوانەوە، ئەو فۆتۆو سیگناڵانەی بۆ دەسەڵاتی ناوخۆو جیهانی دەرەوە گواستەوە کە حەزی خەڵکو بەشدارپێکردنی خەڵک لەناو کایەی دەسەڵاتدا لەڕێگەی سندوقەکانی هەڵبژاردنەوە بۆ بەشداربوونیان لە دەسەڵات، لای جەماوەری خەڵک نەخنکێنراوەو تا ئەمڕۆ ئەکتیڤبوونی گیانی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتو ئاڵوگۆڕی سیاسی لای کۆمەڵانی خەڵک حەزو ئومێدێکی گەورەیە، بەڵام ئەوە دەسەڵات بووە ماوەی هەژدەساڵ بە فاکتەرە جۆراوجۆرەکانی (مەترسی دەرەکی، ڕێککەوتننامەی ستراتیژی)، بەری ئەم ئاڵوگۆڕە سیاسییەی نەزۆکو بەرتەسککردووەتەوە بۆ لە مەنگەنەدانی مۆنۆپۆلی دەسەڵات لای دووهێزی ڕکابەری دوێنێی شەڕو ئەمڕۆی خاوەن ڕێککەوتنی ستراتیژی هاوبەش.

لەم مەیدانەدا بۆ بە ئاگاهێنانەوەی تاکی کوردو بزووتنەوەی جەماوەریو کۆبوونەوەیان لەناو بلۆکێکی سیاسیو جەماوەریدا، بزووتنەوەی گۆڕان داینەمۆو کۆکەرەوەی ئەم بزووتنەوە نارەزایەتییە بەرفراوانەی خەڵک بوو کە دەکرێت ئەم بزووتنەوە زیندووە بکەینە دەستمایەو شۆڕشێکی مەعنەوی، بۆئەوەی لەئەمڕۆ بەدواوە کۆمەڵانی خەڵک هۆشیارانەو جەسوورانە شەڕی دیموکراتیکی خۆیان بۆمافەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتەکانی ئایندەدا لەهەرێمی کوردستان بەردەوامو درێژە پێبدەن.

لەم نێوەدا دەکرێت جارێکی دیکە ڕۆحکردنەوە بەبەر ئیرادەی جەماوەر بۆ ناو هۆڵەکانی هەڵبژاردنو بەردەم سدوقەکانی هەڵبژاردن بە کەرناڤالی ئیرادەی گۆڕین ناو لێبنێین، کە مۆمی گۆڕانو بزووتنەوەی گۆڕان ڕابەرایەتی ئەو بزووتنەوە بەرفراوانەی لەئەستۆ بوو.

لیستی گۆڕان توانی لەدەرگای قوفلکراوی دەسەڵات بداتو خەڵکی کوردستان بگەیەنێتە ئەو قۆناغەی کە چیتر بەدیار وتاری دیماگۆگیانەی حیزبو سەرکردەکانەوە درێژە بە واقیعی هەژدەساڵە نەدەنو بەشداریی ڕاستەوخۆیان بوێت لەناو ژیانی سیاسیدا.

هەروەها لە ئەرزی واقیعدا بەچاوی خۆمان دیتمان کە ئەم بزووتنەوەیە توانی دەلاقەیەکی گەورە بکاتەوە بەسەر فەزای سیاسیی کوردستاندا، بۆئەوەی چیتر دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی بۆ حیزبو کەسایەتییەکان تاپۆکراو نەبن. لە ئەمڕۆی دەرکەوتەی سەنگو بەهای مەعنەویی لیستی گۆڕانەوە دەکرێت خەڵکی کوردستان بەئومێدو ئیرادەوە خۆی ئامادەو تەیار بکات بۆ ژیانێکی نوێی سیاسیو سیاسەتکردنو پێچانەوەو دەربازبوونی خەڵکی کوردستان بێت لە بەمیراتگیری حیزبو دەسەڵات.

کەواتە هەموو ئەوانەی گوزارشتی دیموکراتیبوونو خەباتی جەماوەریبوون دەکەن، دەکرێت لەم قۆناغو ڕۆژە نوێیەدا لەدەوری مۆمی گۆڕان کۆببنەوەو خەباتی سیاسیو دیموکراتیانەی خۆیان درێژە پێبدەن بۆ گەڕانەوەی متمانە بۆ مەفهومی سیاسەتکردن لای خەڵکی کوردستان، چیتر خەڵک وا بۆ کایەکانی سیاسەت بنوارن کە نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان لەمەیدانەکەدا بەرگریکەری داخوازیو مافەکانیانە، لەم دنیابینییەوە دوای هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٩/٧/٢٥) هاتنەئارای قۆناغێکی نوێیە بۆگۆڕانی نەخشەی سیاسی لە کوردستان، هەر لەم زیندووبوونەوەی ئیرادەی جەماوەرەوەیە کە ڕۆژی هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەمموز ناوبنێین کەرنەڤالی ئیرادەو مۆم بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەتاریکەکانی سیاسەت بەئیرادەی خەڵک.

faraidun_73@hotmail.com

# دنیایەکی گۆڕاوو عەقڵێکی نەگۆڕ...



**کەمال هەورامی**

(١)

ڕەنگە لە ئێستادا قسەکردن لەسەر چۆنێتیی گۆڕینی دنیاو کاریگەریی لەسەر کۆمەڵی کوردەواریی، نە پێویست بە شیکاری بکاتو نە لە جوگرافیای ئەم نووسینەشدا جێگای بێتەوە، ئەوەندەی مەبەست لە ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەرە بۆ میتۆدی ئەو بانگەشە هەڵەیەی وەک لە سەرەتاکانیدا دەرکەوتوون، کە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی کوردستان بەڕێوەدەچوو.

هەڵبەت لای هەمووان ئاشکرایە ڕەوشی ناوچەکە لە هاوکێشەی سیاسیی دنیادا بۆ ئێستا هێند هەستیارە، کە چاوی میدیاکانی ناوچەکەو هەموو جیهانی لەسەر چڕکراوەتەوە، بەجۆرێک کە هەرچەندە دوژمنان وەک خۆیان مەیلو ئارەزووی داگیرکارییو کوشتوبڕی دەکەن، بەڵام ناکرێت لەو باوەڕەدابین کە بەئاسانی هاوشێوەی ئەوەی لە مێژوودا ئەنجامیانداوە، خوێنی کورد بڕێژنو کوشتوبڕی بەکۆمەڵی بکەن، ئەمە لەکاتێکدا گرێنتی ئەم هەلومەرجەی لە ناوچەکەدا گوزەردەکات، بەشی پێویستیی سەرمەدی ناکات. دروستە ئەو هاوکێشە سیاسییەی ئێستای ناوچەکە، ڕۆحی سەردەم کە بەرمەبنای (پرەنسیپە دیموکراتییەکانو مافی مرۆڤ)ەوە بونیادنراوە، پشتگیریی دەکرێن، پێویستە ئەو ڕاستییەش لەبەرچاوبگرین کە ڕۆحی خودی هاوکێشەکە، پێکهاتەیەکە لە پاراستنی بەرژەوەندیی زلهێزەکانی دنیا ،کە هێزەکانی ناوچەکە هەریەکەیان پێناسەی ژمارەیەکی تێدا وەرگرتووە، لەبارێکی وەهاشدا لەگەڵ گۆڕینو جێگۆڕکێی هەرکام لە ژمارە گەورەکان، ئەگەری ئەوە هەیە هاوکێشەی سیاسیی لە ناوچەکەدا بەجۆرێک ڕێکخرێتەوە کە دەستی دوژمنان لە بەرامبەر کورددا بکاتەوەو ئەوەی سەبارەت بە کورد بیری لێدەکەنەوە، بتوانن بیکەنە واقیع.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەرێکی زۆر لاوازو لەرزۆک هەیە کە لە دەرئەنجامی هۆشیاریو پراکتیزەکردنەوەی کۆمەڵێکی مەدەنی لەلایەن کۆمەڵگە سەردەستەکانی کوردەوە، بەجۆرێک عەقڵی گشتی ئەو کۆمەڵگەیانە ڕێگا لە پێشێلکردنی مافی ئەوانی دیکە بگرێت ئەگەر لاوازیش بن، لێرەوە ڕێگا لە کوشتوبڕی کورد بگرن، ئەمەش بە هەموو پێوەرە عەقڵانییەکان هێند دوورە، دەکرێت پێش ئەوەی بگەیتە لای، پێچەوانەکەی ڕوویدات. لەسەرێکی دیکەشەوە ناکرێتو کردەیەکی زۆر ئاوەز نەپێکە گەلێک کاری بێتە نزاو پاڕانەوە، تا عەقڵی بەرامبەر بگۆڕدرێت بێئەوەی کاری جدیی لەسەر گۆڕانی عەقڵی خۆی بکات. تێڕوانینێکی لەمجۆرە زیاتر لەوەدەچێت کە لە بنەڕەتدا عەقڵی خۆی تا ئەوپەڕی لەیادچوونەوە لەیادکردبێت، واتە لەکردەیەکی لەمجۆرەشدا کە زیاتر لەکردەیەکی شێتانە دەچێت، گرێنتی پاراستنی کورد ناکرێتو بەشی ئەوە ناکات کورد لەسەر خەیاڵێکی لەوجۆرە تەنانەت خۆشی سەرمەست بکات..

بۆیە تەنیا کۆسپێکی سەختو بەهێز لەبەردەم کوشتوبڕی کورددا گەیشتنی بە مافە ڕەواکانی، ڕێکخستنو فۆرمەلەکردنی ئیرادەی کوردیو بەگەڕخستنیەتی، کە (بوونی) ڕاستەقینەی خۆی وێنابکاتەوە..

جێگای سەرنجە هەلومەرجە نێودەوڵەتییەکان لانیکەم لە چەند ساڵی ڕابردوودا یەکێک لە ژمارە گەورەکانی هاوکێشەی سیاسیی لە ناوچەکەدا کورد بوو، بەجۆرێک بەدرێژایی مێژوو لە هیچ سەردەمێکدا هێندە کەشی نێودەوڵەتیی لە بەرژەوەندیدا نەبووە تا (بوونی) خۆی لە ناوچەکەدا بسەلمێنێت، لەکاتێکدا هیچ پاساوێکی عەقڵانی پاکانە بۆ نەخشەدارێژەرانی سیاسی لەو سەردەمەدا بۆ دەسەڵاتی کوردی کە ئەو هەلە مێژووییەیان لەباربرد، ناکات، بەتایبەت لەوساتەشدا کە ئیرادەی کوردیان لە شەڕێکی مالوێرانکەری بێ ئاکامدا هێندەی دیکە گرفتارکرد، ئیتر شیاوی بەئاسان تێپەڕین نییەو پێویستە لە هەڵوێستێکی بەکۆمەڵدا گەلی کورد هەڵوێستیان لە بەرامبەردا وەرگرێت. هاوکات تا ئەو شوێنەی هاوکێشە سیاسییەکان ڕژانی خوێنی کوردیان بەجۆرێک لەجۆرەکان لەلایەن دوژمنە دەرەکییەکانیانەوە حەرامکردووە، پێویستە هەرچی زووترە لەسەر ئاستی ناوخۆ بکەوێتە خۆیو ئەوەی لەسەر دەستی دەسەڵاتی کوردی لەدەستی چووە بەدەستی بهێنێتەوەو کەسایەتیی تێکشکاوی لە چوارچێوەی گوتارێکی سیاسیی پەسەندا کە لە توانایدا هەبێت پێ بەپێ لەگەڵ سەردەمدا ڕێبکات، ڕێکبخاتەوە..

> **لە ڕۆژانی ڕابردوودا دەرکەوت، ئەو سیاسەتمەدارانەی کورد لەسەرێکەوە هێشتا عەقڵیەتی شەڕی ناوخۆیان تێنەپەڕاندووە، لەسەرێکی دیکەشەوە لە مێژووی نزیکیشدا ئەوە ساغبووەتەوە کە ئەوان لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتیاندا، ئامادەن دەست بۆ حەرامکراوە نیشتمانیو نەتەوەییەکانیش بەرن**

(٢)

هەروەک چۆن هەموو ئەو کەسانەش بەهەڵەدا دەچن کە بەمەبەستی پارێزگاریی لە بەرژەوەندیی تایبەتو دەمارگرژیی حیزبایەتیو گیانی تەسکی ناوچەگەرێتی، کار بۆ زەمینەسازیی توندوتیژیی بکەن، بەجۆرێک کە لەدواجاردا جاری شەڕی ناوخۆیی تێدا بدرێت، گوایە بەئاسانی پێیاندەکرێت لەسەر دەستی بەشێکی کورد خوێنی بەشەکەی دیکەی حەڵاڵ بکەن.

بەداخەوە وەک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا دەرکەوت ئێستاشی لەسەربێت، ژمارەیەک بەرژەوەندپەرستی دەمارگرژیی حیزبی هەن بەهەمان ڕیتمی ڕۆژە ناهەموارەکانی کورد زمان لەدەمیاندا دەگێڕن، بەشێوەیەک دەیانبینی کە دەیان وێنەی ناشیرینی ئەو سەردەمە دەهێننەوە نێو زەینی مرۆڤی کورد، کە مرۆڤ شەرم دەکات بیانهێنێتە سەر زمانی نووسینو بەیانیان بکات، ئەمە لەکاتێکدا ئەوەی دەیڵێن پێیانوایە فەلسەفەی سیاسییەو لەدەمیان دەبارێت، تەنانەت بەرگەی پرسیارە زۆر سادەکانیش ناگرنو لە کەمترین تێڕاماندا بەئاراستەی خۆیان پێچەوانە دەبنەوە.

سەیر لەوەدایە ئەمجۆرە لە سیاسەتمەداران، هێندە درشت بیردەکەنەوە تەنانەت درکی ئەوە ناکەن کە ئەو ڕیتمە لە قسەکردنو ئاسەوارەکەی کە شەڕی خۆکوژیی کورد بوو، بەسەردەمێکدا تێپەڕی دەکرد کە هاوکێشەی سیاسی لە ناوچەکەدا لە بەرامبەر ڕژێمی هەڵوەشاوەی ئەوکاتەی عێراقدا بەجۆرێک ڕێکخرابوو، دەکرا شەڕی خۆکوژی کوردی بەسەردا تێپەڕبکات، وەک تێپەڕیکرد، بەڵام لە ئێستادا وەک ئاماژەی پێدرا گۆڕاوەو بەجۆرێکی دیکە ڕێکخراوەتەوە کە هەرگیز ئاسان بەسەریدا تێپەڕ ناکات، بەڵکو تەنیا ئەوە ئێوەن نەگۆڕاونو درکی پێناکەن.

پاشان تێدەگەم کە جەنابتان دەمێکە خەڵکی کوردستان بە ڕانەمەڕ دەزاننو بەسەگی دەچوێنن، ڕەخنەگرو ڕووناکبیرەکانیشی لە دیدگای ئێوەوە سەگێکن حەپە لە مانگەشەو دەکەن، خۆشتان لێبووەتە شوانی دەریاو مانگەشەو! لەو ڕوانگەیەشەوە پێتانوایە بەناردنی مەسجی شەڕی ناوخۆ ئیتر لەترساندا دەم دادەخاتو پێداگریی لە مافە ڕەواکانی خۆی ناکات! ڕەنگە هێشتا لەوباوەڕەشدابن بە هەمانشێوەی جاران وڵات جمەی دێت لە لاوی بێکارکراوو لەژێر چەندین ئابلوقەی ئابووریدا، بەمەبەستی پەیداکردنی پاروەنانێک جمە دەخەنە بەرەکانی شەڕو خۆکوژیی بەردەوام دەکەن!! بێئاگان لەوەی ئێستاش داخی ئەو شەڕە هەڵیاندەقرچێنێت، بۆیە چاکتروایە هەمووان مل بەو ڕاستییە بدەین کە هەرکەسو لایەنێک پێیوابێت لەو ڕێگایەوە دەتوانێت پارێزگاریی لە بەرژەوەندییە تایبەتە کەسیو حیزبییەکانی بکات، بەهەڵەدا چووەو کردەیەکی لەوجۆرە ڕێک لەو کردە خۆکوژییە دەچێت کە پێش هەموو کەسێک بکوژەکە خۆی دەکوژرێتو تیادەچێت، واتە لەئێستادا خەڵکی کوردستان زۆر گۆڕاونو لەوبارەیەوە زیاد لە پێویست هۆشیارن، بگرە ئەوە تەنیا ئێوەن نەگۆڕاونو درکی ئەو ڕاستیانە ناکەن.

لە دواجاردا وەک هۆشدارییەکی پێشوەخت بەپەسەندی دەزانم سەرنجی ئەو سیاسەتمەدارانە بۆ ئەوە ڕابکێشم کە تەنانەت لە ئێستادا شەقامی کوردی بەئاگایەو دەزانێت کێ هێزو جبەخانەی لەپشتەو کێش هاوڵاتیی مەدەنییە! حکومەت پێوەندکراوی کام لە پارتە سیاسییەکانە! بۆیە بۆ ڕوودانی هەر ئەگەرێکی لەوجۆرە، بڕیاری پێشوەختی خۆیان داوەو دەزانن کێ بەر پرسیارە!

(٣)

وەک ئاماژەی پێدرا سەرەڕای هەموو ئەو ئاماژە عەقڵانیانەی کە کۆسپ لەبەردەم دووبارەبوونەوەی شەڕی خۆکوژەی کورد دەگرن، کەچی لەو ڕوانگەیەوە وەک لە ڕۆژانی ڕابردوودا دەرکەوت، ئەو سیاسەتمەدارانەی کورد لەسەرێکەوە هێشتا عەقڵیەتی شەڕی ناوخۆیان تێنەپەڕاندووە، لەسەرێکی دیکەشەوە لە مێژووی نزیکیشدا ئەوە ساغبووەتەوە کە ئەوان لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتیاندا، ئامادەن دەست بۆ حەرامکراوە نیشتمانیو نەتەوەیەکانیش بەرن، لەبارێکی وەهاشدا ئیتر ناکرێت ئەگەری پەنابردنە بەر شێوەیەک لەشێوەکانی توندوتیژیی، بە ئەگەرێکی دوور بزانرێتو بەهەند وەرنەگیرێت، بۆیە زۆر گرنگو پێویستە ئەوانەی نوێنەرایەتیی شنەبای گۆڕان وەک خواستێکی میللی خەڵکی کوردستان دەکەن، بەپێی پلانو بەرنامەیەکی تۆکمە، کە دیراسەی هەموو ئەگەرەکانی لەخۆگرتبێت، بەرەو ئاراستەیەکی تەندروست ڕێنوێنی بکەن، بەجۆرێک ئیرادەی بەگەڕخراوی کورد بەشێوەیەکی سەردەمیانە لە توانایدا هەبێت هەموو ئەو زمانە گڕاویانە کۆنترۆڵ بکاتو بگەیەنرێتە لەنگەری ئارامیو ئەم ڕەوشەی چەند ڕۆژە بە ئارامی تێپەڕێنن.

> **زۆر گرنگو پێویستە ئەوانەی نوێنەرایەتیی شنەبای گۆڕان وەک خواستێکی میللی خەڵکی کوردستان دەکەن، بەپێی پلانو بەرنامەیەکی تۆکمە، کە دیراسەی هەموو ئەگەرەکانی لەخۆگرتبێت، بەرەو ئاراستەیەکی تەندروست ڕێنوێنی بکەن، بەجۆرێک ئیرادەی بەگەڕخراوی کورد بەشێوەیەکی سەردەمیانە لە توانایدا هەبێت هەموو ئەو زمانە گڕاویانە کۆنترۆڵ بکاتو بگەیەنرێتە لەنگەری ئارامیو ئەم ڕەوشەی چەند ڕۆژە بە ئارامی تێپەڕێنن**







# پرۆژەی دڵی شار

مژدە... مژدە

## کۆمپانیای بەڕێز بەهاوبەشی گروپی کۆمپانیاکانی نۆکان



کۆمپانیای بەڕێز لەنوێترین پرۆژەی نیشتەجێبون و بازرگانی دا، بۆ تەواوکردنی واتای پرۆژەکانی، پرۆژەی دڵی شار لەسەر شەقامی سالم و لەناو گەراجی مەسڵەحەی کۆن رادەگەیەنێ

پرۆژەی دڵی شار 350 یەکەی نیشتەجێبونەو بەشێوەی باڵەخانە بەنوێترین سیستەمی جیهانی و بەنرخی گونجاو وەک دیاری گروپی کۆمپانیاکانی بەڕێز پێشکەشی دانیشتوانی شاری سلێمانی دەکرێ.

خزمەتگوزاریەکانی پرۆژەی دڵی شار بیوێنەیە، جگە لەدایەنگەو باخچەی ساوایان و بازاری هاو چەرخ و خوێندنگە، 25٪ی باخچەو سەوزاییەو هەموو شوقەیەک پارکی تایبەتی هەیە.

**پرۆژەی دڵی شار دوای تەواو بوون دەبێتە جوانترین پرۆژەی نیشتەجێبوون لەکوردستان و عێراق**

BAREZ 2002 company

سەنتەری زانیاری کۆمپانیای بەڕێز
0535252 5252

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩